PDF 4 KURD

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# کەرکووك و ناوچەی گەرمیان و
# مافی کۆنترۆلکردنیان لە لایەن کوردەوە

د. جەمال ڕەشید ئەحمەد

# کەرکووک و ناوچەی گەرمیان و مافی کۆنتڕۆڵکردنیان لە لایەن کوردەوە



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

کەرکووک و ناوچەی گەرمیان و
مافی کۆنتڕۆڵکردنیان لە لایەن کوردەوە

- نووسینی: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال ڕواندزی
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: ٢٦٧٤
- نرخ: ١٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٢٨)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com



PDF 4 KURD

## ناوەڕۆك

پێشەکی ........................................................ ١
پاشەکییەکی مێژوویی کەرکووك و گەرمیان ..................... ٥
تورکمان و شۆڕبوونەوەیان بۆ ناوچەی گەرمیان و شاری ......... ٣١
کەرکووك لە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانیەکاندا ........................... ٤٢
چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك لە ژێر تیشکی رووداوە ......... ٦١





PDF 4 KURD

# پێشەکی

لەگەڵ ئاڵۆزبونەوەی دۆزی کەرکوك و ناوچەی گەرمیان و نەلکاندنیان بە کوردستانی باشوورەوە بە پشتگوێ خستنی بەندی ١٤٠ ی دەستووری عیراق لەلایەن گشت سەرەك حکومەتەکانی عیراق و نوێنەرانی عەرەب و تورکمان لە پەرلەمانی ئەم وولاتەدا و بەرپەچ دانەوەی ئەم سیاسەتە لای فەرمان ڕەوایانی جیهانی عەرەب وای لێکردین بیروڕایەکی زانستییانە لەم بوارەدا و لەژێر ڕۆشنایی چەند راستییەکی مێژووییدا پێشکەش بەگەلی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، کە زووتر ئەم دۆزە وایان لە پسپۆڕێکی وەك ج.س. ئیدمۆندز راوێژکاری بریتانی لە بواری گیروگرفتی کورد لەعیراقدا کردبوو، کە لەکاتی سەرهەڵدانی دەوڵەتی عیراق چەند خاڵێکی گرنگ لە راپۆرتێکیدا پێشکەش بە عصبة الأمم (کۆمەڵی گەلان) بکات و لەفایلی ژمارە ١٤و١٣ بە نهێنی بۆ حکومەتی بریتانیا لە هیندستاندا دایڕشتبوو File No. 13/14 VI Secret- Kurdish Policy New Delhi- India (هەروا بڕوانە لاپەڕەکانی (١٧٥- ١٨٤) ی کتێبی د. عثمان علی لەژێر نێونیشانی- الكورد في الوثائق البريطانية ـ هەولێر ٢٠٠٨) لە خاڵی سێهەمی ئەم راپۆرتەدا، کە بەباری ژیان لە کوردستانی باشووردا پێوەستە، ئیدمۆندز لە بابەتی ئیدارە و خوێندن وباری ژیانی دانیشتووەکانی دەکۆڵێتەوە و پاش ئەوەی نەخشەی رەگەزی (عرقی) لە رۆژی ١٤ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٩ ز تێدا شی دەکاتەوە دەڵێت:

«باشترین نەخشە بۆ روونکردنەوەی گروپە رەگەزییەکان لەکوردستانی باشووردا نەخشەی ژمارە چوار و پێنج و شەش و هەفتە، کە پابەندن بە راپۆرتی کۆمەڵەی گەلان کە لە ساڵی ١٩٢٥ داڕێژراوە و لە هەموویان روون و پوختتر نەخشەی شەشەمیانە، چونکە لەم نەخشەیدا بابەتانە وەزعی دانیشتوانی ویلایەتی موسل شی کراوەتەوە، کەچی لە راپۆرتی (ژمارە پێنج) ی کۆمەڵەی پاشایانەی جوگرافی بریتانی



کە لە ساڵی ١٩١٠ ی زاینیدا داڕێژراوە هەروا لە راپۆرتی (ژمارە چوار) دا سنووری ناوچە کوردییەکان بە ئاشکرا لە خاکی عەرەب جیانەکراوەتەوە»، پاشان ئیدمۆندز لە خاڵی ٣١ (سی و یەکەمدا) دەڵێت: «لە بواری دابەشکردنی ئامارەکان (إحصائيات) لە لیوای کەرکوك و هەولێردا بۆ چوونەکانی فەیسەڵی یەکەم لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد تیایاندا وامان لێ دەکات، کە بڵێین، بۆ چوونێکی نارێکن، چونکە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی لیوای کەرکوك و هەولێر، دوور لە راستییەوە، کراون بە بەشێك لە خاکی عەرەب. وادیارە ئەم بۆچوونانە لە گرنگیی ئەم ناوچانە و لە هەڵسەنگاندنێکی ستراتیژی سەرکردە عەرەبە توندڕەوەکانی عیراق و لە بیرێکی بەهەڵەداچوو لە خوێندنی نەخشەی ژمارە چوارەکەی حکومەتی بەریتانیا هەڵدەقوڵێت»، هەر بۆیە ئیدمۆندز لە خاڵی سی و سێ ی راپۆرتەکەیدا ژیمانە دەبینێت، کە لە کردنەوەی فایلی باری رەگەزی (یان نەتەوەیی) لە لیوای کەرکوك و هەولێردا دووبەرەکییەك لەنێوان کورد و عەرەب پەیدا دەبێت چونکە بۆچوونی سەرکردە عیراقییەکان وا لە کوردەکان دەکات داوای ناوچەکانی خۆیان لە خواروو و لە رۆژهەڵاتی باشووری کەرکوك (واتە گەرمیان) و ناوچەکانی رۆژئاوای باکووری موسل (شێخان و العشائر السبعة) بکەن، کە هێشتا نەکراون بە بەشێك لە لیوای دهۆك، جا بۆیە ئەگەر حکوومەتی بەغدا بەو بۆ چوونەی خۆی بەردەوام بێت ئەوا گیروگرفتی گەورە بۆ خۆی دروست دەکات و بە ئاسانی کۆتایی پێ نایێت. بەپێ ی ئەو زانیاریانانەی کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کۆکرابوونەوە ئیدمۆندز لە خاڵی ٣٤ دا واتای هەرێمی کورد (واتە کوردستانی باشوور) بەم جۆرە واقعییە شی دەکاتەوە:

«پێویستە لەسەر حکومەتی عیراق دان بەوەدا بنێت، کەوا بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمی کورد لە لیوای سولەیمانی و هەولێر و کەرکوك دەبێت پێك بێت سەرەرای ئەوەی لە دوارۆژدا لیوایەك بەنێوی دهۆکیش دەتوانرێت پێی بلکێنرێت، چونکە زۆربەی دانیشوانی لیواکە هەر دیسان لە کورد پێك دێن».

لە لایەکی دییەوە ئیدمۆندز لە خاڵی چلدا لادەکاتە لە بەشێك لە دانیشتوانی کوردستانی باشوور، کە تورکمانن و دەڵێت «لەو دوو ئامارەی ساڵانی ١٩٢١ و



PDF 4 KURD

١٩٢٧، تورکمانەکان هەرچەندە رۆڵێکی گرنگیان لەناو شاری کەرکوکدا گێڕاوە، بەڵام کەمایەتییەکیان لە چاو کوردەکاندا دەنواند. گەورە پیاوانی ئەم شارە لە تورکمان، و لەو کوردانە لەژێر فشاری عوسمانییەکاندا بوون بە تورکمان، داوایان لە ئیدارەی بەریتانی کرد کەوا زمانی تورکی هەر وەکو جاران (واتە چەرخی عوسمانی) هەر وەکو خۆی بسەپێنرێتە سەر هەموو دانیشتوانی لیوای کەرکوك، کە کوردەکان زۆرینەن تێدا و ئەم ئامانجە لە دواییدا هاتە دی)).

پاش ئەوەی ئیدمونز باسی تێکەڵبوونی تورکمان بەکوردەوە دەکات لە خاڵی چلودوودا دوارۆژی کەرکوك ریالیستییانە بەم جۆرەی خوارەوە دەبینێت:

«لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەی کە باسمان کردن و لە پەرەگرافی دەی راپۆرتەکەمدا پێشنیازم کرد، کەرکوك دەبێت وەکو لیوایەکی کوردی، دانی پیابنرێت و پێویستە پشتگیری لەم راستییە بکرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا تورکمانەکان لەناو کورد و هەروەها لەناو عەرەباندا بتوێنەوە، بەڵام پێویستە فێری کوردی و عەرەبی بن بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئیدارەی حکومەتی عیراق، چونکە سەردەمی بەکارهێنانی زمانی تورکی لە ئیدارەی دەوڵەتی عیراقدا بەسەر چوو و لە کاتێکیشدا ئەگەر هات و لیوای کەرکوك بە لیوایەکی کوردستان اعتبار بکرێت، دەبێت ناحیەی (قەرەتەپە) ی لێ جیابکرێتەوە و ببەسرێتەوە بە لیوای دیالە و دانیشتوانی ئەم ناحیەیە لە ٥٠٠٠ کەس پێك دێت و بەرەبەرە هەندێ هۆزی عەرەبی پاشکەوتوو لە باشووری رۆژئاوای لیوای کەرکوك پەیدابوون و چەند کەسێك لە جبورییەکان گەیشتوونەتە سەر زێی بچووك (مەلحە)، بەڵام عوبەیدییەکان هێشتا لە جبل حمرین (شوبایشە) و ٥٠٠٠ کەسێکیان لە خوار قەرەتەپەن. ئەم بۆ چوونە ریالیستییانەی ج.س. ئیدمونز لەسەر بناغەی ئاماری نەژاد و رەگەزی دانشتوانی کەرکوك دامەزرابۆوە، کە لەخاڵی ٣٧ی راپۆرتەکەیدا بەم جۆرەی خوارەوە توانیبووی دەستنیشانی بکات هەر وەکو دەڵێت: «ئێستا بەیاناتێکی بەدیقەت و راستمان دەربارەی کەرکوك پاش ئامارکردنی دانیشتوانی ساڵی ١٩٢٨ بەدەستەوەیە و ئەم ئامارە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کەوا ژمارەی کوردەکان ٧٧٥٩٧ کەسن



تورکمانەکان ٧٨٦٣ کەسن و عەرەبیش ٣٧٠٠ کەسن، جوولەکە و خرستیانانیش ٣٧٠٠ کەسن، بەڵام ئەم ئامارە لە ناحیەکانی قەرەتەپە و مەلحە تەواونەبووە، جا ئەگەر ٧٨٥ کورد و ١٦١١٠ عەرەب و ٩٤٥ تورکمان و ١٨ جوولەکە لە پاڵ ٢٠ هەزار کوردی دانیشتوانی قەڵا سێوکە و چەمچەماڵ بخەینە سەر ئەم ئامارە، ئەوا ژمارە دانیشتوانی لیوای کەرکوك بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت بخوێنرێت:

| ساڵ | کوردەکان | تورکمان | عەرەب | جوو خریستیان | گشت |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١٩٢١ | ٢٠٠٠٠+٦٥٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ٢٠٠٠ | ١٣٢٠٠٠ |
| ١٩٢٨ | ٧٨٣٨٤ | ٢٩٦٨٧ | ٢٣٩٧٥ | ٣٧١٨ | ١٣٥٧٦٤ |

جا ئەگەر ئەم راستییانە لەگەڵ هەڵسوکەوتی سیاسەتی رژێمەکانی دەوڵەتی عیراق لە کوردستانی باشووردا چ بە سیاسەتی تەعریب و داگیرکردنی هەموو ناوچەکانی گەرمیان و هەڵسەنگاندنی جەنگێکی گشتیی جینۆسایدییانە دژ بە نەتەوەی کورد وامان لێ دەکات دەوڵەتی عیراق هەر لەسەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ بە تاوانبار بزانین دەرحەق مافی مرۆڤایەتیی نەتەوەیەکی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هیچ جۆرێك مەرجە میللییەکانی لاواز نین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی و سزادانی دوژمنەکانی، بۆیە ئەم کتێبەمان مافێکمان بۆ روون دەکاتەوە کەوا وەك جوولەکە لە ئەڵمان ولیبییەکان لە ئیتاڵیا کورد داوای (تعویض) کردنی قوربانیانی رۆڵەکانی لە حکومەتی بەغدا بکاتەوە و بیکەن بە فایلێکی تایبەت و بنێرن بۆ کۆمیتەی گەلانی یەکگرتوو (الامم المتحدة) کە لە جیاتی کۆمەڵەی گەلان سەری هەڵهێناوە.

د. جمال رەشید ئەحمەد

هەولێر ٢٠٠٨

## پاشەکییەکی مێژوویی کەرکووك و گەرمیان

کەرکووك، هەروەك لە ئینسیکلۆپیدیای بریتانیـدا تۆمـارکراوە، کەوتۆتـە بـەر رووی چیاکانی زاگرۆس لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا:

[ Kirkuk is located near the foot of the Zagros Mountains in Kurdistan region of Iraq».

وەك دیاردەیەکی مێژوویيش، قەڵای پیرۆزی ئەم شارە لە ناوچەی گەرمیان، کە لە چەرخی ئیسلامیدا بە (شەرزور) نێوبانگی دەرکردبوو، هێژ لە بەرە بەیانی چەرخی نووسیندا وەك مەڵبەندی خوداوەندان لە لایەن سوبارییەکانەوە بە نێوی (کەرخی) ناوابۆە، پاشان لە ناوەڕاستی هەزارەی دووی پێش زاییندا ئەم مەڵبەندە وەك قەڵای شارەکەی شیلوا تیشوپ برای پادشای هەرێمی ئەڕاپخا بە شێوەی (دیمتو شیلوا تیشوپ) ناسراوە، Arrap<u>h</u>a ئەڕاپخاش لە کوردستاندا هەر لە سەرەتای چەرخی مێژووییەوە وەك دەرگایەك بەرامبەر چیاکانی زاگرۆس بە یەکێك لە شارە هەرە کۆنەکانی جیهان دەژمێردرێت، کە تاوەکو ئەمڕۆ خەڵك تێدا گوزەرانی دەکات. لە لایەکیدیەوە ئەڕاپخا Arrap<u>h</u>a، کە ئەمڕۆ ئەم نێوە لە لایەن دانشتووانی شاری کەرکووك گۆڕدراوەتە ئەرەفە (عرفە)، بە پێی ئەو هەواڵەی، کە لوکال ئانی موندو سەرۆکی شاری ئادابا (تل بسمایە) لە سەرەتای هەزارەی سێی پێش زاییندا تۆماری کردووە، بەشێك بووە لە وڵاتی (کوتیوم Quti–um)، کە بە وتەی سۆمەرییەکان دەکەوتە نیوان هەرێمی ئووربیللوم U r – Bill – um (هەولێر) و زێی بچووك لە باکووردا ورووباری ئەلوەند و هەرێمی خەممازی لە بەرزاییەکانی چیای حەمرین لە باشووردا، بەڵام لە نووسراوەکانی هەزارەی سێی پێش زایین ئەم هەرێمە بەشێك بووە لە زەوییە داگیرکراوەکانی شاروکین (سەرجون)



پادشای شاری ئەکەد (٢٥٣٠ – ٢٤٧٣ پ. ز) ، هەندێ درەنگتریش، بە پێی وتەکانی نارام سینی ئەکەدی (٢٢٦٠ – ٢٢٢٣ پ. ز.) یان هەر وەك پادشای شاری ماری، بە شێوەی (ماتوم علیتوم) نێوی دەبات، چونکە (ئەڕاپخا) بەشێك بووە لە ناوچە بەرزاییەکان (عەلیاتیم) لە وڵاتی سوبارتو دا، کە سنوورەکەی لە باشووردا پاڵی دابۆوە هەرێمی لوبدی (واتە جەلەولای ئەمڕۆ)، کە لە وەرزی زستاناندا ئەم ناوچەیە لە لایەن شوانانی کوتی Guti وەك لەوارگە بەکار دەهات و لەلایەن ئابووری وبەرهەمی کشتوکاڵیەکانییەوە ناوچەیەکی دوڵەمەند بووەو دانشتووەکانی بە بازاڕگانییەتی بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵ وپێستی مەڕو بزنی کوتی نێوبانگێـکی زۆریان دەرکردبوو، کە هەر لە کۆنەوە (لە هەزارەی سێی پێش زایینیەوە) بە سومەری بە دارشتنێك پێیان دەگوت SIG gu. Ti. Um, (Siptum > qutu. T (um وبە کاریگەری هێرشکەرەکانی ئەکەدیەکان لە ژێر سەرکردایەتی شاروکین ونارام سین و مانیشتیسو، بێجگە لەوەی وڵاتی خۆیان پڕ کرابوو لە زێڕ و زیو و لازورد و مس ومەعدەنی دیی تاڵانکراوی وڵاتی کوتیوم، هەزارەها دانشتووانی عەلیاتیم لە سوبارییەکان، بە پێی وتەی د. أحمد أمين سليم (دراسات فی تأریخ الشرق الدنی القديم، بيروت ١٩٨٩، ص ٢٦٩) وەك دیل بەند کردبوو گواستبوونیانە شارەکانی خۆیان لە خوارووی عێراقدا. لە کۆتایی هەزارەی سێ (بە تایبەت لەساڵی ٢١٢٠ی پێش زایین کاتی فەرمانڕەوایی گودێیا لە شاری لەگەشدا)، سۆمەرییەکان لە کوتیوم وکەرکووکەوە بە هەمە چەشنە بەرهەمی خواردەمەنی وەك گەنم و جۆ و ئاسن و مەعدەنی دی دەگواستەوە وڵاتەکەی خۆیان.

دوا بە دوای هێرشەکانی پادشایانی شارەکانی سۆمەر وەك شولگی (١٩٨١ – ١٩٧٣ پ. ز.) و کوڕەکەی ئامارسین، بێجگە لە سەرۆکانی کوتییەکان، دەستەڵاتدارانی گەلی حوری، بە پێی وتەی مێژوونووسێك وەك و. و. هۆڵ، W. W. Hall, دەستیانکرد لە هەرێمی ئەڕاپخادا فەرمانڕەوایی بکەن (بڕوانە



PDF 4 KURD

The Road to Emar, 18 Journal of Cuneiform Studies, New Haven, 1964, PP. 57 - 88 ).

بەم جۆرە، هەر وەك خوالێخۆشبوو مامۆستا تۆفیق وەهبی لە وتارێکیدا دەربارەی کەرکوك (بڕوانە توفيق وهبي بك، الآثار الكاملة، الجزء الأول، السليمانية ٢٠٠٦م، ص ٢٤٧، إعداد رفيق صالح﴾ دەڵێت [هەواڵەکانی ئەڕاپخا لە نووسراوە بزمارییەکاندا (مەبەستیشی تابلۆکانی شاروکین و نارام سینی ئەکەدییە) پێش هەواڵەکانی ئووربیللوم (هەولێر) تۆمارکراوە] و دەستەڵاتدارە ناوچەییەکانی وڵاتی سوبارتو بۆ سەردەمێکی کورت کەوتبوونە ژێر فەرمانڕەوایی سۆمەری و ئەکەدییەکان، بەڵام لە سەرەتای هەزارەی دووهەمی پێش زایینەدا ئەم دەستەڵاتدارە ناوچەییانە (بەتایبەت دەستەڵاتدارە حورییەکانی ئەڕاپخا) لەگەڵ ئەوانەی سەرووی سوریادا کەوتبوونە ژێر کۆنترۆڵ وکاریگەری کولتووری پادشایانی ئیمپراتۆرێتی میتاننی هەروەك لەو مۆرەی یۆرگان تەپە (شاری نوزی کۆن) خوار کەرکووك بە ٢٥کم نزیك ناحیەی لەیلاندا دەردەکەوێت، کە کاتەکەی دەگەڕێتەوە سەدەی شانزدەهەمی پێش زایین و تێدا دەستنیشانی ئەوە کراوە، کە پادشایەك بە نێوی شوتتارنا (پاراتارنا) کوری کیرتە لە ساڵی ١٥٢٠ی پێش زایین لە سەرووی مێسۆپۆتامیادا هەر لە کەرکووکەوە تاکو زەریای سپی سەرکردایەتی وڵاتی مەیتانی کردووە:

Sh-ut-tar-na $^{mar}$ Ki-ir-ta Shar $^{mar}$ Ma-i- ta-ni

لە لایەکیدیەوە، لە نامەبەکی پادشای میتاننی شاوشەتتار (راستگۆ) دا، کە بۆ ئیتخی تیللا پادشای کەرکووك نێراوەو لە ئەرشیڤی شیلوا تیشوپی براکەی لە یۆرگان تەپەدا دۆزراوەتەوەو کاتەکەی دەگەڕێتەوە ساڵی ١٤٢٠ پ. ز. وا دەردەکەوێت، ناوچەی گەرمیان بە وڵاتی ئاشووریشەوە لە ژێر دەستەڵاتی سیاسی میتانییەکاندا بووە. دیسان لە یۆرگان تەپەدا نامەیەکێدی بەرچاو کەوتووە، کە پێوەندی بە کۆچی دوایی باوکی پادشای میتاننی پارشەتاتارەوە هەیە (کە شێوە



ئێرانییەکەی ئەم نێوە بۆتە پارسەخشاپرا) و لە هەمان شوێن بینراوە، ئەمە بێجگە لەو نامەیەی ئیدریمی پاشای ئەلالاخ (تل عطشانەی ئەمرۆ لە سەرووی شاری حەلەبدا)، کە لە سەر پتێك بۆ شوتتارنا (دانشتووی پیرۆزگە) وەك سەرداری خۆی ئاراستە کردبۆوەو لە نێو پاشماوەکانی ئەرشیڤی ئەم مەڵبەندە مێژووییە بینرابۆوە. لەم هەموو بەڵگانە وا دەردەکەوێت بە گشتی ناوچەکانی نێوان کەرکووك تاکو زەریای سپیی نێوەڕاست لە نێوەڕاستی هەزارەی دووی پێش زایینەدا لە ژێر کۆنترۆڵی باپیرە دێرینەکانی کوردی چینە ئارییەکانی ئیمپراتۆرێتی میتانیدا بووە و پلەی کولتووری ئەم هەرێمە بە هیچ جۆرێك کەمتر نەبووە لە کولتووری ناوچەکانی دی وڵاتی مێسوپۆتامیا. هەر وەك مێژوونووسی ئەڵمانی بە نێوبانگیش مانفرید مایرهۆفەر M. Mayrhofer لە Die Indo-Arier Im Alten Vorderasien, Wiesbaden, 1966, s. 30 دەڵێت [دەوڵەتی میتاننی لەم پلە مێژوویەدا سەرهەڵدابۆوە] ئەدوارد تۆماس یوسف Edward Joseph Thomas لە کتێبیکیدا بە نێوی The Indo – Iranians and their Neighbours, Indo – Iranian Studies, London 1925, PP. 179 – 183 دەڵێت بەشێك لە چینی ئوروستۆکراتی ئارییەکان، بە تایبەت سوارە چاکەکانی کە بە Maryan-nu (مێران) نێودار بوون رۆڵێکی گرنگیان لە جەنگەکانیاندا بینیوە و لە هەزارەی یەکی پێش زایینەدا بە پێی نووسراوەکانی پادشایانی ئاشوور ئەم مێرانانە لە سەرەتای هەزارەی یەکی پێش زایینەدا لای مادەکانی سەر رووباری زێی بچووك بە نێوی ئەسپەبارا (سبارە > سوارە) ناسراوبوون و لە کەرکووك و لە شارۆچکەکانی دەوروبەریدا (واتە لە گەرمیاندا) وەك دەستەڵاتدار نیشتەجێ بووبوون. هەرچۆنێك بێت تێگلات نەرتی یەکەم (١٢٥٥ – ١٢١٨ پ. ز.) وەك یەکەم داگیرکەرێکی ئاشووری توانی دەستبخاتە سەر کاروباری هەرێمی ئەڕاپخا، کە پاشان لە لایەن شیلهاك ئەنشوشیناکی عیلامی (١١٦٥ – ١١٥١ پ. ز.) دەرکراو راو نرا، بەڵام ئەدەد نیراری دووهەم (٩١١ –

٨٩١ پ. ز.) له تابلۆییکدا رامان دەگەیێنێت، کەوا هەرێمی ئەراپخای سەر لە نویّ هێنایە ژێر رکێفی دەستەڵاتداری ئاشوورییەکان ، کە لە کاتی فەرمانڕەوایی شەمشی ئەدەدی پێنجەمدا (٨٢٣ — ٨١٠ پ. ز.) ئەم هەرێمە بوو بە بارەگای جێگری پادشای ئاشوور و لە کاتی فەرمانرەوایی شاروکینی ئاشووری بەنێوبانگ (سەرجون ٧٢٤ — ٧٠٥ پ. ز.) و هەروا سەنحاریب (٧٠٥ — ٦٨١ پ. ز.) لە جیاتی دەستەڵاتداری چینێکی میتاننی سەر بە گرووپی ئارییەکان لە لایەن بەرێوەبەرایەتی سیاسییەوە بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆرێتی دەوڵەتی ئاشوور.

بەم جۆرە، لە وڵاتی کوردەواریدا هەر لە پێش ٤٠٠٠ ساڵ لەمەو بەر، ئارییە کۆنەکانی پێش مادەکان (واتە میتاننییەکان) پلە بە پلە دەستیان کردبوو بە چاندنی بناغەی فەرهەنگێك و شێوەزارێکی گوتن سەر بە هەمان گرووپی سانسیکریتییەکانی هیندستان و درەنگتر پاش هاتنی هۆز و تیرەکانی ماد بۆ ئەم وڵاتەو دوا بە دوای دابەشبوونیان لە ناوچە بڵندەکانی چیای زاگرۆس و تورۆسدا ئەم فەرهەنگە میتاننییە لە چوارچێوەی کولتووری جیهانی مادەکاندا توایەوە، کە بە بیروباوەڕی ئێمە ئەم دیاردەیە، وەك بنەچەیەکی زمانەوانی کوردی لە پرۆسێسی کوردیزاتسیۆندا Kurdization لە ناوچەکانی کەرکووك و دەوروبەریدا جێی خۆی دیبۆوە، بۆیە دەتوانرێت بگووترێت، کەوا جەنگاوەرە چاکەکانی مێرانی میتاننی و پاشان ئەسپەبارانی (ئەسپ سواران)ی مادەکان توانیان هۆز و عەشائرەکانی خۆیان تا وەکو رووباری فورات و بیابانەکانی رۆژئاوای عێراق بڵاو بکەنەوەو بناغەیەك بۆ سەرهەڵدانی مەرجە نەتەوەییەکانی کورد لە مێژوودا لە ناوچەی گەرمیانیشدا دابنێن. دەتوانرێت ئەم راستیە مێژووییانە لە نێوی خوداوەندان وکەسیەتیەکانی جیهانی ئاری وڵاتی گەرمیان بەرچاو بکەوێت، کە بە روونی لە تابلۆکانی کەرکووك و یۆرگان تەپە (نوزی) نزیك لەیلان و کەروخانی و پاشان لە شمشارە (شوششارەی کۆن)ی دەشتی رانییە بە دیار دەکەون . زۆر لەم تابلۆیانە هێژ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەن ئەرکیلۆژ و مێژووانی زانکۆی



هارڤاردی ئەمەریکی (H.SS,IX,1)و درەنگتر لە شاری کۆپنهاگن لە دانیمارکدا لە لایەن لیسۆ J. Lessoe و هەروەها درەنگتر لە لایەن کەترزینا گرۆس K. Grosz شیکراونەتەوەو لە وتارێکی ئیگنەشی گێلب و پییر پورڤێس و ئالان ماك رای بە پشتگیری زانکۆی شیکاگۆ ساڵی ١٩٦٣ز دەربارەیان کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە بڵاوکراوەتەوە و پاشان ئەم بەرێزانە لەگەڵ چەند پوسپۆرێکی ئەرکیولۆژی دی توانیویانە نێوە هیندییە — ئارییەکانی یورگان تەپەی گەرمیان لە نێوە زاگرۆسییەکانی ناوچەیی جیا بکەنەوەو لە وتارێکدا بە نێونیشانی ( A.MAC RAE, Nuzi Personal Names, The University of Chicago, Oriental Institute Publication, Chicago – Illinois, 1963) بڵاویان بکەنەوە.

لە لایەکیدیەوە، لە کۆتایی سەدەی رابوردووشدا کەسێك وەك لاچیمان توانی هەندێك لەو نێوانە، کە لە مۆزەخانەی بەغداو یا لێ پارێزرابوون شی بکاتەوەو بەم نێونیشانەی خوارەوە بڵاویان بکاتەوە:

Ernest. R. Lachman, Tablets From Araphe and Nuzi in Iraq Museum, Sumer, vol.XLII, No. 8, Baghdad, 1986; Tablets From Arraphe and Nuzi In The Yale Babylonian Collection. ,Sccc NH

.Quoted as Yale + Publication Number

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر لە ناوچەی گەرمیاندا هێژ لە سەرەتای هەزارەی دووی پێش زایینیدا گەورە پیاوانێك وەك (موش تیشوپ و شیلوا تیشوپ و شیمیکاری وکای تیللا و تخیپ تیللا) و خانمانێك وەك (شیلوا توری و شاکوتو و نوپاری) نازنێوێکی حوریان پێ بەخشرابێت ئەوا بێجگە لە نازنێوە هیندۆئارییەکانی ناوچەی کەرکووك پاشایانی میتاننی وەك سوارداتا (خۆردات) و ساتتوارا (سەرکەوتوو) و کرتە سورا (کردە خۆرا)و ئەرتادامما (پەیمان پارێز)و توشراتا (گالیسکەدار) و هەروا

شونە سوراو کوندە سپی ... هتد  کۆمەڵێك لەم جۆرە نێوە هیندوئاریانەن کە دیسان لە تابلۆکانی یۆرگان تەپپە (نوزی)دا لە پاڵ  (ئەرتا — منا، ئەتتا — شاما، ئەو — دورتا، کەلما — شورا، ناما — زانی، بیدا — ئەرتا، بیدا — شورا، بریا، بریا — شورا، ریا — زانا، شاریما — شورا، شاتتا — واژە، شومالا، شومالیا، شو — ماترا، توشمی — مانا، ئەمپی — زینا، ئەشو — زانا، توتا — زینا ... هتد) بەرچاو دەکەون.  ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێ نێوی خوداوەندان وەك ئاسورا (ئاهورا یان رۆشنایی ئاسمان) و بەگ یان بەگە (سەردار)و میترا (میهرا یان میر) و نێوی پاشایانێك  وەك ئەرتەمانیا (پەیماندار)و ئیندروتا (لە ژێر رەحمەتی ئیندرادا)و شەتتوارا (سەرکەوتو)و مەتی واژە (بڵند واژە) لە پاڵ چەند  وشەیەکی دی میتاننی بەدیار دەکەون سەرەڕای وشەکانی ئەسوا (ئەسپ یان ئەسو)و سوارەی مێران، کە بە ئەکەدی بە شێوەی (راکب نەرکەبتی) نێودار بوون  (بروانە بە ئینگلیسی ووتارەکەی گوتەربۆك لە کۆڤاری ئاسوریلۆجی  H. G. Guterbok, ZA (N. F., 10), s. 116 )  هەروا ئەو وشانە کە لە نووسراوەکەی کیکولی ئەسپەوان (ئەسواسان یان ئەسپە سان)ی میتاننی، کە لە حەتتوشای پایتەختی حیتییەکان دۆزرابۆوە لە پاڵ  چەند ووشەیەك وەك ئەسوا رڤێسە (ئەسپ رەیس)و وەرتەنێ (وەردان)و ئیکا (یەك) و پەنتسا (پێنج)و نەوا (نۆ) (بۆ ئەم وشانە بڕوانە وتارەکەی هرۆزنی  B. Hrozny, Trenovani Koni Pred Chtyrmi Tisiciletimi Jezedec a chovatel I, (1933) ئەوە دەسەلمێنێن کەوا لە پاشماوەی ئیمپراتۆرێتی میتاننیدا  و لە نێو جیهانی زمانەوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەك تورکی و عەرەبی و سوریانی، بەڵکو تەنیا زمانی کوردی هێژ لە سەرەتای چەرخی مێژوویی سەرووی میسوپۆتامیادا خاوەنی ئەم کولتوورو ووشەو نێوانەیە. بە واتایەکی دی،  ئەم بەڵگە نامانەی کەرکووك و یۆرگان تەپپە و کوروخانی، بێجگە لە بڵندایییەکان و کوێستانەکانی کوردستان، کە پاش رۆخانی دەوڵەتی ئاشوور ساڵی ٦١٢ پ. ز.  مادده ئێرانییەکان  بە شێوەیەکی فراوان  تێدا



بڵاو بووبوونەوە ،  پاشەکی سەرهەڵدانی مەرجە میللییەکانی کورد لە ناوچەی گەرمیاندا لە چوارچێوەی جیهانی هیندۆ — ئاری میتاننییەکاندا  هەر لە سەرەتای هەزارەی دووی پ. ز. جێی خۆی گرتبۆوە.

هەرچۆنێك بێت وشەی گەرمیان لە زمانە کۆنەکانی گرووپە ئێرانییەکاندا، هێژ لە سەردەمی چەرخی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانیدا  (٥٤٩ پ. ز . — ٦٣٧ ز)  چمکێکی جوگرافی و ئابووری و مێژوویی دەگەیاند، بێگومان ئەم دیاردەیەش پاش بڵاو بوونەوەی نێویکی تۆپۆگرافی و سیاسی و بەرێوەبەرایەتی چەرخی هەخامەنشی وەك کوهستان بە دیار دەکەوت، کە کوهستانەکەش،  بە ئاشکرا دیارە، لە وشەی سوبیری سۆمەری و عەلیاتیمی ئەکەدی وەرگێڕدرابۆوە سەر زمانە ئێرانیەکان و درەنگتر لە عەرەبیدا بوو بە (بلاد الجبل) و لە زمانی کوردیدا هەر بە شێوە ئێرانییەکەی (کوێستان) بە واتای زۆزان مایەوە، ئەویش چونکە  کۆچەرانی کوردان  بە مەڕو ماڵاتیانەوە هاوینان پەنایان دەبردە ناوچە بڵندەکانی چیاکانی زاگرۆس و تورۆس و هەمیشە لەگەڵ داهاتنی وەرزی پایز و سەرمادا ئەم کۆچەرانە کوێستانیان بەجێ دەهێشت و لە سەرەتای وەرزی زمستاندا، لەبەر  پاراستنی ژیانی ئاژەڵیان پەنایان دەبردە خوار هەولێر و دەشتە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە و دەروبەری رووباری سیروان و دەشتەکانی کەرخینی (کەرکوك) و توزخورماتو (خومورددات یان خۆردات) تاوەکو دەگەیشتنە دەوروبەری خانەقین وئەڵوەند (ئەڵوەن < حلوان)، بۆیە لە تێکستە پەهلەوییەکانی ئەشکانی و ساسانیدا ئەم ناوچانە بە (گەرمەگان، گەرەمێك یان گەرمین) دەناسران و بەگشتی دەکەوتنە رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە، کە کسینۆفۆن ساڵی ٤٠١ پ. ز.  لە کتێبەکەیدا (ئەناباسیس) بە بەشێك لە وڵاتی ماددەکانی ناسیوینی و پاشان لە چەرخی هیللینیدا دوا بە دوای شەڕی گەوگەمیللا  (ساڵی ٣٣١ پ. ز.) ناوچەکەی بابا گورگوریش نزیك کەرکوك، کە لە نووسینەکانی پتۆلۆمایيوس بە کۆرکۆرا Korkoura  تۆمار کرابۆوە، بە مەڵبەندی پیرۆزی پەرستگەکەی ئەناهیتای



PDF 4 KURD

مادەکان دەناسرا، هەر بۆیە بەلای گرۆك و جوگرافی و نووسەرە گریکەکان، کە میژووی ئەلیکساندەریان نووسیوە وەك ئاریان و کورتسی روف و پلوتارخ (Arrian, anab. II, 17,7; Curt. IV, 10, 8; Plut. Alex. 31, 4) کەرکووك و دەشتەکانی خوارووی ئەم شارە بە جێنشینی مادەکان ناسراوە، پاشان هەر لە چەرخی هیللینییەوە، کە مەرجە میللییەکانی کورد لە گەرمیاندا و لە سەر زەمینەیەکی ماد و سەکەسدا گەیشتبۆوە ئەنجام، کۆچەرەکانی رەسەنی ئەم گەرمیانە بە پێی گۆرانکاری زەمانەوانییەوە لە جیهانی زاگروسییەوە بەرەو جیهانی هیندۆ — ئاری گۆڕدراون، کە لە بنەڕەتدا هێز لە سەردەمی ئاشوورییەوە (نیوەی یەکەمی هەزارەی یەك پ. ز.) ئەو کۆچەرە رەسەنانەی ئێرانی لە کۆمەڵێك هۆز و تیرەو ماڵبەندی ماد و سەکەس پێك دەهاتن و لە نووسراوەکانی پاشایانی ئاشوور کورتەکان (کۆرتی) لە نێو ئەم هۆزانەدا بەنێوبانگترین هۆزی ولاتی میدیا بوون و لە لایەن ئێرانیەکانەوە بە تیرەو هۆزانی کورتان (کۆرتان) یان مادیگان، کە درەنگتر بە(> کورتاند > کورتانج > کورمانج) نێوبانگیان دەرکرد ، کە هاوینان لە زۆزانەوە کۆچیان دەکردە ناوچەکانی گەرمیان و تێدا بلاودەبوونەوە، بەڵگەش بۆ ئەم راستییە لە سەردەمێکی درەنگتردا نووسەرانێکی گریکی وەك تیتوس لیڤیوس و پۆلیبیوس (Titus Livius, Xlii58, 13; Polybius XXXVII, 40, 9) دەڵێن کۆچەرانی کورت (واتە کۆرتان) لەگەڵ عەشائری دیدا وەك مەرد و کادوشی ساڵی ٢٢٠ پ. ز. لە ژێر فەرمانداریيەتی مۆلۆن سەرۆکی مادەکان دژ بە ئەنتیۆخوسی سێهەم وپاشان دژ بە رۆمانەکان شەڕیان دەکردو، هەروا لە شەڕەکانی سەر روباری سپیلیۆس بەشداری چەند شەڕێکیان کردبوو ولە ساڵی ١٧١ پ. ز. کاتێك ئەم کورتانە لە جەنگدا دژ بە کالینیکوس بوون یارمەتی پادشای پێرگامۆن ئەومینسی دووهەمیان دەدا، ئەم هۆزە مادانە لەگەڵ سەکەسەکاندا، بە پێی قسەی ئەم نووسەرانە لە رۆژهەڵاتی ئاسیای بچووك (کوردستان)دا دەژیان و بۆیە شاخێك وەك ماهکوە (ماد کوە)، کە کەتۆتە سەر سنووری ئێران وتورکیا لە ناوچەی شکاکدا وەك



بەڵگەیەکی تۆپۆنۆمی و مێژوویی هەر بە هۆزەکانی ماد پێوەستە هەر وەك چۆن سەکەسەکانیش نێوی خۆیان بە شاری سەقز بەخشیبۆوە و شاری مێردینیش بە کاریگەری نێوی مەردەکان نێوبانگی دەرکردووە. ئەوەی پێویستە لێرە بگووترێت، تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی لە کتێبی ئەڤیریانۆف (کوردەکان لە شەڕەکانی روس و عوسمانیدا) بە روسی نازنێوی کورد هێشتا بە شێوەی (کۆرتینی KopmuHu) تۆمار کراوە (بڕوانە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی لە لایەن ئەفراسیاب هەورامییەوە). لەسەر ئەم هەڵسوکەوتە مێژووییە، پلوتارخوس لە سەدەی یەکی پێش زاییندا رۆڵی کۆرت لە نیسێبین و لە دەشتەکانی بەرەو خواری ئەم شارە وەك قاموشلۆ و ئامودەو شنگار دەسەلمێنێت و پاشان لە ئامید (دیاربەکر)دا راپۆرتەکانی ئەفسەری رۆمانیی سەدەی چواری زایینی ئەمیانوس مەرکلینوس رۆڵی سیاسی و عەسکەری ئەم کۆرتانە لە دەوروبەری رووباری زێی گەورە و لە دەشتی هەولێریشدا دووپات دەکاتەوە. لە کۆتایی سەدەی یەکەمی پێش زاییندا جوگرافی یۆنانی سترابۆ (٦٣ پ. ز. — ١٩ ز) لە کتێبی ١٦ ی، بەشی یەکەم، بەندی چوارەمدا دەڵێت » پاش هەولێر و چیای نیکاتۆریم (قەرەچوخی ئەمرۆ) هێندەی بە دووری رووباری لیکوس (زی - ی گەورە) روباری کاپرس (زێی بچووك) دێت وئەو هەرێمانەی کەوتۆنەتە نێوانیان بە ئەرتەکێنی (لە راستیدا ئەدیابێنێ) بەنێوبانگن پاشان مرۆڤ دەگاتە کانیاوەکانی نەوت و مەڵبەندی ئاگرەکانی سەر زەوی و پەرستگەی ئەنێیا (واتە پەرستگەی ئەناهیتا لە بابا گورگوری ئەمرۆدا) دەبینرێت)).

لە پاڵ هەموو ئەم راستیە مێژووییانە، قەڵاکەی کەرکووك، کە لە سەرەتای مێژوودا بە نێوی کەرخی شیلوا تیشوب لە تێکستە حوریەکانی ناوچەیدا بەنێوبانگ بوو درەنگتر بە شێوەی کەرخا د بێت سەلوخ لای ئارامیەکاندا بە کار دەهات، کە بە ناوچەی (کەرکی یان کەرکینی) وەك شێوەی کوردوێنی وسۆزوفێنی و ئەدیابێنی لای یۆنانییەکان تۆماردەکرا، بۆیە لە لایەن سەلوکوس کالینیکوس (٢٤٦ — ٢٢٦ پ. ز.) بۆ یەکەم جار بە شێوەی کەرکینی نووسراوە.

هەرچۆنێك بێت، لەگەڵ داهاتنی سەدەی یەکەمی زایینییەوە زمانی ئارامی، وەك دیاردەیەکی فەرهەنگی، بە ڕێی بڵاوبوونەوەی ئایینی خریستیانییەتی لە ناوچەی شەقلاباد (شەقلاوە)و رواندز و هەولێردا بەرە بەرە بە ڕێی کەرکێنی (کەرکوك) کەوتە ناوچەکانی گەرمیان (گەرمین) تا لە دێهاتەکانی دەوروبەری چیای حەمرینیش دەستی کرد بە بڵاو بوونەوەو وای لێهات شاری کەرکوك پاش هەولێر لە چەرخی حوکمرانی پورتەکان و ساسانییەکاندا بە یەکێك لە نێوبانگترین مەڵبەندی جیهانی خریستیانان دەناسرا، کە لە ساڵی ١٠٠ی زایینییەوە دەستەڵاتداران و ئەندامی خێزانی پادشایانی سەکەس وەك خێزانی مۆنۆباز و شەهرەت لە هەولێر و ئێزدین لە خوار کەرکووکدا دوو دەوڵەتی خریستیانیان بە نێوی حەدیەب (ئەدیابێنی) و گەرەمای (گەرمیان)یان پێکەوە نابوو، کە پایتەختی ئەمەی دواییان کەوتبۆوە خوار توزخورماتوی ئەمڕۆ، بەڵام هێژ شوێنەوارەکەی بەرچاو نەکەوتووە و لە پاشاندا بە شێوەی ئەدینرگلوس و دومیتیان نێوبانگیان دەرکردووە، بەڵام مەترانییەتی گەورەی وڵاتی گەرمیان وەك بەنێوبانگترین مەڵبەندی کەنیسەکانی دەوڵەتی کەرکینی لە قەڵای کەرکووکدا دامەزرابۆوە ، کە بە داخەوە ئەم قەڵ دێرینە بە فەرمانی صەدام حوسەین لە کۆتایی سەدەی رابووردوودا خاپور کرا . ئەم خریستیانانەی گەرمیان، کە بە گیرامیك دەناسران و لە نووسراوە عەرەبییەکاندا بە جرمیق نێوبانگیان دەرکرد درەنگتر لە نوسینەکانی مەسعودی و ئیبن حوقەلدا لە پاڵ یەعقوبییەکاندا بە (الأكراد الجرامقة) دەناسران. بە پێی ئەم راستیە زۆربەی پیاوە ئایینەکانی کڵێسەکانی کوردستان وەك مەشیحا زخای هەولێر (سەدەی پێنجی و شەشی زایینی) و تۆماسی مەرگەی سۆران (لە سەدەی نۆی زایینی) و ناتانیالی شارەزوری کەرکوك وکەسانی دی لە بنەڕەتدا هەر کورد بوون، بەڵام بەرهەمی بیریان وەك پیاوێکی ئایینی خریستیانان بە زمانی پیرۆزی ئارامی بڵاوکردبۆوە و نێوی نەتەوەکەیان بە شێوەی (قورذایە، قورذانایە) تۆمارکردبوو، هەر بۆیە نێوی (گەرمین)ی کوردی بە شێوەی (بیت



گەرمیّ)ی ئارامی بەکار دەهێنرا، کە پاشان بە شێوەی (باجرمی) لە نووسینە عەرەبییەکانی چەرخی ئیسلامیدا بڵاوبۆتەوە، کەچی نێوی شاری کەرکینی (کەرکووك) لای یەکێك وەك یاقوتی حەمەوی (٦٢٦ هـ / ١٢٢٨ز) لە سەدەی سێزدەهەمدا گەڕایەوە شێوە کۆنەکەی خۆی و بوو بە (کەرخینی) کاتێك لە (معجم البلدان)دا دەڵێت [کرخینی، هي قلعة في وطأة من الأرض حصنة حصينة بين دقوقا واربل وهی تل عال، ولها ربض صغير].

هەرچەندە وەك زمانی عەرەبی لە چەرخی ئیسلامیدا بوو بە زمانی روحی کورتان (کورد) هەروا ئارامی لە سەرەتای چەرخی خریستیانیەتییەوە بووبۆوە زمانی پیرۆزی کڵێسەکانی دانشتووانی گەرمیان و ئەو ناوچانە کە کەوتوونەتە نێوان زێی گەورەو چیای حیمرین و هەواڵەکانیان لە ئەرشیڤی ئەم کڵێسانەدا لە لایەن قەشەو مەترانەکان دەنووسران و دەپارێزران و تیایاندا وا دەردەکەوێت زمانە تۆمارکراوەکە (کە ئەمڕۆ بە سوریانی نێوداره) کرابۆوە زمانی مژدەی پیرۆز (تەبشیر) و بە ڕێی بڵاوکردنەوەی ئایینی خریستیانییەتی لە لایەن قەشەو ڕەببەنەکان لە نێو عەشائرە زەردەشتییەکانی کوردەوە بەرە بەرە ئەم زمانە سامیە بڵاو دەبۆوەو تا وای لێهات کاتی هێرشەکانی مەغۆل وتورك بەسەر ئێراندا داشکا، ئەم قەشانە هەوڵیان دەدا بناغەی ئایینی شامانی لە نێویاندا لابەرن و پرینسیپەکانی ئایینی خریستیانییەتی بە زمانی سوریانی لە ناویاندا بڵاو بکەنەوە ، ئەمەش لە سەردەمێکدا بوو، کە هێشتا لە ناوچەکانی خوار کوردستان تا دەگاتە چیای حەمرین، بێجگە لە کوردە خریستیان وزەردەشتییەکان، میللەتێکیدی تێدا گوزەرانی نە دەکرد. کوردەکان، هەر وەك مێژووانی بە نێوبانگی ئیسلام تەبەری (الطبري) لە بەشی دووهەمی تأریخەکەیدا (لاپەرە ٢ چاپی قاهرە) دەستنیشانی کردووە، دەڵێت کەوا [لە پاڵ دانشتووانی دێهاتەکانی ناوچەی گەرمیان کە زۆربەیان زەردەشتی بوون موگەکان کاروباری ئایینییان بەڕێوە دەبردو بە موبدێك پێوەست بوون و هەندێ خێزانی خریستیانیشیان لە ناو پەیدا



PDF 4 KURD

بووبوو، كە لە لایەن قەشەی كلێسەكانی ئەو ناوچەیە نوێژو تاعەتیان بەڕێوە دەچوو. بەگزادەی ئەم دانشتووانە لە سەردەمی ساسانیدا لە قەڵاتی كەرخینی (كەركووك) نیشتەجێ بووبوون و بەگزادە زەردەشتییەكانیان بۆ نوێژی بەیانیان لە دەوروبەری ئاگردا كۆدەبوونەوەو بۆ خودای خۆیان دەپارانەوە]. لێرەدا دەتوانین وەك دیاردەیەكی مێژوویی ئەوە بسەلمێنین هەندێك لەو كوردانە كە لە زەردەشتییەتەوە بەرەو خریستیانییەتی باوەڕیان گۆڕیبوو گەیشتبوونە پلەیەكی باڵا لە كاری كەهەنووتی كلێسەكاندا، بەڵام بە داخەوە بە دەست دەستەڵاتدارانی ساسانی زۆربەیان لە نێوچوون وەك فەرهادی شارونایە (شێروانی) كە خەڵكی دەوروبەری رواندز بوو پاشان بە نێوی یەعقوب ناسرابوو و لە سەدەی شەشەمی زایینی بووبۆوە قەشەی گوندی لاسین خوار كەركووك پاشان لە بیت عەبهی لەسەر زێی گەورە كلێسەیەكی دروست كرد و ئەوجا لە كلێسەیەك نزیك میسیل كاری خۆی بەڕێوە دەبرد، لە كۆتاییدا بوو بە مەترانی بیت گەرەمای (گەرمیان) و لە كەركووك جێگیر بووبوو، هەروا نەرسی قەشەی شەهریقەد (پردێ) كە لە بێت جەرمێ (گەرمیان) كوردە زەردەشتیەكانی فێر ئایینی خریستانیەتی دەكرد، بەڵام بەنێوبانگترین كەسیەتی كورد لەنێو پیاوە ئایینیەكانی كلێسەكانی گەرمیاندا شاهدۆست بوو، كە لە سەرەتادا لە ناوچەی شارەزووردا شوان بوو و دوای ئەوەی بیری ئایینیی خۆی گۆڕیبوو بە نێوی صبر یەشوع ناسرابوو، پاشان گەیشتە پلەی جاتلیقی كەنیسەی گوندی لاشوم (لاسینی تەنیشت داقوق خوار كەركووك) و لە سەردەمی حوكمرانی شاپوری دووهەمدا لەگەڵ ١٢٨ خریستیانی كەركووك و گەرمیان بە هەڵواسین كوژرا. لە لایەكی دیبەوە كاتی فەرمانڕەوایی كیسرای دووهەمیشدا ناتەنیالی شارەزوری لەگەڵ كۆمەڵێك لە دانشتوانی شارەزور كە وازیان لە ئایینی زەردەشتی هێنابوو دیسان هەڵواسران ولە نێوبران. بە پێی نووسراوەكانی كلێسەكانی كوردستان دەتوانین بڵێین كەوا پێوەندی بەگزادەو سەركردە كوردەكان لەگەڵ بەرپرسیارانی كلێسەكاندا بە دوو شێوە رێك دەخرا، شێوەی



یەكەمیان بەو كەسانە پێوەست بوو كە هەستێكی باش ونیزیكایەتییەكیان لەگەڵ ئایینی خریستیانەتیدا هەبووە و بە پول و خواردەمەنی پشتگیریان لە قەشەو رەببەنەكان كردووە، ئەوانی دیان وەك عەشائری كەرتاوەیە بە هاندانی لێپرسراوانی ئایینی زەردەشتی بەرەنگاری كلێسەكانیان كردووەو ئەزیەتی خریستیانەكانیان داوە هەروەك تۆماسی مەرگە لە نووسراوەكانیدا بۆمان روون دەكاتەوە. هەرچۆنێك بێت ئەم دیاردەیە لە كەركووك و گەرمیاندا تاوەكو سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لە سەدەی هەفتەمدا هەر وەكو خۆی مایەوە و خریستیانەكان توانیان بە ئازادییەوە كاری خۆیان لە ناو كوردەكاندا بەڕێوە بەرن.

لە لایەن باری ئەتەمۆلۆژرویەوە، لە نووسراوە یۆنانییەكاندا، بەشێكی زۆری وڵاتی گەرمیان لە لایەن مێژوونوس هیراكلیوس بە شێوەی سیەزورون (كە شێوە بیزەنتییەكەی سیا رسورون یان سیا ورون)ە تۆمار كرابۆوە و لە چەند نووسراوێكی ئارامیشدا هێژ لە سەرەتای چەرخی خریستیانیەتیدا و پاشان بە پەهلەوی لە كارنامەكی ئەردەشێری پاپەگان دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیدا ئەم بەشەی گەرمیان بە هەرێمی سیەهرەژور (شارەزور) نێوبانگی دەركردبوو، كە قەڵاتی كەركووكیش ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئەم هەرێمە بووە. درەنگتر لە چەرخی ئیسلامیدا یاقوت الحموی لە موعجەمەكەیدا دەڵێت [أن شهرزور كورة واسعة في الجبال بين اربل وهمدان، أحدثها زور بن ضحاك]، بەڵام حمد الله المستوفی القزوینی دەڵێت ناوەندی ئەم هەرێمە بە (نیم أز راه) نێوبانگی دەركردووە (واتە نیوەی رێگای هەمەدان و پەرستگەی ئاگری زەردەشتیان لە ئازربایجاندا)، كە لە لایەن قوباد كوڕی فەیروزی ساسانی دروستكرابۆوە ! كەچی بە پێی بۆچوونی ئەرنست هرتسفیلد: (بڕوانە E. Herzfeld, The Persian Empire, Wiesbaden, 1968, P.158)

نێوی شارەزوور لە زاری مادەكانەوە بۆمان بەجێ ماوەتەوە، كە لە دوو وشە پێك هاتووە، یەكەمیان سپیتە > سویتە > سیتە > سیە spita > seta > sea

(واتە سپی) لە کاتێکدا ئەم وشەیە وەك سیاە (رەش) دێتە بەر چاو و مامۆستا تۆفیق وەهبی رێك ناکەوێت لە گەڵ شێوەکەیدا، کە لە هەندێ تێبینییەکانی ڤلادیمیر مینۆریسکیدا دوپات کراوەتەوە و دەڵێت نێوەکە بە شێوەی شە — رەزور (رەزی شاە)یش قبوولْ ناکرێت کە مینۆرسکی بە شێوەکەی ابن خورداذبە (٢٥٠ هـ — ٨٦٤ز) وابن الفقیه الهمدانی (٢٩٠ هـ — ٩٠٢ز) و یاقوت الحموی (٦٥٦ هـ — ١٢٥٨ز) لە پێشەکی کتێبی شاهنامەدا تۆماری کردووە (بڕوانە شەرەفنامە، لێکۆڵینەوەی ڤلیامینۆف زرنۆف، بەندی ١٠، ل ٢٠، بابەتی شەهرە زول. هەروا بڕوانە هەمان سەرچاوەی تۆفیق وەهبی پێشەوە ل ٢١٩) و دووهەم برگەی ئەم نێوە رەزور razur (واتە رەز)ە، کە بە هەردووکیان واتای (سپی رەز) یان (سیا رەز) دەگەینن . بە هەرچی جۆرێك واتای ئەم نێوە لێك بدرێت، چ وەك رەزی سیاە یان شاری وزە و هێز وەك ئەوەی لای فیردەوسی دەبینرێت، ئەمرۆ ئەم نێوە لای کوردەکان بە شێوەی شارە — زوور (واتە شاری خوار) هەر وەك نێوی (شێوە زۆر و گردە بۆر (بە کاردێت، سەردارانی هەرێمەکە لە مێژوودا بە وتەی حمد الله المستوفی القزوینی هەمیشە هەر کورد بوون [أن حکامها کانوا دوماً أکراداً].

لە لایەکیدیەوە ئەوەی زۆر گرنگە لەم بوارەدا، لەشکرەکەی ئەردەشێری ساسانی لە ساڵی ٢٢٦زاییندا، کە هێرشی بردبۆوە سەر هەرێمی شارەزور لە گەرمیاندا، پادشایەکی ماد بە نازنیوی کورتان شەهی مادگ لەوێدا ناودار بووە و لە لایەن ئەم کۆرتمادانەوە لەشکری ئەردەشێر تێك شکاوە و لە کارنامەدا ئەم هەواڵە بەم جۆرە خوارەوە تۆمارکراوە:

[پەس ئەژ ێن وەس سوپاە گونەد زاوول ئو هەمکەرت ئوکارژار کورتان شەهی مادیگ فروفەرت وەس کارژار خون ریژیشنییە بوت و سوپاە ئەرتەخشیر ستوبییە پتگرەفت ... هتد].

واتە بە پێی ئەم بەڵگە مێژووییەی ساسانیەکاندا دانشتوانی دەشتەکانی شارەزور، کە کەرکووك بەشێك بووە لێی، لە کورتماد (کورتمانج) بوون و لە لایەن



پادشایەکیان فەرمانڕەوایی کراوە وئەم کوردانە لە سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ساسانیدا (سەدەی سێی زایینی) بە چەك و لەشکر بەرگریان لە شارەزور و گەرمیان کردووە. لە چەرخی ئیسلامیشدا، بە پێی ووتەی بەلا **ذری** (لە فتوح البلدان، ل ٣٣١) ئەم هەڵسوکەوتە دیموگرافییە کوردییەی گەرمیان (بە شارەزورەوە) هەروەکو خۆی ماوەتەوە، کە بە ئاشکرا پاشان دەڵێت **[توجهت قوات عمر بن الخطاب بقیادة عیاض بن غنم و عُتبة بن فرقد نحو الجزیرة]،** واتە عمر بن الخطاب (عیاض بن غنم)ی لەم هێرشەوە گواستۆتەوە شارەزور بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام لە نیو کوردەکانی ئەویدا بلاو بکاتەوەو لەم بوارەدا ابن الأثیر لە کتێبەکەیدا (الکامل فی التأریخ، ج ٣) ئەم قسەیە دووبات دەکاتەوە و **دەڵێت:**

**[لما إستعمل عمر عزرة بن قیس علی حلوان حاول فتح شهرزور فلم یقدر علیها فغزاها عتبة بن فرقد ففتحها بعد قتال علی مثل صلح حلوان فکانت العقارب تصیب الرجل من المسلمین فیموت وصالح أهل الصامغان ودارباذ علی الجزیة والخراج وقتل خلقاً کثیراً من الأکراد. .].**

ئەوەی پێویستە لێرە بگووترێت، دانشتووانی گەرمیان و شاری کەرکووك، کە پاش داقوقا بە نێوی کەرخینی نێودار بووە (بڕوانە معجم البلدانی یاقوت الحموی)، لە چەرخەکانی ئومەوی و عەباسیدا بە دەست دەستەڵاتدارانی عەرەبی موسوڵمان زۆر چەوساونەتەوەو ئەم عەرەبانە هەوڵیان داوە دەوری سیاسی کوردەکان لەم ناوچانەدا کز بکەنەوەو بۆ ئەوەی بتوانن لە وڵاتیاندا نیشتەجێ بن. ئەوجا ئەم عەرەبانە بۆ یەکەم جار، وەك دەستدرێژکەر بە سەر وڵاتی کوردەواریدا هێرشان بردبێتە سەر هەرێمی شارەزور ، ئەوا ئەم دیاردەیە، بێگومان، پاش داگیرکردنی شەهرستانان (المدائن) ساڵی ٦٣٩ی زایینی لە لایەن سعد بن أبی وقاص رووی داوە ئەویش کاتێك دوا بە دوای ئەمە یەکسەر دەستی سەپاندۆتەوە سەر شاری جەلەولا و شارەبان، کە دانشتووەکانیان گەرمیانی بوون، بەڵام لەم سەردەمەوە کوردی گەرمیان پتر لە دوو ساڵ بەرانگاری عەرەبەکانیان کردووە و



PDF 4 KURD

هەر لە هێرش و بەرگریکردنی خۆیان بەردەوام بوون، بەڵام عەرەبەکان لە کۆتاییدا توانیان دەست بخەنە سەر  دەوروبەری رووباری ئەڵوەن (ناوچەکانی خانقین و سەرپول زەهاو).

لەگەڵ تێکشکانی عزرە ابن قیس لە شەڕەکانی شارەزووردا، هەروەك ابن الأثیر دەڵێت، عتبە بن فرقد لە هەمان ساڵدا، پاش رشتنی خوێنی ژمارەیەکی زۆری کورد نزیك گردێك، کە عەرەبەکان بە (تل الدم) ناویان ناوە، هەر وەك البلاذری تۆماری کردووە، توانی شارەزور داگیر بکات و پاشان عەرەبەکان خۆیان خزاندە ناوچەی ورمێ. لە راستیدا، هەروەکو بە زمانی عەرەبی دەڵێن (عنوةً)، عەرەبەکان کوردەکانیان بە زەبری شمشێر کردووە بە موسوڵمان، ئەوجا پاش رووتکردنەوەی زۆربەی گوندو شاروچکەکانی شارەزور و لە پاڵ ئەو هەموو جینۆسایدو وێرانکارییەی گەرمیانییەکان باژ و جزیەو خەراجێکی گرانیان خستۆتە سەر ئەستۆی دانشتووانی ئەم هەرێمە، بەڵام لە هەندێ شوێندا، وەك ناوچەی هەورامان و شنگار و تونجلی و بتلیس، کوردەکان توانیان لەم سوخرەیە خۆیان رزگار بکەن و هەندێ هۆزە بەهێزەکانیان پاش بەرگریکردنێکی توند توانیان لەگەڵ عەرەبەکان پەیمانێکی ئاشتی ببەستن. هەروا، لە کاتێکدا یەعقوبی (لە فتوح البلدان، ص ٢٣٦) دەڵێت موسوڵمانەکان شارەزوریان لە پاڵ دارابادو صامغان ساڵی ٢٢ی هیجری (واتە ٦٤٣ی زایینی)دا داگیر کرد، دەبینین إبن الأثیر لە کتێبەکەیدا (الکامل، ج ٣، ص ٢٩) باسی هەڵچوونی هۆزەکانی کوردی گەڵاڵی (الجلالیة) لەم ناوچەیەدا دەکات و دەڵێت کەوا لە کاتی ئەم هەڵچوونەدا عبدالله بن حمدان بە لەشکرێکی ئومەوییەوە دایە سەر دانیشتوانی شارەزور و تالانی کردن، کەچی لەگەڵ هەموو زۆردارییەکی دەستەڵاتدارانی ئومەوی دژ بە کورد هەندێ لەمانە هەڵستان پشتگیریان لە خەلیفە (مروان بن الحکم)یان کرد چونکە لە لایەن دایکییەوە ئەم خەلیفەیە کورد بوو و لە لاویدا فەرمانڕەوای ناوچەی خالە کوردەکانی کردبوو تاوەکو توانی بە هێزی ئەمانە خەلیفایەتی لە دەست إبراهیم ابن الولید دەربهێنێت



و دیمەشق داگیر بکات. ابن الأثیر (ج ٤، ص ١٨٧) دەڵێت کاتێك عبد الملك بن مروان ساڵی ٦٦ی هیجری (٦٨٥ی زایینی) فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئومەوی دەکرد، لە گەرمیاندا (المختار)ی کردە سەرداری ناوچەی ئەڵوەن (عُیّن المختار عام ٦٦ ه / ٦٨٥م والیاً علی حلوان). هەرچۆنێك بێت کوردی گەرمیان لەگەڵ کوردەکانی ناوچەکانی دیدا رۆڵێکی سنوورداریان هەبووە لە راپەڕینەکانی سەردەم المختار الثقفي (٦٨٧ی زایینی) و الحجاج (٦٤٩ – ٧١٤ی زایینی) و عبدالرحمن الأشعث تاوەکو دەستەڵاتداری ئومەوییەکان بە دەست الموالی (کە زۆربەیان کورد بوون) لە ژێر سەرکردایەتی أبو مسلم الخراساني کۆتایی پێ هات، أبو موسلمیش تا ماوەیەك فەرمانرەوایی ناوچەی شارەزورو گەرمیانی کردبوو تا وەکو لە بەغدا بە پیلانێکی خەلیفەی عەباسان أبو جعفر المنصور سەرنگووم کرا وأبو دولامەش وەکو ریایەك ئەم خیانەتەی أبو جعفر المنصوری بە پێچەوانە لە قەصیدەیەکی خۆیدا هۆنییەوە، کە دەڵێت:

أبا مجرم هل غیّر الله نعمة علی عبده حتی یُغیّرها العبدُ
أفي دولة المنصور حاولت غدره ألا أن أهل الغدر أباؤك الكرد

دوای ئەوەی عەبباسیەکان ساڵی ٧٥٠ی زایینی خەلیفایەتیان گرتە دەست، کە تا ساڵی ١٢٥٨ی زایینی درێژەی کێشا، کوردەکان بە گشتی سەریان بۆ عەبباسییەکان دانەنەواند، بەڵکو پشتگیریان لە بزووتنەوەی (الخوارج) دەکرد و محەمەد کوڕی خورزادی شارەزوری یەکێك بوو لە سەرکردە ناودارەکانی ئەم خەواریجانە، کە توانبووی بە لەشکری گەرمیانییەکانەوە ناوچەکانی الحدیثة و تکریت وشنگار ونصیبین رزگار بکات و تا ساڵی ٨٩٦ی سوپاو هێزەکانی خەلیفەی بەغدای نیگەران کردبوو . لەم سەردەمەدا، خەڵکی گەرمیان هیچ هێمنییەکیان لە حوکمی عەرەبە عەبباسییەکان نەدی، بۆیە هەر لە کاتی فەرمانرەوایی أبو جعفر المنصور، لە پاڵ کوردەکانی میسیل و جەزیرەدا، دانشتوانی گەرمیان تووشی جەردێتی هێزەکانی عەبباسی بووبوون، ئەم دیاردەیەش

له کاتی فەرمانڕەوایی هارون رشید وأمین هەر بەردەوام بوو، بەڵام لە کاتی فەرمانڕەوایی مأمون کوڕی هارون رشید لەشکرێکی تێکەڵ لە عەرەب وئێرانیەکانی خزمی دایکی خۆی لە ژێر فەرماندەی (الحسن) نارده گیان کوردەکانی (الجزیرة)، بەڵام یەکەم تورکێك لە مێژوودا کە پەلاماری وڵاتیکوردی دابێت و رەگی دوژمنایەتی تورکان دژ بە گشت کورد چەسپاندبێت ئایتاخ نێوێکی خزمی خاڵوانی خەلیفەی عەبباسی (معتصم) بووە ، کە لە لایەن ئەم خەلیفە دوو رەگەوە بۆ گیان کوردەکانی دەوروبەری میسیل (موصل) نێرابوّوە بە مەبەستی تێکشکاندنی سەربەخۆییان لەوێدا، کە بە پشتگیری کوردەکانی شارەزور لە ژێر سەرکردایەتی (جعفر بن فهرجس) شۆڕشێکیان دژ بە عەبباسییەکان بەرپا کردبوو و میسیلیشیان لە تعریب کردن و لە دەستەڵاتداریتی عەبباسییەکان رزگار کردبوو، بۆیە لە کانگەی دڵێکی پڕ کین هۆزانڤانی عەرەب (العجینی) ئەم سەربەستییەی کورد لە میسیلدا بەم جۆرە ناپەسەندە هۆنیبۆوە :

ما رأى الناس لهذا الدهر مذ كانوا شبيهاً
ذلت الموصل حتى أمر الأكراد فيها

دوا بە دوای ئەوەی کوردەکان ئەو سەربەستییەی بیست ساڵانەی خۆیان لە میسیل و جەزیرەدا بە هەموو جۆرێك پاراست، عەبباسییەکان هەوڵیان دا وڵاتی کورد بە گشتی بخەنە ژێر فەرمانی خۆیان وإبن الأثیر پاش کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاو نەتەوەی خۆی ئەنجامی هێرشی عەبباسییەکان لە کتێبەکەیدا (الکامل ج ٦، ص ٣٦٠ – ٣٦١) هتروتك ئەنفالەکەی صدام حسین بە جۆرێك شی دەکاتەوە و دەڵێت «وأوقع آیتاخ بالأكراد فأكثر القتل فيهم وإستباح أموالهم وحشر الأسرى والنساء والأموال إلى تكريت». لە لایەکیدیەوە کاتێك إبن الأثیر باسی شۆڕشی کوردە خەواریجەکانی شارەزورو گەرمیان دەکات، کە لەگەڵ کوردەکانی میسیلدا لە ژێر سەرکردایەتی محمد بن خرزاددا هاوکارییان دەکرد دەڵێت [لم یبق مع إبن خرزاد



إلا عشيرته من الشمردليّه وهم من أهل شهرزور وإنما فارقوه أصحابه لأنة كان خشن العيش وهو ببلد شهرزور وهو بلد كثير الأعداء من الأكراد وغيرهم. . وواقع إبن خرزاد بنواحي شهرزور الأكراد الجلالية وغيرهم فقتل وتفرد هارون بالرياسة على الخوارج « و مەبەست لەم سەرکردە کوردە (هارون الخوارجی)یە، کە ٢٠٠ کەس لە پیاوەکانی کوژرابوون، بەڵام پاشان لە گەرمیاندا کوردێکی زۆری کۆکردبۆوە بۆ ئەوەی سەر لە نوێ دەستەڵاتداری عەباسییەکان لە میسیلدا تێك بشکێنێت. لە دەوروبەری ساڵی ٢٨١ی هیجری (٨٩٤ی زایینی) لە کاتی فەرمانڕەوایی (الخليفة المعتضد)، کوردەکان هاوکاری عەرەبەکانی بنو تغلب (حەمدانیەکانی سەرووی سوریا)یان کردو توانیان هەموو ناوچەکانی سەر روباری زێی گەورە رزگار بکەن و رێیان خۆشکرد بۆ حەمدانییەکان بۆ ئەوەی بێنەوە ناو شاری میسیل. لەبەر ئەمە، هەر وەك إبن الأثیر دەڵێت کەوا خەلیفەی عەبباسی (المعتضد) بۆ دووهەم جار پەلاماری کوردەکانی دا و لە سەر زێی گەورە زۆری لێکوشتن و ماڵیانی کاولکرد [في حوالي ٢٨١ هـ ساهمت الكرد في أعمال عساكر حمدان بن حمدون عندما إحتلوا الموصل والمناطق المحيطة بنهر الزاب الكبير، فخرج الخليفة العباسي المعتضد الخرجة الثانية إلى هذه النواحي قاصداً حمدان لأنه بلغه أن حمدان مال إلى هارون الشاري ودعا له مما بلغ الأعراب والأكراد مسير المعتضد تحالفوا أنهم يقتلون على دم واحد وإجتمعوا وعبوا عساكرهم وسار المعتضد إليهم في خيله جريدة فأوقع بهم وقتل منهم وغرق منهم فى الزاب خلق كثير. . إلخ] ، بەڵام هەر وەك لە وتەکانی إبن الأثیر دیارە شارەزور و میسیل دووبارە کەوتنە دەست کوردەکان و بەرێوەبەرایەتیان بە دەست هەذبانییەکانی شارەزور بە رێوە دەچوو، کەچی خەلیفەی عەبباسی (مکتفی باللّه) لەبەر هەستی عەرەبایەتی ساڵی ٢٩٢ی هیجری (٩٠٥ی زایینی) بەرێوەبەرایەتی میسیلی دایە دەست أبو الهيجا و عبد الله بن حمدان بن حمدون، ئەمیش پاش دوو ساڵ لە رووتکردنەوەی کوردەکانی میسیل چووە گژ دانشتووانی هەولێر و شارەزور، بەڵام لەگەڵ ئەوەیش داوای یارمەتی لە



PDF 4 KURD

خەلیفەی عەبباسی کردبوو، بەڵام لە کۆتاییدا لەشکرەکەی بە دەست گەرمیانییەکانەوە تێکشکاو لە چیاکانی (السَلَقْ)ی شارەزووردا لە لایەن رۆڵەی ئەم ناوچەیەدا تەفنوتونا کراو ئەبو الهیجاو دەستنیشانی ئەوە دەکات کەوا سەرکردەکەیان ابن حمدون پاش ئەوەی خێزانەکەی لە چیای قەندیل شاردەوە دەخالەتی بردە کوردەکانی ئەوێ و بە رێی ئەمانەوە گەڕایەوە میسیل و لەوێدا بە پشگیری خەلیفەی عەبباسی توانی سەر لە نوێ لەشکرێك پێکەوە بنێت و پەلاماری شارەزور بدات، کە محمد بن هلالی هەذبانی تێدا سەرداریەتی دەکرد. هەرچۆنێك بێت ئەم سەرکردە حەمدانییە هەڵستا بە وێرانکردن و سووتاندنی زۆربەی گوندەکانی کوردی گەرمیان و شارەزور و لەم بوارەدا إبن الأثیر دەڵێت: [وإستولی إبن حمدان علی بیتهم وسوادهم وأهلهم وأموالهم وطلبوا الأمان بآمنهم. . إلخ، بروانە إبن الأثیر ج ٧، ص ٣٢ — ٣٥. ] لەبەر ئەم کارە ناپەسەندەی إبن حمدان، محمد بن هیلال بە هێزێکی پێنج هەزار خێزانی کوردی هەذبانی لە شارەزورەوە پەلاماری ناوچەی میسیلی دا و خەلیفەی عەبباسی ناچار کرد لە بەغداوە هێزێکی گەورە بنێرێت بۆ پشتگیریکردن لە حەمدانیەکان و لە کۆتایی شەڕێکی گەورە عەرەبەکان دیسان شکستیان هێنا وبە فێڵێکی تایبەت عبد الله بن حمدان داوای رێکەوتنی لە کوردەکان کرد بە مەرجێك خۆی وخێزانەکەی بۆ بەغدا دەر بکرێت وکوردی گەرمیانیش سەر لە نوێ بگەڕێنەوە شارەزور، بەڵام لە راستیدا ناصر الدولةی کوری عبد الله بن حمدان لە میسیلدا بە فێڵ خۆی جێگیر کردبوو وپاشان دەستی کرد بە پەلاماردانی کوردەکانی شارەزور بە تایبەتی ئەو تیرەو هۆزانەی کە بە عەشیرەتی گەڵاڵی (الجلالیة) نێودار بوون . بە پێی ئەم بەرەنگاریە توندە کوردەکانی گەرمیان توانیان بەشی خوارووی کوردستان بەرامبەر بە سیاسەتی عەرەبیزاتسیۆن هەمیشە لە مێژوویاندا بپارێزن، هەر بۆیە لە سەرەتای سەدەی رابووردوودا ئەو پوسپۆرانەی کۆمیتەی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم) بۆ بریاردان لە دوا رۆژی کوردستانی باشوور کە نێرابوون بۆ عیراق هەروەك د. حامد



محمود عیسی لە لاپەڕەی ٦٩ی کتێبەکەیدا (المشکلة الکردیة، جامعة قناة الـسویس ١٩٩١م) دەستنیشانی کردووە، پاش لێکۆڵینەوەکەیاندا، لە راپۆرتەکەیاندا کە رۆژی ١٦ تەموز ساڵی ١٩٢٥ی زایینی بۆ دەزگەی باڵای خۆیان ناردبوو بەبێ پێچ وپەنا دەڵێن کەوا:

(أ) پێنج لە هەشت دانشتوانی ویلایەتی موصل کوردن وگەورەترین رەگەزی دوبەرەکی ئەم ویلایەتەن، ئەمانە نە تورك و نە عەرەبن. . هتد.

(ب) سنووری عیراقی عەرەبی لە باکوردا لە هێڵی هیت — تیکریت یان چیای حیمرین تێپەڕ ناکات، ناوچەکانی ئەم ویلایەتە هەرگیز پارچەیەك نەبووە لە عیراق ونێوی عیراق لە لای دانشتوەکانیدا لە هیچ سەردەمێکدا بە کار نەهاتووە وشاری کەرکوکیش لە لایەن کوردەکانەوە دروستکراوە.

هەر چۆنێك بێت، لە سەرەتای سەدەی دەهەمی زایینیداو پێش چەرخی رامالینی هۆزەکانی تورکمان لە لایەن تورکە سەلجوقیەکانەوە لە تورکستانەوە بەرەو گەیلان و مازندەران و سەرووی ئێران، سەردارێکی کورد بە نێوی (أبو الربیع الکوردی) حوکمی شارەزوری دەکرد و ساڵی ٩٠٦ی زایینی أبو سعد الخوارزمی پەنای بردە ئەم میرە کوردە بۆ ئەوەی پێکەوە بەرەنگاری خەلیفەی عەبباسییەکان بکەن، بەڵام لە شەڕێکدا خوارزمی کوژرا، کەچی شارەزورییەکان توانیان سەربەستی خۆیان بپارێزن. ئەم بەرەنگارییەی گەرمیانییەکان رێی خۆشکرد لە ئازربایەنجاندا دەستەڵاتداری سیاسی لە ساڵی ٣٤٣ی هیجری / ٩٥٤ی زایینیدا بکەوێتە دەست کوردە رەوادییەکان ولە هەمان سەردەمدا شەدادییەکان لە ساڵی ٣٤٠ی هیجری / ٩٥١ی زایینیەوە فەرمانڕەوایی بەرەکانی ئەرمەنستان و گورجستانیان دەکردو مەروانییەکانیش لە ساڵی ٩٨٢ی زاییەوە دەوڵەتی خۆیان بە نێوی (میرنشینی دۆستەکی) لە مەیافارقین و ئامید وجەزیرەدا رێك خستبوو . لە راستیدا ئەم سەربەخۆییە لە کوردستانی باکووردا وای کردبوو کەوا کوردی گەرمیان دڵنیا بن لە هێرشەکانی تورك و بیزەنتاو گەلانی قەوقازیا و لە لایەن خۆیانەوە

هەوڵ بدەن ئازادی و سەربەخۆیی میرینشینەکانیان لە شارەزورو دیناوەر و زەهاو و ئەلوەن و لورستان (بە تایبەت دەوڵەتی فەزلەوی) لە هێرشەکانی عەرەب بپارێزن هەروەك شەرەفخانی بدلیسی لە کتێبەکەیدا (شەرەفنامە) دان بەم راستیە دەنێت . لەگەڵ داهاتنی سەرەتای سەدەی دوازدەهەمی زایینیدا زۆربەی ناوچەکانی سوریا و میسیل و جەزیرە و ئامید، لە پاڵ جینشینە عەرەبییەکانی سوریا و عێراق، بەرە بەرە کەوتنە ژێر فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرێتی کوردە ئەیوبییەکان و کاتێك ئەم ئیمپراتۆریەتە لە ژێر فەرمانداریيەتی (صلاح الدین)ی کوڕی ئەیوبدا پەرەی سەند، شارەزور بوو بە ولایەتێکی ئەم ئیمپراتۆرییەتە و لە سالّی ٥٨٥ی هیجری / ١١٨٩ی زایینیدا صلاح الدین بەرێوەبەرایەتی شارەزوری دایە دەست تورکمانێکی خزمەتکاری خۆی بە نێوی کشتوغدی کە خزمی یعقوب کوڕی قیفجاق بوو، کەچی لە هەولێردا أبو الهیجاو الهذبانی کە یەکێك بوو لە بەنێوبانگترین دەستەلاتدارانی ئەیوبی کرا بە حاکمی ئەم شارە. ئەگەر هەڵچوونێکی دوورودرێژی میرەکانی کورد لە نێوان سەرەتای چەرخی ئیسلامییەوە (سەدەی ٧ ی زایینی) تاوەکو سەرهەڵدانی دەولەتی ئەیوبی (سەدەی ١٢ی زایینی) بەردەوام بووبێت، ئەوا لەم سەدەوە میرانی کورد بە گشتی پشتگیریان لە ئەییوبیەکان دەکرد، بە تایبەت لە کاتی جەنگە قورسەکانیاندا دژ بە هێزەکانی خاچ هەڵگرەکان، بەلاّم کاتێك ئۆغوزە سەلجوقەکان هەر لە سەرەتای سەدەی ١١ی زایینییەوە کۆچەرانی ناوەڕاستی ئاسیایان بە تایبەت تورکمانەکان راو دەنا، بە فەرمانی مەملان کوری وەهسودان میری کوردە رەوادییەکانی تەورێز هەندێك لەم تورکمانانە توانیان دەخالەت بە کورد بەرن و خۆیان بخزێننە ئازەربایجان، بەلاّم ئەم دلفراوانیەی مەملان، بە داخەوە، بوو بە هۆی گۆڕینێکی دیمۆگرافی لە ولاّتی ئازربایناجاندا، کە بە میدیای گەورە لە مێژوودا دەناسرا و ئەم هۆزە تورکمانانە بوونە هۆی راگرتنی دیاردەی پێشوەچوونی نەتەوەیی هۆزە ماددەکان لە چەرخەکانی نێوەڕاستدا و، لە کاتێکدا ئەم تورکمانانە وەرگەڕان ودەستیانکرد بەهاوکاری لەگەڵ ئۆغوزە



سەلجوقییەکانی کۆنە دوژمنەکانیان بکەن ، وەهسودانی دووهەم میری رەوەندەکانی ئازربایجان توانی سالّی ١٠٤١ز زۆریان لە نێوبەرێت و لە سنووری فەرمانڕەوایی خۆی دووریان بخاتەوەو سەلجوقیەکان لە ژێر ئەم فشارەی دەوڵەتی رەوادیدا هێرشیان بردە سەر شاری مەراغە، کە زۆربەی دانشتوانی لە کوردە هەذبانیەکان بوو. لە کۆتایی شەڕەکانی مان و نەمانی رۆڵەکانی ماد لە میدیای گەورەدا ئەم هەذبانیانە بە دەست ئەم تورکانە بە تەواوی لە نێوبران. سەلجوقیەکان لێرەدا نەوەستان بەڵکو خۆیان خزاندە ناوچەی جەزیرەو ئامید، کەچی زۆربەی لاوانی تورکمانەکان لە ترسی سەلجوقییەکان وەك سەرباز خۆیان خزاندە هێزە چەکدارەکانی ئیمپراتۆرێتی ئەیوبی و سەرەرای خۆپاراستن لە ژێر چاودێری کوردەکانەوە ئەم تورکمانانە دەستیانکرد بە دروستکردنی دووبەرەکییەك نێوان سەربازەکانی خۆیان و کوردەکاندا. پاش ئەوەی هەندێ لە جەنگاوەرە سەلجوقیەکان لەلایەن کوردەکانەوە لە جەزیرەو ئامید دوورخرانەوە هەولیاندا بە ناچاری هەرێمی میسیل داگیر بکەن، بەلاّم کوردەکانی ئەوێ ١٥٠٠ کەسیان لێ کوشتن و ئەوانی دیان بە دیل گرت. هەتا وەکو ئەم سەردەمە دانشتووانی کەرکووك و گەرمیان doorە پەرێز بوون لە هێرشی کۆچەرانی سەلجوق و تورکمان، کەچی لە سالی ١٢٤٥ زایینیەوە کوردەکانی شارەزور دەستیانکرد بە بەرەنگارکردنی هێرشی مەغۆلەکان و لە کۆتاییدا شارەزور کەوتە ژێر رکێفی ئەم دڕندانە و زۆربەی دانشتووانی ئەم هەرێمە ناچاربوون گوندەکانیان بەجێ بهێڵن تاوەکو لە سالی ١٢٥٧ زایینی ئەو گەرمیانیانە، کە لە جێی خۆیان مابوونەوە توانیان رێگا لە کوڕی هۆلاکو بگرن کاتێك بە لەشکرەکەیەوە ویستی بەرەو هەولێر بروات و داگیریی بکات. لە راستیدا کۆچکردنی شارەزوریەکان بوو بە هۆی کەوتنی بەغدا بە دەست مەغۆلەکان ، چونکە بە پێی وتەی شهاب الدین العمری، زولم و زۆرداری ئەم مەغولانە گەیشتبۆە پلەیەك پالّی نابۆوە کوردی گەرمیان شارەزور بەجێ بهێلن و مەجبوور بن بەرەو سوریا و میسر کۆچ بکەن، تا وایان لێهات، هەر وەك ابن خەلەکانیش



PDF 4 KURD

دەڵێت هۆزی لاوین و بابین بگەنە وڵاتی جەزائیر.  لە پاش کوشتاریکی زۆر، هۆلاکۆ  بڕیاریدا لە کوردستان خۆی بکێشینێتەوە بە مەرجێك ملی هەموو ڕۆڵەکانی کورد بخاتە ژێر شمشێری  جەنگاوەرەکانی خۆی ، ئەوجا پاش وونبوونی ئەم ئێلخانیانە، هەندێ لە هۆزە کوردەکانی شارەزور وەك عەشیرەتی سوتوونی و زەنگنە لە پاڵ حەسنانییەکاندا،  کە لە سەر زێی بچووك لە ناوچەی دەربەندی قەرەبولیدا نیشتەجێبوون گەڕانەوە جێی باوباپیرانی خۆیان.

ئەوجا لە ڕاستیدا، ئەگەر بابەتی سەرەکیمان لەم لێکۆڵینەوەدا ئەوەیە، کەوا شاری دیمتو کەرخو شیلواخو (قەلاتی شاری شیلوا)ی هەزارەی دووی پێش زایین، کە بە شێوەی کەرخینی لە چەرخی ئیسلامیدا ناسرا ، هەربۆیە  وەك ناوەندی هەرێمی شارەزور لە لایەن عوسمانییەکانەوە تۆمارکراوە، بەڵام، کەی  بە شاری کەرکووك ناسرا و لە لایەن کێوە بەم شێوەیە نێو نرا و گروپە ئەتنییەکانی ئەمڕۆ ی ناو شارەکە وەك کورد و تورکمان و عەرەب و سوریان بە پێی بەڵگە تۆمارکراوە مێژووییەکان لە چ سەردەمێکدا تێدا پەیدا بوون و  بەشێك لە دانشتووانی بوونەتە؟.

لە ژێر تیشکی زانستی ئیتۆمولۆژیدا  نازنێوی ئەم شارە بە شێوەی کەرکووك، بێگومان، پێوەندییەکی توندی لەگەڵ  وشەی  کور کور = گورگور هەیە، کە  لە لایەن مادەکانەوە هێژ لە سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە بە پاشگرێکی تۆپۆنۆمی زاگرۆسی(ەك، وك) بەکار هاتووە، ئەوجا وەك (کورکور + ەك) لە لایەن ئەمانەوە بڵاو بۆتەوە، نازنێوەکەش لە زۆربەی زمانە ئێرانیەکاندا  پێوەندی بە ئاگری پیرۆزی زەردەشتییەکانەوە هەیە،  کە تاوەکو ئەمڕۆ لە بن زەویی  باکووری قەڵای ئەم شارەدا هێژ دێتە دەرێ، پاشان لەبەر پیرۆزی شوێنەکە و ڕۆڵی ڕۆشنایی ئاگر لە بیری ئایینی هۆزەکانی ماددا  لە پاش سەرنگوومکردنی دەوڵەتی ئاشوور  ئەم مادانە پەرستگایەکیان بۆ ئەناهیتا (خوداوەندی ئاو وتەڕایی) لەوێدا دروستکرد، کە نووسەرانی ئەلیکساندەری مەکەدۆنی لە ڕاپۆرتەکانیاندا دانیان بەم ڕاستییە



ناوەو هەر بۆیە کوردەکانیش لە چەرخی ساسانیدا  نێوی (بابا گورگور)یان لێ ناوەو تاوەکو ئەمڕۆش ئافرەتانی شاری کەرکوك، لە بەر ئەوەی مرازی منداڵ بونیان حاصل بکەن، زیارەتی شوێنی ئەو پەرستگەیە دەکەن. لە چەرخی هیللینیدا پتولومایپوس (کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی ئەلیکساندەر لە میسردا) دەستنیشانی جێنشینی ئەڕاپخاییەکان (واتە کەرکووکییەکان) لە بەرامبەر دیمتو (قەلاّت) دەکات  و بە پێی نووسراوەکەی مێژوونووسی بەنێوبانگ  پلوتارخوس (٤٥ز — ١٢٥ز)  پاش ڕەتبوونی مەکەدۆنییەکان لە شاری ئەڕاپخاوە بەرەو بابل ساڵی ٣٣١ پێش زایین نازنێوی ئەم شارەی بە شێوەی کورکورە Korkoura تۆمارکردووە، کە لە کورکور داڕێژراوەو  دەڵێت کەوا لە ئەشکەوتێکیدا ئاگر دێتە دەرەوە و لە نێزیکیا سەرچاوەیەکی نەوتی ڕەشی تێدایە. لە ڕاستیدا ئەم نازنێوە هیچ پێوەندییەکی بە نێوی کەرخا د بیت سەلوخ (واتە قەلای وڵاتی سەلوخ) نییە، کە ئارامییەکان لەبەر خاتری سەلوکیوس کالینیکوس (٢٤٦ — ٢٢٦ پ. ز.) جیگری ئەلیکساندەری مەکەدۆنی بەم شێوەیە تۆماریان کردبوو . ئەگەر شاری کورکورەك لە دوای  خاپوربوونی شاری نێنەوا ساڵی ٦١٢ پێش زایین بووبۆوە شاتراپێك لە شاتراپەکانی ئیمپراتۆرێتی مادەکان، کە پێشتر دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ  سەکەسەکانی (شکوزای) هاوپەیمانی ئاشوورییەکان هەبوو، ئەوا پاش شکستی هێزی جەنگاوەری ئەم سەکەسانە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە ئوروستوکراتیەکانیان لە شاری کورکوورەك (کەرکووك) نیشتەجێبووبوون ولە پاڵ مادەکاندا لە گەرمیاندا پلە بە پلە مەرجە مللییەکانی کوردیان پێکەوە دروستکرد.  ئەوجا پاش  ساڵی ١٢٨ی پێش زایین ئێزدین و سەرکردەکانی خێزانی پادشایەتییەکیان لە هەرێمی گەرمیاندا پێکەوە نا، بۆیە یونانییەکان نێوی ئەم هەرێمەیان ناو نا بە (خەلخاس توّی ئێزدیم)، کەچی پورتەکان لە نیوان سەدەی ٢پ. ز.  — ٣ی زایینی نێوی ئەم هەرێمەیان هەر بە شێوەی گەرمەکان Garmakan (واتە گەرمیان) بەکاردەهێناو لە چەرخی ساسانیدا هەندێ جار بە

گەرمیگ دەناسرا، کە پاشان بە عەرەبی لە چەرخی ئیسلامیدا بوو بە (جرمقان) یان (جرمیق). هەر چەندە شاری کورکورەك بوو بە یەكێك لە مەڵبەندە گرنگەكانی پادشایەتی خێزانی ئێزدین (خەلخاس تۆی ئێزدیم)، بەلاّم هەر لە سەدەی یەكەمی زایینەوە خریستیانییەتی تێدا بلاّو بۆوەو قەشەو رەبەنەكان لە راپۆرتەكانیادا ناوچەی گەرمەكانیان بە شێوەی (بێت گەرمیَ) تۆمار دەكردو لە چەرخی پورتی (واتە هیللینی)یەوە بەشێكی گەورەی ئەم هەرێمە بەرە بەرە لای دانشتووانەكانیدا بە سیارەزور (شارەزور) ناسرا، كە كوركورەك (واتە كەركوك) بوو بووە ناوەندی ئەم بەشە وبە فەرمانی ساسانییەكاندا كۆشكی مەترانییەتی خریستیانەكان لە قەلاّكەیدا دروستكرا .

## توركمان و شۆربوونەوەیان بۆ ناوچەی گەرمیان و شاری كەركووك

توركمان، وەك كۆمەڵێكی ئەتنیكی، كە بە بەشی خواروی رۆژئاوای گروپی زمانە توركییەكان دەدوێن، لە پێش داهاتنی ئیسلامدا، لە نێوەڕاستی ئاسیادا مەرجە نەتەوەییەكانیان سەرهەڵداوەتەوەو لە لایەن هۆزەكانی گروپە ئالتاییەكان وەك هون و هەپتەلی و ئۆغوزەكان بۆ نزمكردنی چینایەتیان نێونراون بە توركمان (واتە لە تورك چوو) و، پاش دووبەرەكییەكی زۆر لەگەڵ كۆچەرەكانیدی نێوەڕاستی ئاسیادا بەرەو رۆژئاوا راونراون و خزێنراونەتەوە هەرێمی (پار ثیا) لە رۆژهەلاّتی زەریای خەزەردا، كە زۆر درەنگ لە دوای سەدەی چواردەمەوە ئەم هەرێمە بە (توركمانستان) نێودار بووەو لە سەدەی بیستەمدا لە پاڵ نەتەوەكانیدیدا وەك روس و ئۆزبەگ و قازاخ و ئوكرانی و تەتەر و ئەرمەن و كوردو ئەفگان ژمارەی دانشتووانی ئەم ولاّتە گەیشتبۆوە ٤ , ٥٨٠ , ٠٠٠ و ژمارەی توركمان لە نێویاندا ٢ , ٢٠٠ , ٠٠٠ كەس بووە. ئەم دانشتووانەی توركمانستان ئەمڕۆ دابەش دەكرێنە سەر ٤٨٨,١٠٠ كیلۆمەتری چوارسوچ و لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٨٨١ی زایینەوە شارۆچكەی (گۆیگ تەپپە) لە لایەن روسەكانەوە داگیر كرابۆوە،



جۆزێف ستالین پاش شۆرشی ئۆكتۆبەر، دوا بە دوای ئەوەی لە رۆژی ٢٧ی ئۆكتۆبەر ساڵی ١٩٢٤ی زایینیەوە لەم ولاّتەدا ناوچەكانی چەناتن و بوخاراو چیڤای خستە پاڵ جێنشینی توركمانەكان، كۆمارێكی سوڤێتی تیایاندا دروستكردو شاری ئەشخاباد (عشق ئاباد)ی كردە پایتەختی، كە كەوتبۆە سەرووی هەرێمە كوردییەكانی بوجنەوەرد و قوچان و شێروان و سەبزەوەر لە ناوچەی كوردستانی خوراسانداو لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٢٥ی زایینیدا لە لایەن دەستەلاّتدارانی یەكیەتی سۆڤییەتەوە ئەم دەوڵەتە بە نێوی (كۆماری سۆڤێتی توركمانستان) ناسراو لە رۆژهەلاّتدا ئۆزبەكستان و لە رۆژئاوادا زەریای قەزوین و لە باكووردا كازەخستان و لە باشووردا ئێران و ئەفگانستان بوون بە سنووری دەوروبەری ئەم كۆمارە. گەورەترین ژمارەی توركمان لە دەرەوەی توركمانستاندا لە سەرووی ئێران و لە سەرووی رۆژهەلاّت وسەرووی رۆژئاوای ئەفگانستاندایە و بەشێكی كەمتر لە كوردستانی باشوور وسوریا و نێوەڕاستی توركیادا نیشتەجێن. هەروەك لە ئینسیكلۆپیدیای بریتانیكادا (بابەتی Turkmen) دەخوێنین، پاش ساڵی ١٩٥٨ی زایینی، ژمارەی تایفەی توركمان لە گشت جیهاندا گەیشتە ٤ , ٧٠٠ , ٠٠٠ ولەمانە بەشێكیان لە هێڵی تەلەعفەر و هەولێر و كەركوك و توزخورماتوا و كفری و مەندەلیدا لە كوردستانی باشووردا نیشتەجێبوون .

ئەگەر هەندێك بگەڕێینەوە سەر مێژووی چەرخە كۆنەكانی مەڵبەندی سەرهەڵدانی نەتەوەی توركمان لە رۆژهەلاّتی زەریای قەزویندا دەڵێین كەوا لە نێوەڕاستی سەدەی سێهەمی پێش زایین (لە چەرخی هیلینی)دا، یەكێك لە سەركردەكانی ئەلیكساندەری مەكەدۆنی بە نێوی (دیودوتس) دەوڵەتێكی سەربەخۆی لە بەلخ و صوغدیاناو مەرودا دروستكردبوو پاشان ئوكراتیدس نێوێك بوو بە دەستەلاّتدار لەم هەرێمانەداو، كەچی دیمیتلایوس گەیشتە هەرێمی (پەنجاپ) پاش ئەوەی دەوڵەتێكی لە نێوان ئەفگانستان و هیندستاندا دروستكرد. ئەو پارچە دراوانە، كە لە ناوچەكانی رۆژهەلاّتی زەریای قەزوین و ناوەڕاستی ئاسیاو



PDF 4 KURD

هیندستاندا دۆزراونەتەوە ئەوە دەسەلمینن، کەوا دەستەڵاتداری مەکەدۆنیەکان، بێجگە لە رۆژئاوای کەرتی ئاسیادا، لە هەرێمی سەیحون و جەیحون و ئەفگانستان و هیندستاندا پەرەی سەندبۆوە. ئا لەم سەردەمەوە (واتە لە یەکەم نیوەی سەدەی دووی پێش زایینەوە) کۆچکردنێکی مەزنی هونەکان لە ناوچەی (قانصو)ی چینوماچینەوە دەستپێدەکات، جەنگاوەرانی ئەم هونانە چەند کۆمەڵێك لە کۆچەرانی تورکی رۆژئاوای چینوماچین و توخارستان وەك (یوچی)یەکان و (سون)ەکانی رامالی، کە لە کۆتاییدا لە باکووری رووباری جەیحون نیشتەجێبوون، سەکەسە هیندۆ — ئاریەکانیش ناوچەی فەرگانەو بەلخ و ئاراخۆزیان بەجێ هێشت و لە ناوچەی زرەنگ نیشتەجێبوون، کە درەنگتر بە سەگستان (سەجستان) سیستان ناسراو لە سەدەی یەکەمی پێش زاییندا پورتەکانیش توانیان لەم ناوچەیەدا ببنە دەستەڵاتدار . هەر لە هەمان سەدەدا، لە وولاتی خوارزمەوە ئالانەکان رێرەوی هۆزانی هاونەتەوەی خۆیان سکیت وسەرماتەکانیان گرتە بەر تاوەکو تێکەڵاوی بەشێك لە کۆچەرانی گۆتە ئەڵمانەکان (ڤێندالەکان) بوون ولەگەڵ ئەمانەدا خۆیان خزاندە فەرەنسا و ئیسپانیاو پاشمەوەکانیان لە دواوە مانەوەو ناچار لە قەفقاسیادا جێگیر بوون و ئەمرۆ بە نازنێوی ئۆسیتین Ossites بەنێوبانگن. هەر چەندە سنووری دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی ئەم کۆچکردنە گەورەدا لە کابول و توخارستان و رووباری بەلخەوە دەستی پێدەکرد تا دەگەیشتە ئەرمەنستان و رووباری فورات لە رۆژئاوادا، بەڵام سەرکردە ئەرشاکییە پورتەکان و پاشان ساسانییەکان لە جەنگەکانیاندا خەباتێکی زۆریان دەکرد بۆ ئەوەی سنووری باکووریان بەرامبەر هۆزەکانی هون و هەپتەلی و تورك وتورکمان بپارێزن و ئەو کۆچەرە هونانە، کە بەهرامی پێنجەمی ساسانی پەلاماری دان و زۆری لێ کوشتن، خۆیان خزاندە بیابانەکانی وڵاتی مەر و خوراسان، کە لە لایەن نووسەرە فارس و عەرەبەکانی چەرخی ئیسلامی بە نێوی (تُرك) ناسران. پاش سەرکەوتنی کیسرا بەسەر بیزەنتیەکاندا لە جەنگەکانی ساڵی ٥٦٣ و ٥٦٧ی زایینیدا، ساسانییەکان توانیان



یەکیەتی حەوت هۆزەکانی تورك (هەپتەلییەکان) لە نێو بەرن و پاشان روباری جەیحون بکەنە سنوور نێوان ئێران و زەمینی خاقانی ئەم تورکانە . هەرچۆنێك بێت ئەم تورکانە، کە لەم ناوچانەوە هەڵاتن وبەرەو رۆژئاوای زەریای قەزوین تێیان تەقاند و لە مێژوودا بە نێوی خەزەر ناسران، کە هەردەم ئەم خەزەرانە لەوێوە هەولیان دەدا روو بکەنە قەوقازیا بۆ ئەوەی بێنەوە سەر ئەرمەنستان و کوردستان، بەڵام دەستەڵاتدارانی ساسانی بۆ ئەوەی شاڵاوی کۆچەرانی ئالانەکان و خەزەرەکان رابگرن هەڵستان لە رۆژئاوای زەریای خەزەردا دیواربەندێك و قەڵایەکی گەورەیان، بە نێوی دەربەند، کە لە چەرخی ئیسلامیدا بە (باب الأبواب) ناسرا دروستکردو دوا بە دوای ئەوەی خەزەرەکان لە سەدەی شەشەمی زایینیدا توانیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتەدا رێکەون و هێرش ببنە سەر ئەم دەربەندەو داگیری بکەن، بەڵام تورکمانەکان لەگەڵ داهاتنی چەرخی ئیسلامیدا، وەك کۆمەڵێکی کۆچەر، کە لە نێو خێوەتدا دەژیان و گیان لەبەرێك وەك بزن ومەر و گایەل و حوشترو ئەسپیان بەخێو دەکرد، هەر لە حالەتی کۆچکردندا مانەوە ، بۆیە باری کۆمەڵایەتیشیان هەر لە شێوەی دەستەڵاتدارێتی باوکایەتیدا بەردەوام بوو تاوەکو خێڵایەتیشیان بە جۆرێك بوو، کە هۆزەکانیان لە لایەن (خان)ەکانیانەوە سەرپەرشتی دەکران . لە لایەن زمانیشەوە، شێوەزاری تورکمانی بەشێکە لە کۆمەڵی زمانە (ئەڵتایی)ەکان، کەچی ئەدەبیاتیان، کە لە سەدەی چواردەهەمی زایینەوە تۆمارکراوە بە شێوەزاری (جەغەتای) تۆمارکراوەو پاشان لە سەدەی ١٨ و ١٩ ی زایینیدا (بە تایبەت لە سەردەمی حوکمی قەیصەریدا) زمانی نووسینیان، کە بە خەتی عەرەبی دەستپێکردبوو، ساڵی ١٩٢٧ز لەلایەن حوکمی سۆڤییێتییەوە گۆڕاوەتە سەر خەتی کیریلی، کەچی لە ناو تورکمانەکانی کوردستانی باشووردا هەتاوەکو ئەمرۆ هێشتا هەولێك بۆ نووسینەوەی مێژوویەکی ئەدەبیان نەدراوە.

لە راستیدا، نەهاتی وکەم بەرهەمی لەوەرگا لە بیابانەکانی نێوەڕاستی ئاسیادا بووبۆە هۆی پەیدابوونی دووبەرەکیەکی خێڵایەتی زۆر لە نێو هەمە جۆری



PDF 4 KURD

کۆمەڵە بیابان نشینەکانی گەلانی تورك زمان، کە لای چینەکان بە نێوی (تو — چوییە)و لای ئێرانییەکانیش بە تور (تور — یك واتە کۆچەر) نێوبانگیان دەرکردبوو، کە بۆ مانەوەو خۆ پاراستن هەندێك لە کۆچەرە چەوساوەکانیان هەوڵیان دەدا خۆیان بخزێننە ناوچە دەوڵەمەندەکانی هەرات و خوراسان و ئەڤگانستان. کاتێك دەوڵەتی ساسانی هێشتا بەهێز بوو جەنگاوەرانی هەپتەلییەکان (الهیاطلة) هەردەم کۆشش و هەوڵیان دەدا لە رۆژهەڵاتەوە (لە سنووری ئەڤگانستان و خوراسانەوە) خۆیان بخزێننە نێو خاکی ئێران، بەڵام لەشکری ساسانی لە بەردەمیاندا وەك بەندیوارێك مایەوە، کە رێی لێدەگرتن تاوەکو حوکمی عەرەبی ئیسلامی داهات و ناوچەکانی نێوەڕاستی ئاسیاش لەم سەردەمەوە بە نێوی تورکستان چووە نێو مێژووەوە. لە کاتێکدا هونەکان لە سەرەتای سەدەی دووی پێش زاییندا هێرشیان دەبردە سەر کەشگاریا ئیمپیراتۆرییەتێکیان لەوێدا دروستکردو لە کۆتایی ژیانی ئەم ئیمپیراتۆرێتە رۆژهەڵاتی تورکستان لەلایەن چینییەکانەوە داگیرکراو لە ساڵی ٤٠٠ی زایینیدا هەپتەلییەکان لە رۆژئاوای تورکستاندا بۆ خۆیان دەوڵەتێکیان پێکەوە ناو لە سەدەی شەشەمدا ئەمانە خۆیان خزاندە وولاتی ترانسۆکسیانا (ما وراو النهر) و ناوچەکانی سەر رووباری ئۆکسوس (ئامو دەریا)یان داگیر گرد، کە زووتر کۆمەڵە ئێرانییەکان تێدا دەژیان. لەم سەدەیەدا تورکەکان توانیان ئەو ناوچانەی، کە کەوتبوونە نێوان مەنگۆلیا و باکووری چین لە رۆژهەڵاتدا و چیای ئورال و زەریای رەش لە رۆژئاوادا بخەنە ژێر فەرمانداری خۆیان. لەگەڵ کۆتایی بوونی سەدەی هەفتەمی زایینیداو بە دیاردەی روخانی دەوڵەتی ساسانی بە دەست عەرەبە موسوڵمانەکانەوە، رێی خۆشکرا بۆ هەموو خێوەت نشین وکۆچەرانی ولاتی توران بۆ رووتکردنەوەی شارە دەولەمەندەکانی ئەڤگانستان و مازندەران ودەیلەمستان و ئاتورپایگان و ئێران و لە نێوان سەدەی ٨ — ١١ی زایینیدا، پاش ئەوەی یەکیەتی هۆزەکانی ئۆغوز (ئۆغور)، کە لە بنەڕەتدا لە سەر رووباری سیلێنگادا دەژیان، هەولێکی زۆریان دا



فەرمانرەوایی مەنگۆلیا بکەن، بەڵام ئەم ئۆغورانە لە لایەن مەنگۆلەکانەوە لە رۆژهەڵاتی تورکستانەوە دەرکران و لە سەدەی ٩ی زایینەوە لە ناوچەی رۆژئاوای چین بە نێوی (سینکیانگ) نیشتەجێبوون، هەندێ لەمانە بەرەو رۆژئاوا کشانەوە کە بە نازنێوی ئۆزبەك ناسراو بوون وئەوانیدی خۆیان خزاندە نێو خاکی ئێران و ئەڤگانستان و لەم وولاتانەدا بە سەلجوق ناسران و ئیدی بەم نێوەوە دەستیان خستە سەر ناوچەکانی نێوان رووباری هیندوس لە رۆژهەڵاتدا و زەریای سپیی نێوەڕاست لە رۆژئاواداو ئامو دەریا لە باکووردا وخەلیجی فارس لە باشووردا. لەم حاڵەتەدا سەلجوقییەکان توانیان بەشێکی زۆر لە کۆچەرە تورکمانەکان، کە لە ئەڤگانستان بە نێوی (هەزارە) ولە ئاترپایگاندا بە نێوی (ئازەری) ولە رۆژئاوای ئێراندا بە نێوی (قەشقائی)، ناچار بکەن پەرشوبڵاو ببنەوەو بەڵام توانیان ئەوانەی بە نێوی قەرە قۆینلو و ئاق قۆینلو نێودار بوون لەگەڵ خۆیاندا بیانگەیێننە ئازربایجان و کوردستان و ئاسیای بچووك. لە ساڵی ١٠٧١ی زایینیدا، کاتێك خانی سەلجوقی (ئەلپ ئەرسەلان) لە شەڕەکەی مەلازگرتدا (لە باکووری زەریای واندا) توانی لەشکری ئیمپیراتۆریتی بیزەنتی تێکبشکێنێت، رێی خۆشکرد بۆ هەزاران تیرەو هۆزی ئۆغوز و تورکمان بە ئاسانی خۆیان بخزێننە هەرێمی (ئەنادۆڵ) و لەوێدا پاش سێ سەدە (واتە لە سەدەی چواردەهەمینی زایینی) ئۆغوزەکان لە ژێر سەرکردایەتی خانێك بە نێوی عوسمان توانیان میرینشینێك دابمەزرێنێن و بەرە بەرە ناوچەکانی رۆژئاوای ئاسیای بچووك بخەنە ژێر رکێفی خۆیان. لە سەدەی هەشتەمدا کاتێك سامانییەکانی خوراسانیان لە حوکمی عەباسییەکان رزگارکردبوو دەستیان خستبۆوە سەر فەرمانڕەوایی ناوچەکانی سەیحون و جەیحون، هەرچەندە ئۆغورەکانی مەنگۆلیاش پەلاماری رۆژهەڵاتی تورکستانیان دەدا، بەڵام ناوچەکانی دی ئەم وڵاتە تاوەکو سەردەمی جەنگیز خان، کە ساڵی ١٢١٨ی زایینی کەشگاریای داگیر کردبوو، بە دەست خانەکانی تورك مانەوە. هێژ پێش دادانی تورکە سەلجوقییەکان بەسەر ئێراندا (واتە پێش ساڵی ٤١١ی هیجری، کاتێك مەحمودی غەزنەوی چووە

ولاّتی ماوراءالنهر له رۆژهەلاّتی زەریای خەزەردا)، له گەرانەوەیدا ٥٠ هەزار تورکی سەلجوقی لەگەلّ خۆی هێنایە خوراسان و لەوێدا نیشتەجێی کردن و پاشان بە هێزی ئەم تورکانە دەستی خستە سەر رێگاکانی کرمان وئەسپەهان و له هەموو لایەکەوە دەوروبەری حکوومەتی علاو الدەولەی له کرماندا دا و له کۆتاییدا گشت خاکی ئەم حکوومەتەی داگیر کرد. ئا لەم سەردەمەدا میرێکی رەوادی وەك وەهسودان کوری محەمەد له شاری تەورێزەوە فەرمانڕەوایی دەولّەتی کوردانی دەکرد (کە له سالّی ٤١٦ی هیجری / ١٠٢٥ی زایینی تاوەکو سالّی ٤٥١ی هیجری — ١٠٥٩ی زایینی دەوامی کرد)، ئەو دەولّەتەی، کە کاروباری ناوچە کوردنشینەکانی نێوان ئازربایجان و کوردستانی رۆژهەلاّت و نێوەڕاست بۆ ١١٧ سالّ بە دەستەوە گرتبوو (واتە له سالّی ٣٤٣ی هیجری / ٩٥٤ی زایینییەوە تاوەکو ٤٦٣ی هیجری / ١٠٧٠ی زایینی) . مەملان کوڕی وەهسودان لەلایەن داود ئەنهۆلین پادشای ئەرمەنستانەوە و بە داخوازی دانشتووانی شاری مەلازکەرت له بۆ رزگارکردنیان، دەستیکرد، بە رێگای چیای ئاراراتەوە، ئەو شارە رزگار بکات هەر وەك نووسەری کورد فارقی الأزرقی بۆمان دەگێڕتەوە (تأریخ الفارقی، تحقیق الدکتور بدوی عبداللطیف، القاهرە ١٩٥٩م، ص ٥٨)، ئەوجا پاش ئەوەی شاری مەلازکەرتی داگیرکرد هێرشێکی بردە سەر لەشکری ئەرمەنییەکان و هەروا روویکردە شاری واسپۆراکان و خۆی و ئامید (دیار بەکر) بۆ ئەوەی ئەم شارە کوردیانە له دەست ئەرمەن و گورجەکان رزگار بکات.

پەیدابوونی کۆچەرە تورکمانەکان له ناوچەکانی روباری (ئاراس و کوڕ)دا، کە ناوەندی جەنگەکانی کورد و ئەرمنی و گورجی له لایەك و ئیمپراتۆرێتی بیزەنتا له لایەکی دی بوو، باری دەولّەتی رەوادی تەبرێز و شەدادییەکانی گەنجەی ئالۆز کردبوو ، هەر له سەردەمی ژیانی میرە شەدادییەکان ، بە تایبەت له کاتی فەرمانڕەوایی میر لەشکری دووهەم (٤٢٥ی هیجری - ٤٤١ی هیجری / ١٠٣٤ی زایینی — ١٠٤٩ی زایینی) سەلجوقییەکان دەستیانکرد بەرەو رۆژئاوا کۆچ بکەن ،



چونکە پاش هێرشی نیکۆفوروس ئیمپیراتۆری بیزەنتە بەسەر میر أبو الأسوار میری میرانی شەدادییەکان له (دوێن)د، قوتولمش کوڕی ئەرسەلان یەبغو بە جەنگاوەرە سەلجوقییەکانییەوە سالّی ٤٣٨ی هیجری / ١٠٤٦ — ١٠٤٧ی زایینی بۆ کاتێکی دوورو درێژ هەلّستا دەوری شاری گەنجەی پایتەختی دەولّەتی شەدادی دا، بەلاّم (میر لەشکری) توانی بەرەنگاری لەم دڕندەیە بکات. هەر وەك له کتێبەکەماندا (لقاو الأسلاف، چاپی لەندەن ١٩٩٤ی زایینی، ل ٢١٢ و بە دواوە) روونمان کردۆتەوە. له ئازەربایجانیشدا تورکمانەکان توانیان، بە پشتیوانی سەلجوقییەکان، له نێوەڕاستی سەدەی یازدەهەمی زایینیدا کۆتایی بە دەستەلاّتداری کوردە رەوادییەکان بێنن و پاشان پێکەوە خۆیان بخزێننە شارەکانی کوردستانی رۆژهەلاّت و هەر وەك مێژوونووسی بە نێوبانگی ئێران خوالێخۆشبوو ئەحمەدی کسرەوی تەبریزی دەلّێت: [پاش ئەوەی طغرل بێگ سالّی ٤٣١ی هیجری بە سەر سولّتان مەسعود کوری مەحموودی غەزنەوی له خوراساندا زال بووبووە توانی له زەرفی بیست سالێکدا دەست درێژ بکاتە سەر خاکی ئێران و لەوێشەوە هێرشێك بکاتە سەر خاکی عێراق] (بڕوانە کاروەندی کسروی بە کوشش یحیی ذکاء، تهران ٢٥٣٦، ل ٣٢٦). وهەر وەك ابن الأثیر له سالّی ٤٤٥ی هیجریدا دەلّێت [غوزەکانی ماوراوالنهر لەم سالّەدا کەوتنە پێش ئیبراهیم یونال، کە ژن برای طغرل بێگ بوو، بە نێوی ئەوەوە فەرمانرەوایی ولاّتی رەی و هەمەدانی دەکرد، لەبەر رووتی و پەرپووتی و بیّ خۆراکی ئۆغوزەکان وایان بە باش زانی بەرەو ولاّتی رۆم (ئاسیای بچووك) کۆچ بکەن و شارە دەولّەمەندەکانی بیزەنتە و گوندە بە پیتەکانی ئەنادۆل رووت بکەنەوە. ابن بی بی، له سەلجوقنامەکەیدا (چاپی پاریس ل ٢) دەلّێت: [کاتێك سولەیمانشاە کوڕی قوتولمش گەیشتە ئاسیای بچووك ١٢٠ هەزار خانەوادەی تورکمانی لەگەلّدا بوون، کە له تورکستانەوە بە شێوەی جەنگاوەر و تالاّنکەری شاران کەوتبوونە شوێنی]. وەك بەلّگەیەکی مێژووییش قسەکانی ابن فضلان (أحمد بن فضلان بن العباس بن راشد بن حماد) نوێنەری



PDF4KURD

خەلیفەی عەبباسی بۆ لای سلاڤەکانی باکوری زەریای قەزوین (واتە صقلبییەکان) و یەلتوار پادشای بولگارەکان لە شاری بولگارسکۆی سەر رووباری ئەتیل (ڤۆلگا) لە سەدەی دەهەمی زایینیدا، هەژاری و رەشورووتی ئـەم تورکمانانـە دەسـەلمێنێت (بڕوانە هەواڵی سەفەری ابن فضلان، بە تەحقیقکردنی زەکی وەلیدی تۆغان):

Ibn Fadlan's Reisbericht (AKM, BD, xxiv, HF, 3) Ed.
. (Togan (Leipzig, 1939

هێرشی مەغۆلەکانیش بۆ سەر خاکی تورکستان، کە لە سەدەی سیانزدەهەمەوە دەستی پێکردبوو پاڵی نا بە ئۆغوز و تورکمانەکان پتر بەرەو رۆژئاوا بچن و یەکێك لەو سەرکردە تورکمانانە، کە ناچار بوو لەگەڵ تیرەو هۆزە شوانکارییەکانییەوە روو بکاتە رۆژئاوای کەرتی ئاسیا بە نێوی تەیمورلەنگ ناسرا ، کە ساڵی ١٣٩٣ی زایینی خۆی خزاندە نێو کوردستان و لە لایەك کوڕەکەی نارد بۆ داگیرکردنی ئامید (دیار بەکر)و مێردین و تورعابدین و حسنکیف و خۆیشی، لە لایەکیدییەوە ساڵی ١٤٠١ی زایینی، روویکردە جەزیرە و میسیل و هەولێر و پاشان، هەروەك لاپەڕەکانی ٤٩٥ — ٤٩٩ ی بەندی بیستەمی ئینسیکلۆپیدیای تورك Turk Ansiklopedisi (چاپی ئەنقەرە، ساڵی ١٩٧٢ی زایینی) ئەوە روون دەکاتەوە، کەوا پاش هەولێر ساڵی ٨٠٣ی هیجری / ١٤٠٣ی زایینی دانشتووە کوردەکانی ناوچەی کەرکووکی رووت کردۆتەوە و ئەوجا چووەتە بەغداو داگیری کردووە دوا بە دوای چەند مانگێك بە هەمان ڕێ گەڕاوەتەوە کوردستان ولە پاشەکشێدا ژمارەیەك لە جەنگاوەرە تورکمانەکانی لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە ناوچەی کەرکووکدا جێگیر کردووە. ئەم پلەیە (واتە سەرەتای سەدەی پازدەهەمی زایینی) یەکەم دیاردەی جێنشینی گرووپێکی ئەتنیکی تورکمانەکانە لە خاکی گەرمیان و هەرێمی شارەزوری کوردستانی باشووردا. هەرچەندە ئەمانە هەر لە هەمان ریشەی تورانییەکان بوون، بەڵام پاشان وەکو کورد بوونە قوربانی ئەو ململانە ئایینزانییەی سوننە و شیعەگەرییەی کە لە نێوان



عوسمانی و سەفەوییەکاندا پەیدا بووبوو. کاتێکیش کە دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان ساڵانی ١٣٧٨ی زایینی — ١٥٠٢ی زایینی لە ئەنەدۆڵدا جێگیر بووبوو، دەستەڵاتدارەکانی ئەم دەوڵەتە لە کوردستان وئازربایـنجانـدا تووشی هێزی دوو تایفەی جەنگاوەری چادرنشینی تورکمان بە نێوی (تایفەی قەرە قۆینلوی شیعەو ئاق قۆینلوی سوننە) بووبوون، کە بەرە بەرە دەیانویست خۆیان بخزێننە ئەنەدۆل، بەڵام عوسمانیەکان لە کۆتایی سەدەی پازدەی زایینیدا وایان بە باش زانی ئاق قۆینلوەکان بەلای خۆیان راکێشن، هەر لەبەر ئەمە ئیسماعیلی صەفەوی ساڵی ١٥٠٢ی زایینی لە تەورێزدا بە هێزی قزلباشەکانییەوە دایە سەر ئەم ئاق قۆینلویانە و ئازەربایجانی ڤالا کرد لە تورکمانە سوننیەکان و تاوەکو ئامید و مرعش کۆچەرەکانیانی راوناو لە ساڵی ١٥١١ی زایینیدا لە ناوەڕاستی ئەنەدۆڵدا شاە ئیسماعیل هێزێکی شیعەی قزلباشی جێگیر کردو لەوێشەوە رووی کردە میسیل و شارەزور بۆ ئەوەی بەغدا داگیر بکات، بەڵام خان سەلیم (یاووز سەلیم)ی عوسمانی پێش ئەوەی روو بکاتە شەڕی چالدێران توانی ٤٠ هەزار لەم قزلباشانەی ئەنەدۆڵ لە نێوبەرێت، کە پاشماوەکانیان پاش ئەم جینوسایدە بەرەو ناوچەی گەرمیانی کوردستان هەڵاتن و دوا بەدوای شەڕەکەی چالدێران، کە لە ساڵی ١٥١٤ی زایینیدا رووی دابوو، خانی عوسمانی، هەر وەك داود ماك دۆوال دەڵێت، لە بەر رێزگرتنی ئەو کەسانە کە پشگیریان لێکردبوو وەك پاداشت ٧٥هەزار لە بۆز ئولوس (ئەسمەرە) تورکمانەکانی ئاق قۆینلوی ناردە شارەزور و سەرووی سوریا، کە بۆ پتر زانیاری لەم بوارەدا دەتوانن بڕوانن لاپەڕەکانی ٢٥ — ٢٦ی کتێبی داوود ماکدۆواڵ:

David McDowall, A Modern History of the Kurds, London,
(.1996, PP. 25 – 26

بەم جۆرە، بەشێك لە تورکمانەکان، وەك کۆمەڵێکی ئەتنیکی ئەلتایی، کە مەرجە میللییەکانیان لە نێوەڕاستی ئاسیادا سەریهەڵدابۆوە، لە سەدەی ١٤ — ١٥

ی زایینیدا لە کوردستانی خواروودا جێگیربوون و هاتنەوەیان بۆ ئەم وڵاتە، هەروەك لە مێژوودا ئاشکرایە، بە هۆی گێروگرفتێکی ئابووری و عەسکەری و رامیاری بوو، کە لە کاتی کۆچکردنیاندا تووشی هاتبوون. ئەوجا، ئەگەر مەڵبەندی سەرهەڵدانی مەرجی میللییەتی گشت کورد، لە پاڵ ئەوانەی شاە عەباسی صەفەوی بەرەو خوراسان ونێوراستی ئاسیا کۆچی پێکردبوون، چیاکانی زاگرۆس و کوردستان (لەگەڵ گەرمیان و شارەزوردا) بێت، ئەوا مەڵبەندی سەرهەڵدانی میللییەتی تورکمانەکانی کەرکووك وگەرمیان بێگومان بە هەمان شێوە دەبێت بیابانەکانی قەرەقورم و تورکمانستان بێت ، بۆیەکا تورکمانەکانی دەرەوەی خاکی تورکمانستان، وەك تورکمانەکانی کەرکوك، لە چاو زانستدا نابێت خۆیان بە نەتەوە (أمة، شعب) بناسن، چونکە لە خاکی کوردستاندا گوزەرانی دەکەن، کە لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەمرۆ و نایانەوێت وەکو خاکی نیشتمانی خۆیان دان بە نێوی کوردستان بنێن، نیشتمانیش (واتە زەوی) یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی هەر نەتەوەیەك لە مێژوودا، ئەوجا هەروەك کورد لە سەدەی دوازدەهەمی زایینەوە کاتی فەرمانڕەوایی ئەیوبییەکان لە لوبناندا دەژین یان لە سەدەی شازدەهەمەوە لە بۆ تورکمانستان کۆچ کراون هێشتا لەم خاکانەدا بە نەتەوە ناژمێردرێن، ئەمانیش، کە وەك تایفەیەك یان کەمایەتییەك لە زەویی وڵاتێکی دیدا دەژین، کە کوردستانە نابێت وەکو نەتەوە و (شعب) بدرێنە قەڵەم و لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان لە پاڵ عیراقییەکانیدیدا بەرەو سیستەمیکی پێشکەوتوو چوون، بەڵام بە گاریگەری فیزێکی گەورەی بە نازی رابووردووی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و یادی سیاسەتی کەمالیزمی جمهورییەتی تورکیادا هێشتا حەسرەت بۆ دەستەڵاتداری مەزنی نەتەوەی تورك لە رۆژئاوای ئاسیادا دەخۆن، کە کورد و ئەرمەن و عەرەب و چەرکەس و بولگار و یۆنان بە گشتی لە بن دەستیاندا لە ئەشکەنجەدا بوون، بەڵکو ئەمرۆش هێشتا هەندێك لەم گەلانە، بە داخەوە، لە بن دەستیان دەناڵێن. لە لایەکیدییەوە، لەسەر ئەم هەستە نا واقعییە زۆربەی



تورکمانە توندرەوەکانی کوردستان ، ئەمرۆ نایانەوێت حەقیقەتی هەبوونی گەلێك وەکو کورد و نیشتمانێك وەکو کوردستان بزانن و ئەگەر لە ناخی دڵیاندا هەست بە هەبوونی ئەم گەلەو ئەم نیشتمانە بکەن، ئەوا لە راستیدا نایانەوێت دانی پیا بنێن، ئەم هەڵسوکەوتە سیاسییەش بە هیچ جۆرێك ناتوانێت راستییە مێژووییەکانی سەدەکانی رابووردووی رۆژئاوای کەرتی ئاسیاون بکات.

## کەرکووك لە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانیەکاندا

کەرکووك، هێژ لە چەرخی ساسانییەوە تاوەکو سەرەتای چەرخی ئیسلامی، وەك شارێکی نێودار، بە هەرێمی شارەزور پێویست بووە و دانشتووەکانی لە خێڵە کوردیەکانی گەلالی و هەذبانی و زەگنە وگووسەو مەبیر و سوبوولی یان سۆتوونی و حەسنانی پێك هاتبوون و بەرێوەبەرایەتیەکەی لە چەرخی ئومەوی و عەبباسی و ئەیوبیدا، هەر وەك حمد الله المستوفی القزوینی لە سەدەی هەشتەمی هیجریدا رامان دەگەیێنێت، لە لایەن میر و مەلیکەکانی کورد بەرێوە چووە، ئەمە لە کاتێکدا خەلیفەی عەباسی لەساڵی ١٠٥٥ی زایینیدا داوای لە سەلجوقییەکانی کرد، پاش ئەوەی ئایینی ئیسلامیان قبووڵ کردبوو و لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران فەرمانڕەوییان دەکرد، رووبکەنە بەغدا بۆ ئەوەی سەرکردایەتی لەشکری عەباسی لەوێدا بگرنە دەست و بەرەنگاری هێزی ئیماراتە ناوچەییەکانی وڵاتی کوردەواری بکەن هەر وەك ئەم هەواڵە لە کتێبەکەی ولیەم کلیڤلاند، مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چاپی ئوکسفورد روونکراوەتەوە.

William L. Cleveland, A History of the Modern Middle East,
.Westview Press Boulder, San Francisko, Oxford, 1994, P. 36

ئا بەم جۆرە، کاتێك کۆچەرانی ئۆغوز لە هەرێمی الجبل (سوبێری سۆمەری و عالیاتمی ئەکەدی یان کوهستانی ئێرانی و ئەلیاوای کوردی) پەڕینەوە دیوی عێراق، بەرێوەبەرایەتی وڵاتی ئەلۆەند و شارەزور خۆزستان و ئەو ناوچانە، کە کەوتبوونە رۆژهەڵاتی (شط العرب) لە نێوان ساڵانی ٩١٩ — ١٠٩٥ی زایینیدا بە پێی وتەی داوود

ماكدۆوال هەر لە ژێر دەستەڵاتداری وکارگەری دەوڵەتی حەسنەوی (حسنويه) کوردیدا مابوونەوە، بڕوانە:

David McDowall, A Modern History of the Kurds, London – (.New York, 1996, P, 23

ئەوجا لەسەر ئەم ڕاستییە مێژووییانە، لە سەدەی دوازدەهەمدا (هەروەك لە مەقالی سێهەمی کتێبی « نزهة القلوب »ی حمد الله المستوفی القزوینی، کە لە ساڵی ٧٤٠ی کۆچی / ١٣٤٠ی زایینیدا نووسراوە و لە لایەن گای لسترنج لە لایەن ساڵی ١٩١٣ تحقیق کراوە سوڵتانی ئەم سەلجوقیانە بە نێوی (سینجەر) نێوبانگی دەرکردبوو، ئەم هەرێمەی (الجبل)ەی نێو نا بە (کوردستان) و دابەشی کردە سەر ١٦ ویلایەت و شارەزووریش (بە شاری کەرکووکەوە) یەکێك بوو لەم ویلایەتانەی کوردستان و بە هیچ جۆرێك کۆمەڵێکی عەرەب یان تورکمان تاوەکو ئەم سەردەمە لەم ویلایەتانەدا نیشتەجێ نەبوون.

لە ڕاستیدا، نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەهەم، سەردەمێکی نابود بوو، بۆ گشت گەلی کورد و بە تایبەتی بۆ دانشتووانی شارەزور، چونکە لە ساڵانی ١٢١٧ – ١٢٣٠ی زایینیدا، کە مەغۆلەکان لە وڵاتی خوارزمەوە شۆڕبوونەوە ئێران و عێراق و کوردستان و لە ساڵی ١٢٣٥ – ١٢٣٦ی زایینیدا، هەر وەك داوود ماكدۆڵ (لاپەڕە ٢٥) دەڵێت، شارەزور (بە کەرکووکەوە) لە لایەن ئەمانەوە خاپورکراو پاش ئەوەی ساڵی ١٢٥٨ی زایینی بەغدایان کاولکرد، هۆلاکو لە کاتی کشانەوەیدا بۆ شاری تەورێز ژمارەیەکی زۆر لە دانشتووانی دیاربەکر و جەزیرەو مێردین و هەکاری کوشت. هەروا داوود ماکدۆوال دەڵێت (لاپەڕە ٢٤) تەیمورلەنگ کاتێك کوڕەکەی جەلال الدینی میرانشاهی کردە فەرمانڕەوای کوردستان، ئەم سەرکردە تورکمانە هەڵستا بە رووتکردنەوەی مەڵبەندە گەورەکانی کوردنشین وەك شاری دیاربەکر و مێردین و تور عابدین و حەسەنکیف و کاتێك کوردەکان ساڵی ١٤٠١ی زایینی شۆڕشێکیان بەرامبەر ئەم تورکمانانە بەرپا کرد، تەیمورلەنگ هەر لە دوای ئەوەی کەرکوکی رووتکردبۆوە، هێرشێکی بردە سەر هەولێر و میسیل و جەزیرە و ماڵی کوردەکانی ئەم ناوچانەی وێرانکرد و زۆربەی هەواڵی ئەم



سەردەمە (سەدەی ١٥ی زایینی) بە زمانی سوریانی لە لایەن بیهنش تۆمارکراوە، کە کتێبەکەی لە بریسلاو ساڵی ١٨٣٨ی زایینی چاپکراوە: Behnsch, Rerum
. Breslau 1838 ,seculo XV in Mesopotamia gestanum liber

ئەوجا شتێکی نامۆ نییە تەیمورلەنگ لە کوردستاندا بە خۆی و لەشکرەکەیەوە لەلایەن کوردەکانەوە تەفنوتونا بکرێت، پاشان لە ناچاری شاهروخی کوری تەیمورلەنگ ساڵی ١٤٢١ی زایینی ڕێز لە میرەکانی کورد وەك شمس الدینی بدلیسی و مەلیك محمد الهیکاری و میری حصنکیف مەلیك خەلیل ومیرەکانی شاری خیزان و خۆی بگرێت .

هەروەها، لە سەدەی ١٥ – ١٦ی زایینیدا (واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیمپیراتۆرێتی عوسمانی لە ئەنەدۆڵدا) بەرێوەبەرایەتی هەرێمی شارەزور لەگەڵ میرنشینەکانیدا لەلایەن پاشایانی کورد بەرێوە دەچوو و بە هیچ جۆرێك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا هەواڵی میرنشینێکی تورکمان لەم هەرێمەدا تۆمار نەکراوە و لە کاتێکدا سوڵتانەکانی (ال عوسمان) پاش دڵنیا بوونیان لە سیاسەتی دۆستایەتی میرنشینە سوننەکانی کوردستان لە رۆژهەڵاتی دەوڵەتەکەیاندا، خەریکی غەزاکردنی کەرتی ئەوروپا بوون، سەفەوییەکانیش لە ئێراندا خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی ئەم میرنشینە ئازادانەی کوردستانی باکوور و باشوور بخەنە ژێر رکێفی خۆیان . بۆیە ئیسماعیلی سەفەوی، پاش ئەوەی ساڵی ١٥٠٢ی زایینی شاری تەورێزی داگیر کرد، بە نێوی (شاە ئیسماعیل)ەوە ئیعلانی دەوڵەتی سەفەوی کردو لە ساڵی ١٥٠٣ی زایینیدا بە خۆی و لەشکرەکەیەوە هێرشی بردە سەر کوردستان تا گەیشتە شاری دیاربەکر و مرعش وەکو لەمەو پێش باسمانکرد، ئەوجا لە ساڵی ١٥٠٧ی زایینیدا سنووری دەوڵەتەکەی لە تەورێزەوە گەیاندە ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ و دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری لە قزلباشەکانی لێرەدا بەجێهێشت، ساڵی ١٥٠٨ی زایینیش روویکردە میسیل و بەغدا. بەم جۆرە، لە سەدەی شازدەهەم سەفەوییەکان بە پشتگیری هۆزە تورکمانەکانی قەرە قۆینلو بەرە بەرە دەستیان خستە سەر ناوەندی زەویی عوسمانییەکان و بوونە فشارێکی ترسێنەر بۆ پلانەکانیان لە بۆ داگیرکردنی رۆژئاوای ئاسیای بچووك و کەرتی ئەوروپا. لە رۆژهەڵاتشدا، وەك ئیمامێك، شاە ئیسماعیل بڕیاریدا سەرداریەتی میرنشینەکانی کوردستان بداتە دەست خێزانە تورکمانەکانی (اثنی



PDF 4 KURD

عشری)، که وایکرده ئاق قۆینلوەکان بە هەموویان کوردستان بەجێ بهێلن و تەنیا میرنشینێکی کورد، که له کوردستاندا لە لایەن شاه ئیسماعیلەوە ڕێزی لێدەگیرا میرنشینی ئەردەلانیەکان بوو، هەر بۆیە لەم سەردەمەدا شاه ئیسماعیل ڕێی دایە خێزانی میرە ئەردەلانییەکان لە شاری سنەوە حوکمی نێوەڕاستی زاگرۆس و شارەزور بکەن تا دەگاتە خوار شاری کەرکوك. ئا لەم کاتەدا سولتان سەلیم فەرمانی دایە مەلا ئیدریسی بدلیسی بۆ ڕێکخستنی پێوەندی میرە کوردە سوننییەکان لەگەڵ عوسمانییەکاندا بۆ ئەوەی پێکەوە هێرش بەرنە سەر شاه ئیسماعیل وهاوپەیمانەکانی بە مەرجێك بەشێك لە زەوی کوردستانی باکوور و باشوور، بە گەرمیانیشەوە، بدرێتە دەست ئەم میرە کوردانە و پاشان تێدا شانزدە (حکوومت) پێك بهێنرێن و ئەم حکوومەتانەش دابەش بکرێنە سەر چەند سنجەقێك (واتە ناوچەی بەڕێوەبەرایەتی) وکاروباریان بە شێوەی نەوەیی (وراثي) بە ڕێوە بچێت، واتە لە پاش باوکەکان لە لایەن کوڕەکانیانەوە کوردستان ئیدارە بکرێت. لە پاڵ ئەمانەشدا عوسمانییەکان دانیان نا بە سەرۆك هۆزو ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردی سوننی وەك دەستەڵاتدارانی رەسمی ئیمپراتۆریتی عوسمانی لە کوردستاندا، شارەزوریش، پاش ئەم سەردەمە، وەك میرنشینێکی کورد، بە فەرمانی سەلیم خانی یاووز ، لە پاڵ میرنشینەکانی دیاربەکر، وان، کەوتە بەر دەستی میرەکانی (قەرە ئولوس) ی کوردی، کە ژمارەکەیان دەگەیشتە ٤٠٠ میرزادە و بە سیاسەتی مەلا ئیدریسی بدلیسی زۆربەی هۆزەکانی قەرە قۆینلو لە کوردستان دوورخرانەوە و توانرا بەڕێوەبەرایەتی ئەو هەرێمەی، کە کەوتبۆوە نێوان شاری سولەیمانی و سەر هێڵی کەرکووك — بەغدا (واتە گەرمیان) لە دەست ئەردەلانییەکان دەربهێنرێت و لەم کاتەدا لە بەغدا سەرکردەیەکی کورد بە نێوی (ذو الفقار الموصلی) بە هاوکاری عوسمانیەکان بوو بە فەرمانڕەوای گشت عێراق، هەر لەم کاتەشدا جەنگ لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەر بەردەوام مایەوە تا شاه تەهماسپی سەفەوی توانی لە ساڵی ٩٣٦ی کۆچی / ١٥٣٠ی زایینیدا بەغدا داگیر بکات و کۆتایی بە فەرمانڕەوایی ذو الفقار الموصلی بهێنێت، بەڵام دوای سەردەمێکی کەم سوڵتان سولەیمانی قانونی لە ساڵانی ١٥٣٣ — ١٥٣٥ی زایینی و ١٥٤٨ و ١٥٥٣و ١٥٥٤ی زایینیدا توانی هێزەکانی خۆی لە پشتەوە بخزێنێتەوە نێو



خاکی ئازربایجان و فشار بخاتە سەر کرۆکی دەوڵەتی سەفەوی، ئێرانییەکان بە ناچاری لە بەغداوە پەلاماری کوردەکانی بەلقاس و شارەزوریان دا و ناوچەی گەرمیانیان داگیرکرد. لە کۆتاییدا، لە ساڵی ٩٩٩ی کۆچی / ١٥٩٠ی زایینیدا، بە پێی پەیمانێك لە نێوان ئێرانیەکان و عوسمانیەکاندا، تەهماسپ دەستی لە بەڕێوەبەرایەتی هەرێمەکانی ئازربایجان و شارەزور و لورستان هەڵگرت و هەرچەندە پاش دە ساڵێك ئێرانیەکان ئازربایجان ولورستانیان گەڕاندەوە بن دەستی خۆیان، بەڵام بە پێی پەیمانی ساڵی ١٦١٢ی زایینی، شارەزور، وەك بەشێك لە خاکی کوردستان، لە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانیەکاندا مایەوە . ئا لەم سەردەمەدا شاه عەباس ١٥ هەزار لە هۆزە کوردییەکانی باکووری کوردستان وەك حەیدەرانلو، زەعفەرانلو، گەلاڵی. . هتد گواستەوە خوراسان بۆ ئەوەی لە پێش سنووری دەوڵەتی سەفەوی ڕێ لە کۆچەرە تورکمانەکان بگرێت بۆ ئەوەی شۆر نەبنەوە ناو خاکی ئێران. عوسمانییەکانیش لە لایەن خۆیانەوە ئالوگۆری جێنشینی ئەو هۆزە کوردانەیان کرد، کە سەریان بۆ تورك دانەدەنەواندبوو وەك (شێخ بزێنی)یەکانی ناوچەی کەرکووك، کە گواسترانەوە ئەنەدۆل (خوار ئەنقەرە) و چەند هەزار خێزانێکی هەمەوەندیش، کە لە ڕۆژهەڵاتی کەرکووکەوە گواسترانەوە ناوچەکانی مێردین و ئورفە لە خوار ئەنادۆل و بەشێکی دیان گەیێندرانە وڵاتانی لیبیاو جەزائیر لە سەرووی ئەفریقیادا. لە کۆتایی حوکمی شاه عەباسیشدا، عوسمانییەکان بە پشتگیری میرەکانی کوردستان دەستیان کرد بە کۆششکردن بۆ ئەوەی بەغدا (عێراق بە گشتی) بخەنە بن دەستی خۆیان، لەبەر ئەمە ساڵی ١٦٢٣ی زایینی حافظ پاشا بە لەشکری هۆزەکانی کوردستان (کە زۆربەیان گەرمیانی بوون) چەند جارێك دایە سەر بەغدا و ڕۆڵەکانی کورد ئازایانە بۆ تورکەکان بەرامبەر ئێرانیەکاندا دەجەنگین. پاش مردنی شاه عەباس، لە ژێر سەرکردایەتی خەسرەو پاشادا وبە یارمەتی سید خانی ئامیدی و میر بەگی سۆران و عەشائری باجەلانی گەرمیان، هەمان لەشکری کوردستان ساڵی ١٦٢٩ی زایینی ڕوویکردە بەغدا، بەڵام ئەحمەد خانی ئەردەلان لەگەڵ میرەکانیدی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەهێزی عەشائرەکانیانەوە پەلاماری شاری سنە و هەمەدانیان دا و فشاریان خستە سەر هێرشی لەشکری کورد کە رووی کردبۆوە بەغدا، بۆیە عوسمانییەکان لە ناوچەی چەمچەمال

(کوردستانی رۆژهەڵات) و دارتەنگدا دایانە سەر ئەردەلانیەکان تا ئەو کاتە موراد خان (سوڵتان مورادی چوارەم ١٦٢٣ — ١٦٤٠ی زایینی) لە ساڵی ١٦٣٨ی زایینیدا بەغدای پێ داگیرکراو پاش ساڵێك ئێرانییەکانی ناچارکرد پەیمانی (گلستان)ی لەگەڵدا مۆرِ بکەن و بە پێی ئەم پەیمانە هەردوو ئیمپیراتۆرییەت (عوسمانی وسەفەوی) خاکی کوردیان بە گشتی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا دابەشکرد، شارەزوریش (بە کەرکوك و سولەیمانی و هەولێر)ەوە وەك ئەیالەتێك کەوتە ژێر کۆنترۆلی عوسمانییەکان و بریار درا شاری کەرکووك وەك ناوەندی ئەم ئەیالەتە بمێنێتەوە، بەڵام بەرێوەبەرایەتییەکەی بە رەزامەندی عوسمانییەکان کەوتە بن دەست ئیمارەتی بابانی کوردی، کە لە ساڵی ١٦٣٠ی زایینەوە لە پژدەر ئەم ئیمارەتە سەریهەڵدابۆوەو پاشان مەڵبەندی میرەکانی گوێزرایەوە شاری سولەیمانی و سنوورەکەی لەم کاتەوە کەوتە نێوان زێی بچووك و رووباری دیالی لە خوار چیای حیمریندا تا وای لێهات لە سەردەمی سولەیمان پاشادا (١٦٩٩ی زایینیدا) دەستەڵاتداری بابانەکان لە رۆژهەڵاتدا گەیشتە شاری هەمەدان. هەر وەك س. هـ. لۆنگریگ S. H. Longrigg لە ئینسیکۆپیدیا بریتانیکا (وشەی بابان) دەڵێت [عوسمانییەکان لە پاڵ هەرێمەکانی ئیمارەتی باباندا دانیان بە سەرکردایەتی میرە کوردەکانیتریان نا و نازنێوی (پاشا) شیان پێ بەخشین و کەرکووکیش وەك ناوەندی [شارەزور بوو بە بەشێك لە ئیمارەتی بابان. . ئا لەم سەدەی حەڤدەمەدا گەرۆکی عوسمانی و نووسەری زیرەکی سوڵتان مورادی چوارەم ئەولیا چلبی (دەروێش محمد زیللی ١٦١١ — ١٦٨٤ی زایینی)، پاش گەشتەکەی لە کوردستاندا، لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا بە نێوی (سیاحەتنامە) دەڵێت: [ویلایەتەکانی ئەرزورِۆم، وان، هەکاری، دیاربەکر، عمادیە، موصل، شهرەزور (بە کەرکووکەوە. . ج. ر.) و ئەردەلان بە گشتی کوردستان پێکدێنن، کە مرۆڤ بە ١٧ رۆژ دەتوانێت لێی رەت بێت «، واتە کەرکووك وەك کرۆکی (ناوەند)ی شارەزور بە چاو عوسمانییەکاندا شارێك لە شارەکانی کوردستان بووە . بە پێی ئەم راستییە مێژووییە، هەر وەك نوێنەری سوپای بەریتانی لە کوردستانداو لێپرسراوی کاروباری کورد لە وەزارەتی ناوەوەی عێراقدا ج. س، ئدمۆندس، دەڵێت» ئەم هەڵسوکەوتی ئەیالەتی شارەزورە تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەمی زایینی هەر وەکو خۆی



مایەوە، کە سینجەقەکانی سولەیمانی وهەولێر تا کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمی زایینیش هەر بە شاری کەرکووکەوە بەسترابوون]. لە ساڵی ١٨٦٩ی زایینیەوە تاوەکو ساڵی ١٨٧٢ی زایینی بەڵگەنامەکانی ئیمپیۆاتۆرێتی عوسمانی و لە فەرمانەکانی سوڵتانەکانیدا ئەوە روون دەکەنەوە کەوا کەرکووك هێژ وەك ناوەندی ئەیالەتی شارەزور خوێندراوەتەوە و کاتێك شاری سولەیمانی لەم ئەیالەتە جیا کراوەتەوە، هەولێر تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی هەر وەك بەشێك لە هەمان ئەیالەتدا ماوەتەوە ، بەڵام لە ساڵی ١٨٧٩ی زایینیدا کاتێك تورکەکان میسیلیان لکاندۆتەوە ئەم ئەیالەتە نێویان ناوە بە (ویلایەتی موصل) (بۆ ئەم راستیانە برِوانە کتێبی J. C. Edmonds, Kurds, .Turks and arabs, London 1957, P. 265ff

لەگەڵ ئەو گۆرانکاریەشدا، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا روویداوە، کەرکووك هەر وەك شاریکی سەرەکی کوردستان لە ویلایەتی میسیلدا بە ناوەندی سینجاقی شارەزور ناسراوە و عوسمانییەکان لەم کاتەوە تا شەرِی جیهانی یەکەم دارودەستەو جەندرمەی خۆیان تێدا نیشتەجی کردووە.

لە لایەن دیمۆگرافیشەوە، لە پاڵ نیشتەجێبوونی تورکمانەکان لە سەدەی پازدەهەمەوە لە کەرکووکدا، زۆربەی خەڵکی ئەم شارە کورد بوون و بێجگە لە چەند گوندێکی تورکمان، کە کۆمەڵانی قزلباش و رافضی لە سەردەمی عوسمانیەکاندا لە ناوەراستی زەریایەکی کوردەواریدا تێدا نیشتەجی بووبوون (وەك تسن وترکەڵان وبێشیر و تازەو وبڵاوە وتاووخ) خەڵکی زۆربەی قەزاو ناحیەو گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك وەك چمچەمال و شوان و لیلان و توز خورماتو و نمرە هەشت هەر لە لایەن عەشائری کورد وەك تالەبانی و داوودە و کاکەیی و جەباری و شێخانی و رۆژبەیانی و شێخ بزێنی. . هتد جێنشین مانەوە. و لە کاتی ئەنفال کردنی کورد و تەعریبا کردنی محافەزەی کەرکوك لە لایەن رژێمی بەعس بە سەرکردایەتی سەدامەوە عەرەبە توندرەوەکان ٧٠٠ گوندی ئەم کوردانەیان خاپور کرد و دانشتووەکانیان بە کوشتن یان بە گواستنەوە ئەنجامدا و هەروەکو ئاشکرایشە بناغەی ئابووری شاری کەرکوك هەمیشە لە سەر بەرهەمەکانی ئاژەڵ و حەیوان بە خێوکردن و کشتوکاڵی کوردستان دەوەستا و کۆمەڵی ئەتنیکی کورد لە گشت پێنج سەدەی

حوكمڕانی عوسمانییەکاندا لە ناوچەی گەرمیاندا وەك زۆرینە مایەوە، جا بۆیە لە بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی عوسمانیدا وەك (قاموس الإعلام) دەبینین پسپۆڕێك وەك مامۆستای بەنێوبانگ ی عەرنائوتی شمس الدین سامی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دان بەم ڕاستی و هەڵسووکەوتە مێژووییە دێنێت و بە تورکی دەڵێت:

[کرکوك. . کوردستانك موصل ولایەتندە و موصلن ١٦٠ کیلومتر جنوب شرقسندە و بر صرە تپلرك ئلتندە أولەرق واسع بر أووەنن کنارندە و (وادی أدهم) أوزرندە شهرزور سنجاغنك مرکزی بر شهر أولوب ٣٠٠٠٠ أهالیسی، قلعەسی ٣٦ جامع ومسجدی ٧ مدرسەسی ١٥ تکیە و زاویەسی ١٢ خانی ١٢٨٢ مغازە و دکانی، بدستانی ٨ حمامی، نهرك أوزرندە بر کوپرسی، بر رشدیە و ١٨ صبیان مکتبی ٣ کلیساسی و بر حاورەسی واردر. بر تپەنك أوزرندە بولنان قلعە درونی إیلە قلعەنك ئلتندە کی محلاتدن ونهرن صاغ طرفندەکی قسمندن مرکب اولدینی حالدە، أهالیسینك أوچ ربعی کرد و قصوری ترك و عرب وسائرەدر و ٧٦٠ إسرائیلی و ٤٦٠ کلدانی دخی واردر. . إلخ] .

واتە: [کەرکووك. . لە ویلایەتی موسلی سەر بە کوردستان و لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری موسل بە ١٦٠ کیلۆمەتر و لە خوار چەند گردێکی زەردو لە کەناری کۆمەلگایەك و لەسەر(دۆڵی ئەدهەم) وەك ناوەندی سینجەقی شارەزور شارێکە، کە دانشتووانی ٣٠٠٠٠ کەسن، قەڵاتێکی لێیە لەگەڵ ٣٦ مزگەفت و ٧ خوێندنگە، ١٥ تەکییە و زاوییە، ١٢ خان، ١٢٨٢ کۆگاو دوکان، دەبستانێك، ٨ حەمام، پردێك لە سەر ڕووبارەکە، روشدیەیەك، ١٨ مەکتەبی منداڵان، ٣ کڵێسە و حاورەیەك. لە دەستی ڕاستی ڕووبارەکە و لە سەر گردێك قەڵاتێك دروستکراوە و لە بنیدا چەند مەحەللەیەك، کە سێ چارەکی دانشتووانی کوردن و ئەوانی دی تورك و عەرەب، پاشان ٦٧٠ جولەکە و ٤٦٠ کلدانی تێدایە. . هتد».

ئەمما لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ڕاوێژکارێکی بریتانی وەزارەتی ناوەوەی عێراق وەك ج. س. ئیدمۆندس، پاش لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی، زانیارییەکی باشی دەربارەی شاری کەرکووك و دانشتووەکانی دەوروبەری کۆکردۆتەوە ولە کتێبەکەیدا (تورك وکوردو عەرەب) دەلێت کەوا کاتێك بریتانییەکان لە ساڵی ١٩١٨ی زایینیدا کەرکووکیان



داگیرکرد ژمارەی دانشتووانی ئەم شارە ٢٥ هەزار کەس بوون. . سەرەرای ئەوەی قەزاو ناحیەو گوندەکانی دەوروبەری ڕوویەکی ژیانی جووتیارانەی کوردی تێدا هەبوو و هەر یەکێك لەمانە لە پاڵ کەرکووکییەکاندا بۆ فرۆشتنی بەرهەمی کشتوکاڵی عەشائرەکانی داوودە و تالەبانی و کاکەیی و ڕۆژبەیانی و شێخانی و جەباری و جاف و زەنگەنە و گل و شوان کرۆکیکی (مەرکەزێکی) بازرگانیان پێکەوە نابوو، بەڵام لە نێو شاری کەرکووکدا ژمارەیەکی زۆر لە تورکمان بەرچاو دەکەوت، کە هەندێ لە خێزانە بەنێوبانگەکانیان لە بنەڕەتدا هەر کورد بوون و خێزانە بەنێوبانگەکانیان وەك نەفتچی و یەعقوبی لە بنەرەتدا سەر بە عەشیرەتی زەنگەنەی کورد بوون وەك ئەو هەوالآنە کە تورکمانەکان بە خۆیان دەیانگێڕایەوە». وئەگەر پشت بە ووتەی شمس الدین سامی ببەستین و سێ چارەکی دانشتووانی کوردی شاری کەرکووك لە ٢٥ هەزار کەسەکە جیا بکەینەوە، ئەوا ژمارەی تورکمان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نەدەگەیشتە هەفت هەزار کەس، هەروا، بە پێی قسەی ئێدمۆندس لە ساڵی ١٩١٨ی زایینیدا، کە سەربازەکانی عوسمانی گەڕانەوە ناو شاری کەرکووك کلیسەی ئەم شارەیان کردە ئەمباری چەك و ئازوقەی خۆیان و پێش ئەوەی خۆیان بە یەکجاری بکشێنن کلێسەکەیان کاوڵکردو روخاندیان».

هەر چۆنێك بێت، هەموو بەڵگە مێژووییەکانی پورت و ساسانی و عەرەبی و ئارامی و عوسمانی و سەفەوی ئەوە دەسەلمێنن، کەوا کەرکووك وەك شارێك لە شارەزوردا (یان لە گەرمیاندا) بەشێك بووە لە وڵاتێك، کە تورکە سەلجوقییەکان لە سەدەی دوازدەهەمی زایینیدا نێویان ناوە بە (کوردستان)، ئەوجا بریتانییەکان ئەگەر لەبەر دەستخستنی بە سەر کانگاکانی نەوتی کوردستان لە شەڕی جیهانی یەکەمدا خۆیان خزاندۆتە شارەزور و بە زۆرەملێ بەرامبەر تورکەکان خەباتیان کردووە، ئەوە هەر لەبەر ئەوە بووە ویلایەتی موصل بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و هەوڵیان داوە بە بووژاندنەوەی ئاواتە سیاسییەکانی کورد و مافە نەتەوییەکەیان مەبەستەکانیان بێگەیەننە ئەنجام، بۆیە لێپرسراوانی بریتانی دەستیانکرد، بێجگە لە کۆکردنەوەی ئیمزای خەڵکی دهۆك و ئامێدی و زێبار و ئەتروش و سەرسەنگ و زاخۆ، بیروڕای کوردی گەرمیان (بێ تورکمانەکان) بەرامبەر بە داخوازییەکەی موستەفا کەمال و دارودەستەکەی لە ویلایەتی موسلدا بەکاربهێنن. ئەم

ستراتیژییەتە بریتانییە وای کرد بە ئیدمۆندس لە نێو عەشائری کوردی کەرکووك و گەرمیاندا وەك جاف و دیلۆ و تالەبانی و زەگنە و کاکەیی و شوان بگەرێت و پێش ئەوەی لێژنەی سنوور دەست بە کاری خۆی بکات، کە ئەندامەکانی لە میسیل کۆبووبوونەوە، راپۆرتێك بۆ کۆمیتەی گەلان (عصبة المم) بنێریت بۆ ئەوەی بتوانێت رەزامەندی خۆبەستنەوەی خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان بە دەوڵەتی عێراق مسۆگەر بکات . لە لایەکیدیەوە بریتانیا رۆژی ١٣ی کانوونی دووهەم ١٩٢٦ی زایینیدا پەیمانێك لەگەڵ حکوومەتی بەغدا بەست بۆ ئەوەی لە کۆمیتەی گەلان (عصبة المم)دا بەڵگەیەکی داننان بە عێراق وەك دەوڵەتێك پەیدا بکات و مەملەکەتی عێراق ببێتە یەکێك لە ئەندامەکانی ئەم کۆمیتەیە. بە پێی ئەم یاریە دیبلۆماسییە، بریتانیا وەك گەورەترین هێزی ئیمپریالی لەو کاتەدا توانی ویلایەتی موسل (کوردستانی باشوور بە گەرمیانەوە) بقۆزیتەوە و پاش وتوویژێکی دوورو درێژ لە ئەنقەرەدا رۆژی ٥/ ٦/ ١٩٢٦ زایینی تورکە کەمالییەکان بەرامبەر بڕیاری جیهانی ناچار بکات لە سەر هێلی بروکسل نێوان عێراق و تورکیا رێك بکەون. بەم جۆرە کەرکوك و گەرمیان لەگەڵ بەشەکانیدی کوردستانی باشوور بە کۆششی بریتانیەکان بوونە بەشێك لە خاکی دەوڵەتی عێراق .

لە لایەکیدییەوە، کاتێك گیروگرفتی کوردستان لە کۆبوونەوەکانی وەزارەتی هیندستان رۆژی شەممەی ٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ی زایینی باس دەکرا، بە پێی بەندی چوارەمی پێشنیازەکان لە نامەی یاریدەدەری وەزیری بریتانی بۆ کاروباری دەرەوە أ. هرتزل، کە لە ژێر ژمارەی ب ٧٧٠١ رۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩١٩ی زایینی، هەروا بڕوانە بەڵگەنامەی F0371/5068, Kurdistan, India Office Recommendations. 20 Dec.1919

کە ئاراستەی وەزارەتی کاروباری هیندستانی کردبوو تێدا «دەلێت مۆنتاگیو بە چاکی نازانێت ناوچە کوردییەکان بخرێنە ناو سنووری دەوڵەتی عێراق و هێلی سنووری باشووری کوردستان لەگەڵ عێراقدا بەلای ئەو لە راستیدا ئەو هێڵەیە، کە لە خانقینەوە بەرەو کفری و پاشان بەرەو کەرکووك و ئاڵتون کۆپری و هەولێر و دهۆك و زاخۆو پێشخابوور (فیشخابوور) دەڕوات» واتە ئەم هێڵەی کوردستانی باشوور گەرمیان و شارەزووریش لە



خۆ دەگرێتەوە. بۆ پتر زانیاریش دەربارەی ئەم بۆچوونانە لە دەقی بەڵگەنامەکانی وەزارەتی بریتانی بۆ کاروباری دەرەوە (ئەرشیڤی نیشتمانی هیندستان) کە بە نێوی کوردستان پارێزراوە و هرتزل لە بەندی پێنجەمی راپۆرتەکەیدا دیسان دەڵێت: «مۆنتاگیو وا پێشنیاز دەکات بە پێی دەستوور کوردستانی باشوور لە لایەن دارایی و سیاسی دەبێت بەرامبەر بە عێراق دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆ بێت و ئەنجوومەنێکی کارگێڕی تایبەتی تێدا دروست بکرێت و ئەندامەکانی لە لایەن ئامۆژگارەکانی بریتانی یارمەتی بدرێن:»

لە پاڵ ئەوەی پێشتر باسمان کرد، لە کۆنگرەی قاهیرەشدا، سەرەڕای ئەوەی سێر پرسی کۆکس حاکمی بریتانی لە عێراقدا بە پشتگیری گێرترۆد بیل سکرتێری کارەکانی رۆژهەڵات لە دائرەکەیدا (کە لە ژێر چاودێری وەزیری کۆلۆنییەکان وینستون چەرچل نێوان ١٢ — ٣٠ی مارتی ساڵی ١٩٢٠ی زایینی سەرپەرشتی کرا)، وای بە پەسەند دەزانی کەوا بەرێوەبەرایەتی کاروبارەکانی کوردستانی باشوور لە شاری کەرکووکەوە بکرێت ، لە هەمانکاتدا بەلای نۆئێل (نوێنەری دەزگەی کاروباری نهێنی بریتانی لە کوردستاندا) و بە رەزامەندی لۆرانس، سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کوردستان دوور لە کۆنترۆلی عەرەب بە کارێکی ژیرانەی دەزانی ، بەڵام بە داخەوە رائد یانگ هەوڵی دەدا ئەم پرۆژانە هەندێ دوابخات تاوەکو دەوڵەتی عەرەبی عێراق لەسەر پێ دەوەستێت. پاش ئەوەی چەرچل کورتەی بیروڕای ئەندامەکانی کۆنگرەی کۆکردەوە، رێکخستنی ئەنجومەنێك یان پەرلەمانێك و سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کورد (بە کەرکووکەوە) لە نێوان تورکیا و عێراقدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی بریتانیا بە سیاسەتێکی چاك دەزانی، لەبەر ئەمە لە راپۆرتی کۆتاییدا مافی کورد بە چاو ئەوانەی لەم کۆنگرەدا بەشدار بووبوون گەیشتە ئەنجامێك، کەوا ئەگەر هات و بە زۆرە ملێ ناوچە کوردییەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆلی حکوومەتی عەرەبی لە بەغدا، ئەوا ئەم حکوومەتە لە لایەن کوردەکانەوە تووشی بەرەنگارییەکی توند دەبێت و ئەمرۆ، بە پێی ئەم راستیە مێژوویانە پەرلەمانی کوردستان لە دیباجەی دەستوورەکەیدا بە بێ پێچ و پەنا لە ساڵی ٢٠٠٦ی زایینی دانی بەوە نا، کەوا کوردستانی باشوور رۆژێك لە رۆژان هەرگیز



PDF 4 KURD

بەشێك نەبووە لە عیراقی عەرەبی، ئەو عێراقە، کە سنوورەکەی لە باکووردا لە چیای حەمرین تێپەڕ نەکردووە، بەڵام دەبێت بگوترێت کەوا ئەم پارچەی کوردستانە بەبێ ڕەزامەندی گەلی کورد لکێنراوەتە عێراقی عەرەبی. جا بۆیە بە پێی بەشی یەکەمی ماددەی ٢ ی ئەم دەستوورەی ساڵی ٢٠٠٦، کوردستانی باشوور پێك دێت لە پارێزگای دهۆك بە سنووری کارگێری ئێستای و سنووری کارگێری پێش ساڵی ١٩٦٨ی لەگەڵ پارێزگای کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و قەزاکانی ئاکرێ و شێخان و شەنگار و تەلەعفەر و تلکێف و قەرەقوش و ناحیەی زەمار و باشیقە و ئاسکی کەلەك لە پارێزگای نەینەوادا و هەر دوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە و قەزای بەدرەو جەسسان لە پارێزگای واسیتدا بە سنووری کارگێری ساڵی ١٩٦٨ ی زایینی. لەگەڵ ئەم هەموو بیروراyانەشدا، لەبەر بەرژەوەندییەکی ستراتیژی بریتانی کەسێك وەك ئارنۆلد ویلسون هەر لە کۆنگرەی قاهیرەدا هێژ لە ساڵی ١٩٢٠ زایینەوە وای بە باش دەزانی، ئەگەر هات لە کوردستانی باشووردا حکوومەتێکی ناوچەیی دروستکراو لکێنرا بە عیراقی عەرەبییەوە، دەبێت سنووری خوارووی ئەم حکوومەتە لە زێی بچوك تێپەڕ نەکات بۆ ئەوەی بیرە نەوتییەکانی کەرکوك بە ئاسانی لە ژێر کۆنترۆلی حکوومەتی عیراقی مەرکەزیدا بمێنێت کە هێزەکانی بریتانی کۆنترۆڵی دەکەن، چونکە لە سەرەتادا بڕیار وابوو کاروباری عیراق بە کوردستانی باشووریشەوە لە ژێر مانداتی بریتانییەکاندا لە شاری بەغداوە بچێتەوە ڕێ . هەر بۆیەش لە سەر ئەم پرینسیپەی ئارنولد ویلسون ساڵی ١٩٩١ی زایینی هاوپەیمانان هیڵی ٣٦ یان کرد بە سنووری پاراستنی گەلی کورد لە هێرشەکانی هێزی ئاسمانی عیراق.

لە راستیدا بۆچوونە ناراستەکانی سەر ئەفسەرانی بریتانی ئارنولد ویلسون سەبارەت بە کەرکووك دیسان ساڵی ١٩٦٦دا لە راپۆرتێکدا لە لایەن لێپرسراوانی ئینگلیز دووبارەکرایەوە، کە بە بۆنەی پرۆژەی (اللامركزية) لە لایەن سەرەك وەزیرانی عێراق عبد الرحمن بەزاز رۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی زایینیدا بڵاوکرابۆوە و لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیەوی بریتانی لە شاری لەندەندا (Royal Aziatic Society) مستر ج. س. ئەدمۆندس بۆ



پشگیریکردنێکی ستراتیژی بریتانی هەنگاوەکەی حکومەتی عێراق لە راپۆرتەکەیدا دەست نیشانکرد (بروانە دەقی پرۆژەکەی عبدالرحمن بەزاز لە ژمارەی ٦٢ی رۆژی ١٩٦٧/٧/٢ی زایینی رۆژنامەی (التاخی)) وتێدا ناراستەوخۆ (کورد گوتنی بە قەستی) هەندێ نیشانەی تایبەت سەبارەت بە دوورخستنەوەی کەرکووك لە کۆنترۆلی هەرێمی کوردستان بۆ عەرەبە توندرەوەکانی دڕکاند، کە لەم کاتەدا لە لایەن دەزگە نهێنییەکانی بریتانیا وەك تابوری پێنجەم دژ بە بزاڤە دیموکراتی و چەپەکان لە عێراقدا و دژ یە سەرکردایەتی موستەفا بارزانی کاریان دەکرد. لە راستیدا پرۆژەی (لامەرکەزییەت) لە پاش کودەتای ١٩٦٣/٢/٨ی زایینییەوە کەوتە سەر زاری دەستەڵاتدارانی حکوومەتی بەغدا، کاتێك بڕیاریان دا پارێزگایەکی سولەیمانی پێکبهێنرێت و هەولێرو قەزای دهۆك و چەمچەمال بخرێنە سەری بە مەرجێك کەرکووك و توزخورماتو و کفری وخانەقین و شنگار و زەممار لێی دابڕێن (!)، هەر بۆیە ئەنجامی پەیمانی ١١ی ئازار ١٩٧٠ بە لای بەعسییەکان هەر هەمان پرۆژەکەی ساڵی ١٩٦٣ بوو، کە لە لایەن ئەدمۆندسەوە پەسەند کرابوو، بەڵام لە جیاتی سلێمانی شاری هەولێریان کرد بە ناوەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (بەبێ وشەی کوردستان) و لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ — ١٩٧٤ی زایینیدا، بێجگە لە نزیك کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی عێراق و هێزە سیاسیەکانی کوردی ئێران و سوریا هەتا وەکو سوڤییێتیش لە لایەن بەعسییەکانی حکوومەتی بەغداوە بە مەبەستی دوورخستنەوەیان لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و پاشان هەڵ دان بۆ لاوازکردنەوەی کاریگەری سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول لە گشت سنووری وڵاتی کوردەواریدا چ بە سیاسەت و چ بە تیرۆرکردنی سەرۆك و ئەندامە سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە، بەعسییەکان هەڵستان بە شێوەیەکی فراوانتر ناوچە کوردنشینەکانیان تەعریب کرد، کە لە سەرەتادا لە ناوچەی گەرمیانەوە (بە تایبەت لە شاری کەرکووکەوە) بە شێوەیەکی فراوان هێژ لە ساڵی ١٩٦٣ وە دەستی پێکردبوو.

بێ ئەوەی لە بنەڕەتی سیاسەتی تەعریب بکۆڵینەوە، کە هەر لە سەردەمی داهاتنی ئایینی ئیسلام دەستی پێکردووە، بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان و



PDF 4 KURD

کەسایەتییە بە تەمەن چووەکانی کورد، سەرەتای کێشەی تەعریب کردنی کەرکووك لە سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە کاتی فەرمانڕەوایی خێزانی هاشمییەکان لە عێراقدا پاش ئەوەی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢١ی زایینیدا فیصل کوڕی حوسەینیان (١٨٨٥ – ١٩٣٣ی زایینی) کردە مەلیکی ئەم وڵاتە، ئەمیش لە لایەن خۆیەوە گەشتێکی فراوانی کرد لە نێو شێخ و ئاغاو دەرەبەگەکانی کورد و عەرەبدا بۆ ئەوەی سەبارەت بە حوکمەکەی گوێ لە بیروڕایان بگرێت، لە کۆتاییدا تەماشایکرد گەورەترین کێشە لەم وڵاتەدا ڕاگرتنی بزوت وکۆچکردنەوەی هۆزەکانی کۆچەرە عەرەبەکان وگیروگرفتی دامەزراندن و چاککردنەوەی باری ئابووریانە، بۆیە وای بە باش زانی بەشێك لە خێڵی العبید و الجبور، کە لە بیابانەکانی ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلە (نیوان موصل و سامەرادا) بڵاو بووبوونەوە و ژمارەیەك لە تیرەکانیان لە ڕووبارەکە پەڕیبوونەوە وگەیشتبوونە خوار خانەقین، بیانگوێزێتەوە ناوچەی کەرکووك و لەوێدا جێگیریان بکات. بە پێی بۆچوونی مەلیك فیصل گواستنەوەی ئەمانە لە ناوچە عەرەبییەکانی خوار چیای حەمرین بۆ ناوچەی کەرکوك لە لایەك پەسەندترین چارەسەرکردن بوو، بۆ پێشخستنیان و لەلایەکیدییەوە، بە پێی بۆچوونی ئەو، لاوانەکانیان لە دوا ڕۆژدا دەتوانن ببن بە پاسەوانی کانگاکانی نەوت لە بابا گورگوردا لە جیاتی لاوانی کورد، بەڵام ئەم پلانە لە بەر مردنی فیصل جێی خۆی نەگرتەوە تا ساڵی ١٩٣٦ی زایینی و لە کاتێکدا کە کار کەوتە دەست توندرەوە سیاسییەکانی عەرەب لە بەغدا (بە تایبەت لە کاتی مەلیك غازیدا) و بە فەرمانێکی ڕەسمیی ئەم عەشائرانەی العبید و الجبور گەیێندرانە ناوچەی (کانخوێ)ی خوار کەرکووك، کە لە دواییدا ئەم نێوە کوردییە گۆردرا بـ(الملحة)ی عەرەبی و درەنگتر ئەم مەلحەیەکرا بە ناوەندی ناحیەی (الحویجە).

ئێمە هەروەکو لە دایکبووی ڕۆژی ٣/٦/ ١٩٤١ی زایینی لە قەڵاتی کەرکووکدا، لە بیرمان ناچێت، کە لە هاوینەکانی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابووردوودا، ئەم عەرەبە کۆچەرانەی (العوبەید و الجبور)ەمان بە کاروانێکی حوشتر و باری خوێ و پشقلدا لە پاڵ ئاوازی ناسازی ڕەبابەدا دەدی، کە خۆیان دەخزاندە گەڕەکەکانی شاری



کەرکووك. ئەوجا لەگەڵ فرۆشتنی خوێ و پشقلەکەیاندا، هەندێك لەمانە لە بەر ماڵی دەولەمەندەکانی شاری کەرکووکدا لە بۆ عانەیەك (چوار فلس) لە پاڵ ڕەبابە ژەنندا، دەستیاندەکرد بە هەڵدانی (مدح کردنی) خودانی ماڵە کەرکووکییەکان بە کوردو تورکمانەوە و پاشان دەگەڕانەوە مەڵبەندەکانیان لە حەویجەدا. ئەمانە وەك کۆمەڵێکی ئەتنیکی خاوەن زمان و جل و بەرگ و ڕەوشتێکی سەرەتایی تایبەتیی بەدەوی لەبەر چاوماندا شتێکی نامۆ بوون و ئێمە وەك کۆمەڵێکی شارستانی تێرو پاك وپوخت نەماندەتوانی دیاردەی هەڵسوکەوتی ژیانی ئەم بەدەویانە بقۆزینەوە، چونکە بە هیچ جۆرێك لە بۆ خۆشوشتن و پاککردنەوەی جلوبەرگیان ئاویان بەکار نە دەهێنا ودرەنگتر تەنانەت لە بۆ مەبەستی ئامادەکردنی نانێکی بۆگەن وفرۆشتنی لە بازاڕی کەرکووکدا ئاگریان بە پشقل دادەگیرساند، بۆیە نانەکەش هەر هەمان بۆنی پشقلی لێدەهات، بەڵکو هەر بە خۆشیان وەك عەشائری کۆچەری کوردی جافی گەرمیان حەزیان لە یاسای ژیانی شار نەدەکرد، هاتنەوەی ئاغاو شێخشیان وەك عواد المهاوش و زیدان العجاج و حسین حُمیّد بۆ شاری کەرکووك تەنیا لەبەر بەرێوەبردنی هەندێ کاروباری حکوومەت وبازاڕکردنێکی سووك بەولاوە هیچیدی نەبوو.

ئەمە لە لایەك، لە لایەکیدییەوە، لە بەر ئەوەی زمانی بازاڕ هێشتا وەك سەردەمی عوسمانی لە ژێر کاریگەری زمانی تورکمانیدا بوو، هەندێ عەرەبییدی، کە لە شاری کەرکووك نیشتەجێبووبوون و خۆیان بە حەیوان کوڵکردن و گۆشتفرۆشتن خەریك کردبوو، لە لایەن کولتوورییەوە وەك کوردە ئێرانییەکانی سەقز و بانە لە نێو باری ژیانی تورکمانەکانی گەڕەکی موسەللا و سەقاخانەدا تواببوونەوە، بۆیە هەتا وەکو ئەمرۆ ئەم پەنا بەرانە بە نێوی قەصابەکانی عەرەب ئۆغلو ناسراون و کوردە ئێرانییەکانیش بوونە تورکمانێکی توندرەو دژ بە بزووتی ئازادی هاونەتەوەکانیان.

لە پاش مردنی مەلیك غازی، لە ڕێی تێکەڵاوبوونی زێی بچووك بە ڕووباری دیجلەوەو، کە بە هێڵی نمرە هەشت لە لایەن مستەر هنری دۆبس نێودار بوو (کە ئەمرۆ نێوی ئەم ئنگلیسە بە هەڵە بۆتە دوبس یان دبس) هەندێ لە کۆچەرانێکی عەرەبی (حدیدی) شۆڕبوونەوە شاری کەرکوك و بەرەبەرە بە خەڵکی بنەڕەتی ئەم

شاره له قەڵەم دران بێ ئەوەی وەك قەصابەكانی عەرەب ئۆغلو هەستە عەرەبییەكەیان بەرامبەر شالاوی توركمانچییەتی شاری كەركووك ون بكەن، بەڵام زۆربەی پیاوە گەورەكانیان كاتی كۆچكردنیان لە ناوچەكانی گەرمیاندا فێری كوردی بووبوون. لەگەڵ ئەم هەڵسوكەوتەشەدا پتر لە نیوەی دانشتووانی گەرمیان، بە شاری كەركووكەوە، لە كاتی سەرژمێری (إحصاو) ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٤٧ بە كوردێتی خۆیان مانەوە و لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ زایینیدا زۆرینەی دانشتوان لەم هەرێمەی كوردستانی باشوور ولە شاری كەركوكدا دیسان وەك كورد خۆیان تۆماركردەوە .

ئەگەر پەیدابوونی تێكەڵاوییەكی ئەتنیكی عەرەب لە شاری كەركووكدا لە سەر حیسابی كورد و توركمان تا سەرهەڵدانی رژێمی كۆماری بە دیاردەیەكی ئاسایی دەهاتە پێش چاو، بەڵام، بە داخەوە، كارەساتەكەی ١٤ — ١٥ی تەمووزی كەركوك ساڵی ١٩٥٩ی زایینی، كە بە فیتی لێپرسراوانی كۆمپانیای IPC دژ بە كۆمونیستەكان (بە زۆرینەیەكی كورد) روویداو پاشان وەك پیلانێك بە دەست بەرپرسیارە توندرەوەكانی عەرەب بەسەركردایەتی عبدالسلام عارف و ناظم الطبقجلی و عبد الرحمن بزاز و طاهر یحیی كرا بە بیانوو بۆ فراوانكردنی سیاسەتی تەعریب لە نێو شاری كەركوكداو بە بەرهەڵستیكردنی كوردی ناو شارەكە ئەم عەرەبچییەتییە بێ هیچ بەرەنگارییەك چووە رێوە و بەرەبەرە توانرا ئەو سیاسەتە لە لایەن رژێمە هەمە جۆرەكانی عێراق بچەسپێنرێت و لە دواییدا لە گشت و وڵاتە عەرەبییەكان و توركیاو ئێراندا بایەخێكی رەگەزپەرستانەی پێ بدرێت. لە راستیدا، ئەم دیاردەیە ئەنجامی بریارێكی نالەباری رژێمی عبدالكریم قاسم بوو، كە كوردە لێپرسراوە رەسمییەكان پاش هەرەسەكەی نێو شاری كەركوك بە فەرمانی ئەو لە دامودەزگەی موحافەزەو پۆلیس و ئەمن وفیرقەی دوو و لەشكرو پۆستەو و تاپۆی شاری كەركووك هەر لە ساڵی ١٩٥٩ زایینەوە بۆ ناوچەكانیدیی عێراق دوورخرانەوە، دوا بە دوای ئەمەش رێ خۆشكرا بۆ توندرەوە عەرەبەكان و بەعسییەكان لە ساڵی ١٩٦٣ زایینیدا دەست بكەن بە دەركردنی پسپۆر و كرێكارە كوردەكان لە كۆمپانیای نەوتی عێراق I P C، ئەوجا بەرپرسە عەرەبەكانی دەزگاكانی شاری كەركووك دەستیانكرد توركمانە



توندرەوەكان بە فیتی تۆڵەسەندن لە كورد چ بە كوشتن چ بە تێزابرشتن بە گیانیاندا فێر تێرۆركردنی نێودارانی ئەم گەلە رەسەنەی شارەكە بكەن بۆ ئەوەی فشارێك بخەنە سەر چینی هەژارە كوردەكانی، كە زۆرینەی شارەكە بوون، بۆ ئەوەی بە رەزامەندی خۆیان مەڵبەندی گوزەرانی خۆیان بەجێ بهێڵن. لەو كاتەدا، كە بەعسیەكان لەبەر نەبوونی جەماوەریان لە شاری كەركووكدا، بۆ چەند هەفتەیەك پاش كودەتاكەیان لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینیدا پشتیان بە كۆچەرەكانی العبید و الجبور بەست و بەرپرسێتی خۆیان دایە دەست چەند مرۆڤێكی نەزان و ئەمانەش بە دەست درێژكردن بە سەر پنتەكانی دەزگە رەسمیەكانی دەوڵەت و (سیطرة)كانی سەر رێگای شارەكان فشاری خۆیان خستە ئەستۆی دانشتووانی رەسەنی كەركووك، كە لەوەی رێی بەغدا رۆژی ١٠ی شوبات ئێمەی خوێندكارانی كورد، لە كاتی گەڕانەوەماندا بۆ زانكۆ بەغدا، بە بەبیانووی راونانی بەرهەڵستانی ئەم كودەتایە و لە بۆ بەجێهێنانی بەیانی ١٣ی إبادة الشیوعیین دەستگیریان كردین و پاشان تەسلیمی ئینزیباتخانەی كەركووكیان كردین، ئەوجا لە ژوورێكی بچووكی ئینزیباتخانەكەدا پاش لێدان و ئازاردانێكی زۆر و بەبێ هیچ لێكۆڵینەوەیەك ئینزیباتە عەرەبەكان بڕیاریاندا بە چەكی كلاشینكۆف لە نێومانبەرن، بەڵام لێپرسراوی ئینزیباتخانەكە وای بە باش زانی پێش كوشتنمان بیروڕای بەرێوەبەرایەتی دەزگەی پاراستن (ئەمن) وەربگیرێت و خۆشبەختانە گرتنمان پێشتر لە ساڵی ١٩٦٢ی زایینیدا لە لایەن ئەم دەزگەیەوە بە تۆمەتی (متمرد ومتعاون مع العصاة) و حجزكردنی ماڵمان و ئوتێلمان و ئۆتۆمۆبێلمان بە گشتی بوونە هۆی رزگاربوونمان لەم گێرەشێوێنییەی پاسەوانەكانی العوبەید و الجبوری ناوچەی حەویجە. لەمەش بەدتر، روخاندنی جێنشینی كوردەكانی گەڕەكی جمهوری و شۆرجەو تەپەی مەلا عبداللە لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا بە دەست سەربازەكانی عبدالسلام عارف و رەبابە ژەنگەكانی ساڵانی زوو و تاڵانكردنی ماڵ و مەسكەنەكانمان بۆگەنترین سیاسەتی توندرەوەكانی عەرەبی هاووردوو بوو لە گشت ناوچەی گەرمیاندا.

بەم جۆرە بەد بەختییەكەی گەرمیانییەكان لە مێژوودا وەك راستییەك هەر لە سیاسەتی بریتانییەكان و لە بۆچوونەكانی كەسانێك وەك ویلسون و ئێدمۆندس سەری



PDF 4 KURD

هەڵدابۆەو بەرە بەرە لە چوارچێوەی پرۆپاگەندەکانی چارەسەرکردنی کیشەی کوردستان بووبۆوە بناغەی دووبەرەکی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتی بەغدا. بەم جۆرە بە پشتگیری هیزە چەکدارەکانی عێراق هەر لە سەردەمی فەیسەلی یەکەمەوە عەرەبەکانی حەویجە لە چەسپاندنی سیاسەتی تەعریبکردنی شاری کەرکووك هەر بەردەوام بوون و ئەمرۆ پاش ئەوەی نەوەی تازەیان لەم هەرێمەدا لە دایکبوون بە هیچ جۆرێك دان بە کوردستانیەتی شاری کەرکووك نانێن.

پاش ئەم هەموو حالە تراژیدیەی گەلەکەمان، تورکمانە توندڕەوەکان، کە لە مێژوویاندا نە شۆڕشێکیان لە پێناو کەرکووکدا بەرپا کردووە و نە دلۆپێکی خوێنیان بۆ ئەم شارە رشتووە، نەك پشتگیرییەکی ئەدەبی وهاونیشتمانیەتی کوردیان کردبێت، بەڵکو لە بەر جێگیربوونیان بە زۆرەملێ لە ناوچەی کوردستانی باشووردا و لە بەر ترسی دوورخستنەوەیان لەم ناوچانە بە دەست خاوەنی راستەقینەی نیشتمانەکەیان کە کوردن هەمیشە پیرۆزبایی و دەستخۆشیان لە سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکان کردووە، نەك تەنها لە گەرمیاندا، بەڵکو لە ئاستی گشت کوردستانی باشووردا، ئەمەش بێگومان بۆچوونێکی نا واقعیانەیەکە، کە لە ژێر فشاری هەستی تەسکیان و ستراتیژیەتێکی نا پەسەندیان سەری هەڵداوەتەوە و هەمیشە وەك عەقیدەیەکی سیاسی ئەم ستراتیژییەتە لە چوارچێوەی فۆرمی دژایەتی ئاواتی رزگاربوونی کورد بۆتە وێردی سەر زمانیان وتاوەکو ئەمرۆش وا بیر دەکەنەوە، کە ئەگەر هاتو رۆڵەکانی کورد بەهێز بوون بە هەر شێوەیەك بێت تۆڵەی خۆیان لێیان دەستێننەوە.

لە راستیدا، لە سەردەمی حوکمرانی عەرەبە توندڕەوەکان و لەبەر خەتەرناکی راستییە مێژووییەکان، چەوساندنی کوردو تەعریبکردنی شاری کەرکووك بە بڵاوکردنەوەی دروشمە نا راستەکانەوە و لەبەر چاوی زەقی هەموو هاوشاری کەرکووکدا بەشێکی زۆر لە تورکمانە توندڕەوەکان، لە پاڵ هەستە تەسکەکەیان نەیانویستووە دان بە کوردستانییەتی ئەم شارە دێرینە بهێنن ، هەر وەك بلێیت کوردەکانیش مافیان هەیە دان بە تورکمانیەتی تورکمانستان نەهێنن، ئەمە لە کاتیکدا تورکمانەکان بە گشتی چاك دەزانن، کە کورد وەك بەشێك لە نیشتمانی



خۆیان بە خوێنی هەزاران شەهید و بەبێ یارمەتی هیچ نەتەوەیەکی دی توانیان ساڵی ١٩٩١ی زایینی کوردستانی باشوور بە گشتی و خاکی گەرمیان بە تایبەتی لە گەڵ کەرکووکیشەوە رزگار بکەن.

هەر چۆنێك بێت پاش کودەتای ساڵی ١٩٦٨ی زایینەوە، بەعسییەکان، بە شێوەیەکی فراوانتر و بە پیلانێکی رێکوپێکتر دەستیانکرد، نەك بەعەرەبکردنی کەرکووك بە تایبەت، بەڵکو بە عەرەبکردنی دەوروبەری ئەم شارەش و هەندێ لە ناوچەکانی کوردستانی باشووریش بە گشتی، کە هەر لە گوندەکانی قەرە هەنجیر و حەسارو گۆڵدەرە و دارەمان و مەخموورەوە دەستیان پێکرد تا گەیشتە زەمار و فائدەو شنگار لە ناوچەی میسیلدا، پاشان بە بیانووی بەرهەڵستیکردن لە ئاکامی جەنگی ئێران و عێراقدا سیاسەتی ئەنفالیان جێبەجێ کردو توانیان پتر لە ٤ هەزار گوندی کورد کاولبکەن و لە ناویاند ٧٠٠ گوندی دەوروبەری شاری کەرکووك بوو، ئەو گوندانە کە هەر لە ساڵی ١٩٦١ی زایینەوە مەڵبەندی حەوانەوەی رۆڵەی هێزەکانی میللی رزگاری کوردستان بوون.

لە راستیدا، لە بەر ئەوەی مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەدا بابەتی کەرکووك و گەرمیانە، ئەمرۆ پێشنیازەکانمان لە بواری لکاندنیان بە حکوومەتی کوردستانی باشوور تەنیا بە بابەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتیی وئالۆزیی شێواندنی باری بنەڕەتیی ناوچە دابڕاوەکان پێوەستە، بۆیە لەم بوارەدا دەبێت بە شێوەیەکی ژیرانەو ئاشتیانە بیر بکەینەوە، کەوا چۆن دەتوانرێت شوێنەوارە کاریگەرییەکانی سیاسەتی نارێکی توندڕەوە عەرەب و تورکمانەکان یاسایانە پوچ بکەینەوە و بە چ جۆرێك ئەنجامەکانی تەعریبکردن لە گەرمیاندا لە لایەن پیاوانی حکوومەتی کوردستانی باشوور لە ناو بدرێت، بە تایبەت پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان و فەرمانڕەواکانی ئەم حکوومەتە، وەك پاڵپشتییەك بۆ مافی مرۆڤ لە جیهاندا، ساڵی پار توانیان بەرنامەیەك دابڕێژن سەبارەت بە گەڕاندنەوەی کوردە کۆچکراوەکانی گەرمیان بۆ شارە دێرینەکەیان . .؟ .



PDF 4 KURD

## چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك لە ژێر تیشکی رووداوە مێژووییەکانی کورد و جوگرافیای کوردستان و یاسای مافی مرۆڤ

لە رۆژهەلاتی رووباری خاسەی کەرکووکداو لە (فندق الرافدین)ماندا یەکێك لەو یادداشتانەی خوالیخۆشبووی باوکماندا، کە هەرگیز لە بیرمان ناچێت ئەوە بوو، ئەم مرۆڤە، لە پالّ پشتگیریکردن و بووژاندنەوەی چینی رۆشنبیری کوردی ناو شارەکە، کە نموونەی کارێکی نەتەوییانە بوو لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، هێژ لە سالّی ١٩٥٢ی زاییینەوە وەك شارستانییەك سەرۆك عەشائرەکانی تالەبانی (وەك شێخ فائقی باوا) و جەباری (وەك شێخ جەبار) و کاکەیی (وەك عەلە ئاغا) و کەسانی دیی هان دەدا، کەوا لە ناو شاری کەرکووکدا زەوی و خانوو بکرن بۆ ئەوەی رۆلّەی عەشائرەکانیان بەرەبەرە لە ناویدا نیشتەجێ بن و پێوەندی ئابووری گوندەکانیان یەکسەر لە بازاڕدا بە دەست هاو نەتەوەکانیان بەرێوە بچێت و بتوانن پێوەندی ژیانی کۆمەلایەتیان هاوچەرخانە بکەن بە تایبەت لەو کاتەدا کە کەسانێك وەك سەعید قەزاز بووبوو بە متصرفی لیوای کەرکووك و شێخ فاضل فیض اللّٰهی تالەبانی بووبۆوە سەرۆکی شارەوانی تێدا و دوکتۆر عوسمان ئەحمەد کاروباری نەخۆشخانەی ناوەندی ئەم شارەی دەسووڕاند، بەلام بە داخەوە بیری خێلەکی ئەم دەرەبەگانە وای لێ کردبوون ژیانی پێشکەوتووی شارستانی کەرکوکیان لەلا نامۆ بێت بە پێچەوانەی گەورە پیاوانی تورکمان و عەرەب، کە بە کردەوە نەك بە و وتە لە بۆ پتر لە پەنجا سالّ پلانی دابینکردنی ژیانی هاونەتەوەکانیان لە ناو شاری کەرکووکدا ئامادە دەکردو هەموو بناغەی ئابووریان لە واقعدا دەچەسپاند. لە کاتێکی زۆر درەنگدا، کەچی، وەك رەوشتێکی گشتی کورد، لە نێو رۆلّەی عەشائرەکاندا باری رامیاری وەك بەر پەرچی ژیانی پارتایەتی بە کاریگەری بەرپرسانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەرە بەرە بەهێزتر بوو، بەم جۆرە توانرا هەندێ لەو رەوشتە نامۆیەی ئاغایانی کورد تۆزقالێك بگۆردرێت. لێرەدا، لە بواری دواکەوتنی کۆمەلّەکەمان و لێکدانەوەی سادەو بریارنەدانێکی زوو لەبۆ دوا رۆژی ژیان و دوا خستنی بۆ سالانی ئایندە ، لە بۆ وێنە، بیرەوەریەکی خۆمان دەهێنینەوە یاد، کە پێوەندی بە کێشەی کەرکووکەوە



هەیە. لە سەرەتای سالّی ١٩٧٦زاییینیدا، کاتێك بەرێزان مام جەلال تالەبانی و دوکتۆر فواد معصوم پێکەوە لە ژوورێکی بارەگای (التجمع الوطنی العراقی) لە شاری دیمەشقدا لەگەلّ ئۆپۆزیتسیۆنە عێراقییەکانی ئەو سەردەمەدا بە دوو قۆلی کۆببوونەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وەك ئەندام لەو (تجمع) ەدا قبوول بکرێت باسێکی ئەم بابەتەی کەرکووکیان بە زاردا هاتبوو و کاتێك ئەم بەرێزانە لەو کۆبوونەوەیەوە هاتنە دەرەوە، ئێمە وەك کەرکووکییەك بە پەسەندمان بینی بپرسین ئایا دەربارەی کێشەی کەرکووك چ بریارێکیان وەرگرتووە، دوکتور فۆاد گوتی ئەو کێشەیەمان هەندێك دوا خستەوە تا وەکو دەستەلاتداری سیاسی لە عێراقدا دەکەوێتە دەستمان و پاشان بڕیار دەدەین لێکۆلینەوەك لە ئەنجامی سەرژمێرێکی گشتی لە عێراقدا رێك بخرێت. ئەم بۆچوونە، لە راستیدا لەگەلّ بۆچوونەکەی خوالیخۆشبوو موستەفا بارزانی، کە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەلّ صدام حسێن پێش بلاوکردنەوەی بەیانی ١١ مارت رێك نەدەکەوت، کە دوا بە دوای رای وەزیری دیفاعی عیراقی حەردان تکریتی بە کورد نەبوونی شاری کەرکووك، بە شێوەیەك بارزانی وەلامی دایەوە کەوا» ئەگەر هاتوو کوردێکیش لە کەرکووك نەمێنێت ئەم شارە بە بۆچوونی ئێمە هەر وەکو بەشێك لە کوردستان دەمێنێت «ئەوجا ئەو بڕیارەی کۆمەلّە ئۆپۆزیتسیۆنەکانی (تجمع) لە سوریادا، وەك کۆمەلّگەکەی أبو تەمیم (بەعسی سەر بە سوریا) و أبو لیلی (نەتەوەیی عەرەب) و کەسانیدی، کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەی مرۆڤ پترتر نەبوون، هیچ جیاوازییەکی لەگەلّ بۆچوونەکانی حەردان تکریتی و صدام حسێن و دارو دەستەکەیان نەبوو، کە لە کۆبوونەوە تایبەتییەکەیاندا دەریان دەبڕی، بۆیە بەلای ئێمە ئەم رێکەوتنەی یەکیەتییە لەگەلّ (تجمع)دا هەر وەك هەمان داو و پیلانەکەی پەیمانی ١١ ئاذار دەهاتە بەر چاومان، کە لە لایەن حکوومەتەکەی أحمد حسن البکر لە سالّی ١٩٧٠ی زاییینیدا ئیعلان کرا و وەك پیلانێك بۆ چەسپاندنی بەندەکانی ئەم بەیانە لە ئەردی واقعی هەستی بێپرسێتی کورد ماوەی چوار سالّ تەرخانکرا، کە هەلێکی باش بوو بۆ بەعسیەکان لە بۆ بەجێ هێنانی سیاسەتی ئاوارەکردنی کوردی کەرکووك

و تەعریبکردنی ناوچەی گەرمیان کە پاشان بە سایەی هێمنی وەزعی سیاسیدا توانیان، بە بیانووی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی ساختە لەم ناوچەیەدا، ئەو دروشمەی خۆیان، کەوا عیراق، بە کوردستانەکەیەوە، بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب بچەسپێنن و لەبەر دەم گەلانی جیهاندا رووپەکی یاسایی بەم پیلان و درۆیە بدەن . هەر لەم هاوکارییە نالەبارییەی هەر دوو باڵی حیزبی بەعس چ لە عێراق و چ لە سوریادا سەبارەت بە کێشەی کورد وایکردە حکوومەتی بەغدا بە نهێنی هەندێ کەسایەتی کورد (کە پێویست ناکات لێرەدا نیوّیان بێنین) رەوانەی (دیمەشق)یان بکات بۆ ئەوەی لە سەرکردەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بپرسن ئایا چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان بەعسی عێراق و بەعسی سوریادا لە بواری کێشەی کۆمکاریکردنی ئەندامانی گروپە سیاسییەکانی کورد؟ لە کاتێکدا، کە لە عێراقدا دان بە حوکمێکی ئۆتۆنۆمی دراوەو لە کەرکووکیشدا پاش کاتێکی کورت کارێکی سەرژمێری دەست پێ دەکات (!) ، بەچاو صدام و تاقمەکەی ئەم ئۆپۆزیتسیۆنانەی کوردە هەڵچووەکان، کە لە سوریادا گوزەرانی دەکەن باشتر وایە بگەرێنەوە عێراق و وەك ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە رێکخراوی (الجبهة الوطنية الديموقراطية) لە وڵاتیاندا بەشداری کاری سیاسی بکەن. ئەم سەردانانە کاتێك رووی دەدا، کە هەزاران خێزانی کورد بە دەست حیزبەکەی صدام بەرەو خوارووی عێراق کۆچ دەکران وخوالێخۆشبووی باوکمان لەگەڵ ئەمانەدا پاش ٧ سال زیندانی لە کەرکووك ومسیەبدا خزێنرابۆوە ژوورێکی تەسکی (شرطة الخناق) لە شاری سەماوەدا. ئا لەم سەردەمەدا، بەرێز عەدنان موفتی لە گەڕەکی باب تۆمای دیمەشقدا سەرێکی لێداین بۆ ئەوەی بە نێوی (الإتحاد الوطني لطلبة العراق) و (**یەکیەتی قوتابیانی کوردستان**) وەك دوو رێکخراوی جەماوەری عەرەب و کورد مانیفێستێکیان بۆ بنووسین پاش ئەوەی وەکو قوتابیێەك لەگەڵ خوێندکارێکی بەعسی عێراقی سەر بە سوریا، کە دانی بە کوردستانییەتی کەرکووك نەدەهێنا بڕیاریان دابوو ئەو مانیفێستە ئامادە بکەن بۆ ئەوەی، پاش ئەوەی لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکرێتەوە ببێتە بەرپەرچێکی بیری جەماوەر لە بۆ پشتگیری کردن لەو رێکەوتنەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ (تجمع)دا،



هەرواش، وەك بەڵگەنامەیەك، لای خەڵك بپارێزرێت، ئێمەیش لە راستیدا، کە زانیمان ئەم رێکەوتنە لەگەڵ خوێندکارێکی رەگەزپەرستی عەرەبی هەڵاتووی بێکار و سەر لێشێواوی بێ توانا لە نووسینی بەیانێکی دوو لاپەڕەییدا مۆر دەکرێت، کە دان بە کوردستانییەتی شاری کەرکوك ناهێنێت، بە باشمان زانی بەشداری لە کردارێکی وادا نەکەین و لە خۆمان بپرسین ئایا ئەگەر ئەم خوێندکارە نەزان و سەرلێشێواوە جێی صەدامی گرتەوە دەبێت بە چ جۆرێك بڕیاری چارەنووسی کەرکووك بدات؟ بۆیە ئەمرۆ دەمانەوێت بە ئاشکەرا ئەو راستییە بدرکێنین کەوا هەڵوێستی عەرەبێکی توندرەو لەو کاتەدا وای لێکردین داخوازییەکەی بەرێز عدنان مفتی نە پرژێنین و مانیفێستەکەی بۆ نەنووسین و ئێستاش ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو رووداوە تێدەپەڕێت، دەبێت، دیاردەکانی هەمان کێشە، وەك نەخۆشییەك کە لە کاتی خۆیدا چارەسەر نەکراوەو ئەمرۆ ئەنجامەکانی بۆگەنتر بووە و بەرەو شێوەیەکی ئاڵۆزتر دەچێت تا وای لێهاتووە دەوڵەتەکانی دەوروبەری عێراق دەستیان تێ وەرداوە، بە مەبەستی پوچکردنەوەی مافی یەکلایی کورد تێدا دەبێت بە چ شێوەیەك و رێگایەك لە لایەن ئێمەی کەرکووکی خاوەن کێشەکە چارەسەر بکرێت؟.

ئەمرۆ پاش ئەوەی مام جەلال بوو بە سەرەك کۆماری عێراق، لە رۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٩دا توانی بە نوێنەری رۆژنامەی (الحياة) بگەیەنێت، کەوا کێشەی کەرکووك دیالۆگیکی دوورو درێژی دەوێت و گوایا خۆشبەختانە بە رەجەب تەیب ئۆردەغان سەرۆك وەزیرانی تورکیای گوتووە تورکمانەکان دەتوانن بەرێوەبەرایەتی کەرکووك بە دەست خۆیانەوە بگرن ئەگەر قبول بکەن ئەم شارە وەك هەڵسوکەوتی شاری بروکسل ببێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان، بەڵام، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە سێ ساڵی رابووردوودا بە هیچ شێوەیەك دەستی یارمەتی بۆ کوردەکانی کەرکووك درێژ نەکردووە بەلای ئێمە ئەم شێوە وتانە لە لایەن تورکەکان هیچ سوودێکی نابێت. رای سەرەك کۆماری عیراق سەبارەت بە سەرژمێرییەکانی دانشتووانی شاری کەرکووك و پاڵبەستن بە نەخشە رەسمییەکان هەر لە چەرخی عوسمانییەوە تاوەکو بەڵگەنامەکەی عصمت ئینونو، کە پێشکەشی کۆنگرەی لۆزانی



PDF 4 KURD

کردبوو، لە راستیدا باشترین بۆچوونێکە، کە تورکەکان چاویان لێ دادەپۆشن، چونکە ئەمانە هێژ لە بواری بیری حیزبایەتی کەمالیزمی تەسکدا کە ویلایەتی موسلیان بە هی خۆیان دەزانی مامەڵە لەگەڵ لێپرسراوانی کوردستانی باشوور دەکەن ولەم بوارەدا، پاش حوکمدانی صدام حسێن بە هەڵواسین، عبداللە گوڵ رۆژی ٢٠٠٦/١١/٥ هەرەشە لە کوردی عێراق دەکات بەوەی بزانن کە ئەمەریکا هەر رۆژێك بێت ناوچەکە بەجێ دێڵێت و تورکیا هەر دەمێنێت بۆیە دەبێت واز لە پشتگیریکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بێنن و چیدی داوای کەرکووك نەکەن و خەونی سەربەخۆیی کوردستان تەلاق بدەن (!). پاش دوو هەفتەی دی (رۆژی ٢٠٠٦/١١/١٩ی زایینی) و پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق (نوری المالکی)دا، رەجەب تەیب ئۆردوغان ئەم هەرەشەیەی سەبارەت بە کەرکوك دووبات دەکاتەوە و سەرۆکایەتی کوردستان هێژ توانی بە هێمنیەکەوە وەڵامی بداتەوە ورۆژنامەی التاخی (ژمارە ٤٩٠٠، رۆژی ٢٠٠٦/١١/١٩ی زایینی) ئەم وەڵامەی بەم جۆرە بڵاوکردەوە:

(بعد التصريحات التى أدلى بها رئيس الوزراء التركى رجب طيب أوردوغان بخصوص كركوك خلال لقائه رئيس الوزراء العراقى الدكتور نورى المالكى الذى وصل أنقرة فى زيارة له، أدلى متحدث بإسم ديوان رئاسة إقليم كوردستان بهذا التصريح: «نحن ندعم مشروع توطيد العلاقات بين الدولتين العراقية والتركية وفى ذات الوقت نحن فى إقليم كوردستان العراق نؤمن بضرورة تطوير هذة العلاقات فى خدمة البلدين، لكن على أساس إحترام سيادة الطرفين وإن ما أدلى به رئيس الوزراء التركى بخصوص كركوك لا تخدم هذا المشروع، لكون مسألة كركوك قضية داخلية ومعالجتها ستتم بحسب مادة دستورية وهى المادة ١٤٠ وهذا الدستور صوَت عليه أغلب الشعب العراقى بجميع تكويناته ونحن كشعب كوردستان نلتزم بهذا الدستور العراقى بجميع مواده»).

بە داخەوە لە عێراقدا، بە پێچەوانەی هێزە سیاسییەکانی تورکمان و عەرەب، رێکخراوە کوردییەکان تاوەکو ئەمرۆ بە پێی بەرژەوەندی رامیاری حیزبی خۆیان دەبزوێنەوەو کاتێك لەگەڵ حیزبە عەرەبییەکاندا بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك دەکەن، کە لە راستیدا کیشەیەکی نەتەوەیی کوردە، بە هیچ جۆرێك



بێجگە لە خۆیان نەیانەوێت پسپۆران (بە تایبەتی لە دانشتووی کەرکووك، کە خودانی کێشەکەن) رۆڵێکی سەرەکی تێدا ببینن، بەڵکو وەك کیشەی فەلەستینییەکان، هەر کۆمەڵە کوردێك بە نێوی حیزبەکەی خۆیەوە حەز دەکات بڕیارێکی تایبەت سەبارەت بە چارەنووسی دوا رۆژی گەلەکەی بڵاو بکاتەوە تا ئەم پرۆسەیە ئەمرۆ وای لێ هاتووە شێوەی ئیندیڤیدوالیزمی گرتۆتەوە بەر لە جیاتی بەرهەمی بیرێکی یەکگرتووی گشت کۆمەڵ و پارتە سیاسییەکان بێت. هەر بۆیە، وەك پسپۆرێکی مێژوویی کورد و تووشبووی ساڵەهای ساڵی دەردی سیاسەتی عێراقییەکان لە کەرکووکدا، سەرەڕای جۆری شیکردنەوەکانی ریالیستانەی لێکۆڵینەوەکانمان و لە سەر داخوازی هەندێ هاو نەتەوەمان، وامان بە باش زانی بۆچوونەوەکەمان سەبارەت بە کێشەی کەرکووك و گەرمیان بە نامەیەك رۆژی ٢٧ نیسانی ٢٠٠٦ی زایینی بۆ سەرۆکی کوردستانی باشوور کاکە مەسعود بارزانی بنێرین، کە تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە وەڵامێکی تۆمارکراومان لە لایەن دەزگەکەی ئەو بەرێزەوە ئاراستەمان نەکراوە، بۆیە پاش چەند مانگێك و لە رۆژی ١ / ١١ / ٢٠٠٥ی زایینیدا لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتیمان لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی کوردستاندا بەرێز نێچیرڤان بارزانی بە شێوەیەکی کورت ئەو بۆچوونەوەیەمان پێ راگەیاند، کەوا کەرکووکییەکان بە تەمای ئەوە نین خەڵکی ناوچەی دی وەك پژدەر و ئاکرە و بارزان و پێنجوێن بێن شارەکەمان بۆ رزگار بکەن و باری ژیانی جارانی خەڵکەکەی بگەڕێنیتەوە جێی خۆی و پاشان لە کۆتاییدا بەرێوەبەرایەتی ئەم شارە بخەنە سەر ئیدارەی حکوومەتی کوردستان ...!. دواتر ئەم بۆچوونەوەیەمان بە نووسین بۆ بەرێز مەسعود بارزانی نارد، کە لە سەر بناغەیەك دامەزرابوو وناچارین لەم وتارەدا لایەنێکی گرنگی بڵاو بکەینەوە، ئەویش ئەوە بوو، کەوا باشترین هەڵوێست لەم بوارەدا وەك کۆمەککردن و هاوکارییەکی نەتەوەیی لەگەڵ حکوومەتی کوردستاندا ئەوەیە دەزگەیەکی تایبەت (بە وێنە وەزارەتێك یان رێکخراوێك بە نێوی دەزگەی کێشەی گەرمیان) لە حکوومەتی کوردیدا دابمەزرێت، بە مەبەستێك لاوان وچینی رۆشنبیری شاری کەرکووك تێدا رۆڵێکی تایبەت ببینن، بەڵام زۆر جێی

سەرسۆرمانمان بوو، کاتێك دەزگەکە بە نێوی (وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هەرێم) بە بێ ئاگاداری ئێمە هەر لە سەر هەمان پرینسیپی حیزبایەتی دامەزرا و بەرپرسەکانیشی هیچ پیوەندییەکی تایبەتییەتی یەکاوییەکی بە گیروگرفتەکەوە یان خەڵکی کەرکووکەوە نەبووبێت و نە پاشییەکی مێژوویی شاری کەرکووکیش بزانن و نە هیچ ئەنجامێکی نێگەتیڤی یەکسەرییان لەو کێشەوە بۆ مابێتەوە و نە لە کارەسەتە دلتەزێنەکانیدا ژیابن، بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەکیش پێوەندی بە کەرکووکییەکانیش بکەن، کە ئێمە هێژ لە سەدەی رابووردووەوە یەکێکین لە کۆنترین زەرەرپێکەییندراوی کێشەکەو ئەمرۆ هێژ لە ململانەیەکی گەورەداین بەرامبەر چارەسەرکردنی ئەو کێشە گرنگەی کوردستان بە داخەوە جموجۆلی ئەو وەزارەتە تەنیا بە رێی کەناڵە تەلەفیزیۆنەکان پێمان دەگات. هەرچۆنێك بێت، وای بە باش دەزانیین بزوتنەوەیەك تایبەت بە گەرمیانییەکان رێك بخرێت و سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە بە پرۆژەیەکی زانستانە چارەسەری گیروگرفتەکانی گەرمیان بکەن و ئەوا ئێمە چەندساڵێکە لە لایەن خۆمانەوە پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە، لە راستیدا بەرپەرچی ژیانێکی تراژیدیانەی کەسییەتی خۆمان و خێزانمانە، و لەم گووتارەماندا وای بە باش دەزانین، کەوا پێشدەست پێکردن بە چاککردنەوەی باری دیمۆگرافی و گەڕاندنەوەی خێزانە کوردەکان بۆ گەرمیان پێویستە لا بکەین بە دوو دیاردەی گرنگ لەم پرۆژەدا:

(١) هەر وەك لە یادمانە، لە نێوەراستی چلەکانی سەدەی رابووردا لە قەڵای کەرکووکدا دوو خوێندنگەی سەرەتایی هەبوو (مدرسة القلعة الإبتدائية)، کە لە ساڵی ١٩٤٩ی زایینیدا دابەشکرایە سەر دوو خانوو بە نێوی (مدرسة القلعة الإبتدائية الأولى و مدرسة القلعة الإبتدائية الثانية) و دووهەمیان لە بنەڕەتدا خوێندنگەی خریستیانان بوو، کە بە (الطاهرة) نێودار بوو، بەڵام خوێندکارەکانی (مدرسة القلعة الإبتدائية الثانية) تێدا دوای کاتژمێری ١٢ی نیوەڕەوان دەستیان دەکرد بە دەوام کردن. لە ساڵی١٩٤٧ — ١٩٤٨ی زایینییەوە تا کۆتایی دەورەی خوێندنمان لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینیدا لە خوێندنگەی (القلعة الأولى والثانية)دا چاومان بە خوێندکارێکی عەرەب نەکەوت، بۆیە خوێندکارە کوردەکان و تورکمانەکان سەرەڕای ئەوەی



کتێبەکانیان بە عەرەبی بوو روونکردنەوەی وانەکانیان لە لایەن مامۆستاکانەوە بە تورکمانی دەکرا، لەبەر ئەمە منداڵەکان بە گشتی بە زمانی تورکمانی گفتوگۆیان دەکرد و کوردەکان بێ فشارێکی سیاسی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی تورکمان بووبوون و باش بە زمانی تورکمانی لە وانەکان تێدەگەیشتن. کاتێك چووینە خوێندنگەی ناوەندی لە گەڕەکی موسەللا (متوسطة المصلى) کە دووهەم خوێندنگە بوو پاش (المتوسطة الغربية) دیسان بێجگە لە خوێندکارانی کورد و تورکمان کەسێکیدی لە عەرەب لێی دەوام نەدەکرد. لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینییەوە تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ی زایینی لەم خوێندنگەیە مابینەوە تەنیا لە پۆلی سێهەمدا خوێندکارێکی عەرەبمان بە نێوی (ضرغام) لێ پەیدا بوو، کە بە بۆنەی گواستنەوەی باوکییەوە وەك مووچەخۆرێك لە بەغداوە بۆ کەرکووك لە پاڵ ئێمەدا دەوامی دەکرد و لە هەفتاکاندا ضرغام بوو بە ئەندامی (القيادة القطرية) ی حیزبی بەعسی سەر بە سوریا پاشان ملی شۆڕکردو گەڕایەوە باوەشی بەعسی عێراق. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ — ١٩٦١ی زایینیدا کاتێك لە خوێندنگەی (ثانوية كركوك الرسمية)دا لە پۆلی چوارەم و پێنجەمی بەشی ئەدەبیدا دەوامان دەکرد، دوو خوێندکاری عەرەبی توندرەو، کە یەکێکیان خەڵکی راوە و ئەوی دیان خەڵکی کوبەیس بوو، بوونە هاو خوێندنمان و لەو دوو ساڵەدا (١٩٦٠ — ١٩٦١) زۆر گیروگرفتیان بۆ خوێندکارە کوردەکان نایەوە، مینا ئەو هەڵاّ هەڵاّیە کە بە بۆنەی و وتارێکمان سەبارەت بە سووتاندنی ٣٠٠ منداڵی کورد لە شاری عامودەی سوریادا، کە بە پێشنیازی مامۆستا محسن عبدالحميد سەرۆکی حیزبی ئیسلامی ئەمرۆ بۆ دەرسی (إنشاو)ی عەرەبیمان بە نێونیشانی (أين أنتِ يا هذه الحقيقة) ئامادە کردبوو پێشکەشی پۆلەکەمان کرد و زۆر لە لایەن مامۆستا محسن عبد الحميدەوە ستایش کرا.

جا بەرە بەرە، بە رێی گواستنەوەی مووچەخۆرانی عەرەب بۆ کەرکووك، کە لە کۆتایی چەرخی پاشایەتییەوە دەستی پێکردبوو و لە چەرخی جومهوریدا پەرەی سەندو گەیشتە ئەوپەری توندی لە دوای کودەتای بەعسییەکان لە ساڵانی ١٩٦٣و ١٩٦٨ی زایینیدا و باسکردنی حەقیقەتی کوردستانیەتی کەرکوك بە بەڵگە مێژووییەکانیشەوە

لای زۆربەی عەرەب خزێنرایە نێو قاڵبی داخوازییەکی شۆڤینستیانەو رەگەزپەرستانەی لاوانی کوردی کەرکووك، ئەوجا ئەمرۆ لە بۆ پشتگیریکردن لەم رووداوانە و پوچکردنی سیاسەت و درۆ و دەلەسەی توندڕەوە عەرەبەکان بەلای ئێمە پێویستی بە پشکنینی پێناسەو بەڵگەنامەوشەهادەو دیپلۆمەکانی سەرەتایی خوێندکارە عەرەبەکانی شاری کەرکووك و توز و کفری و خانەقین و مەندەلی دەکات هێژ لە سەردەمی چەرخی پاشایەتییەوە تاوەکو روخانی حوکمی حیزبی بەعس ساڵی ٢٠٠٣ زایینی، یان هیچ نەبێت لەو بەڵگەنامانە بکۆڵرێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٥٧ی زایینییەوە دراوە بە خوێندکارانی کەرکووك و لە کتێبی (مزاکرات الطبقجلی) ناومان بەتایبەت خرایە قالبی (انفصالی)، چونکە ئەم رێبازە پەیدا بوونی بنەڕەتی کێشەی تعریب لە گەرمیاندا بە گشتی رووندەکاتەوە و لە هەمانکاتدا شەهادەو دیپلۆمەکانی خوێندکارە کوردەکانی چەرخی مەلەکی و جومهوری لە شارەکانی گەرمیاندا دەشێن بکرێنە بەڵگە بۆ گەڕانەوەی خێزانەکانیان بۆ مەڵبەندی باوباپیرانیان.

(٢) وەك صدام حسین خەریك بوو بە هەڵکەندنی کەناڵێك نێوان کەرکووك و توزخورماتو و پرکردنەوەی ئەم کەنالە بە ئاوی زێی بچووکەوە و بە درێژایی ١٠٠کم زەوییەکانی هەردوو لای بە عەرەبی هاوردوو ئاوەدان بکات، هەروەك لە چلەکانی سەدەی رابووردوودا حکوومەتی مەلەکی عیراق ئەم سیاسەتەی لە حەویجەدا گەیاندە ئەنجام، هەروا وەك بۆچوونێکی سیاسی، کە توندرەوە بەعسیەکان بە تەما بوون یەکسەر شاری کەرکووك بە ناوچە عەرەبییەکانی خوار چیای حمرین ببەستنەوەو بە یاریدەی پول و پارە رێ بۆ حەوانەوەی هەزارەهای خێزانی عەرەبی عێراق و فەلەستینی و میسری لە دەوروبەری ئەم کەناڵەی گەرمیانەدا خۆش کەنەوە، ئەمرۆ بۆ ئێمەی کەرکووکی کۆچکراو وا پێشنیاز دەکەین کەوا کەس ناتوانێت رێمان لێ بگرێت ئەگەر لەسەر ئەو کەنالە گوندی خۆمان دروست بکەین و بە یارمەتی حکومەتی کوردستان لیژنەیەك ئامادە بکەین بۆ ئەوەی ئەندامەکانی ئەم لیژنەیە سەدەها کرێکارانی دەرکراوی کوردی کەرکووك وەك خاوەنی کێشەکە کۆبکەنەوە و لە بۆ پوچکردنەوەی ستراتیژییەتی عەرەبە توندڕەوەکان دەست بکەن بە تەعمیری



شاری کەرکووك و بە ئیرادەی خۆمان گەڕانەوەمان بۆ مەڵبەندی باو باپیرانمان مسۆگەر بکەین ، بیگومان هەر بە هێزی لاوانەکانمان و بە کولفەتێکی زۆر هەرزان دەتوانین ئێمەیش کەنالێك لە نێوان زێی بچوك تەنیشت شاروچکەی (پردێ) لە رۆژئاوادا و روباری خاسەی کەرکوك لە رۆژهەڵاتدا بە درێژایی ٣٥کم هەڵبکەنین و لە هەر دوو لای ئەم کەناڵەدا بە چاودێری چەند کۆمپانیایەکی بیانی جێینشینێکی بلۆکدار (وحدات سکنیة)ی و خوێندنگەو جێی دام و دەزگەی حکوومەتی کوردستان بینا بکەین بۆ ئەوەی بەرەبەرە دەزگەکانی ئەم حکوومەتە بگوازرێتەوە کۆمپلێکسێکی نوێی کەرکووك کە بە دەستێکی کوردی کەرکوك بینا بکرێت و لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەوە پێویستە ئەم کۆمپلێکسە بە ئوستان و شارەوانی شاری کەرکووك ببەسترێت بۆ ئەوەی هەموو دەرکراوەکان، بە تایبەت ئەو کەسانەو لەگەڵ خێزانیاندا، کە بەشداریان لە بینای ئەم پرۆژەیە دەکەن بە نرخێکی هەرزان تێدا بحەوێنەوەو بەلای ئێمە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کۆتایی بە کۆمەڵێك لە ئەنجامی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی صدام حسێن و دارودەستەکەی لە مێژوومانداد دێنێت و بالانسی دیموگرافیی دانشتووانی شاری کەرکووك دەگەڕێنێتەوە باری جارانی، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی باری ئابووری ئەو کوردانە کە لەم پرۆژەیەدا وەك کرێکار و موهەندس و وەستای بینا دەبووژێتەوە . ئەوجا لە لایەکیدیەوە دەتوانرێت روویەکی یاسایی بە زیادکردنەوەی دیاردەی ژمارەی کورد لە ناو شاری کەرکوکدا بدرێت و مافی کوردستانییەتی ئەم شارە بەو دیاردەیە لە بەڵگەنامەکانی جیهانیدا بچەسپێنرێت.

پاش بەدی هێنانی ئەم دوو پنتە لە سەر زەویدا، پێویستە چەند کارێك لە بۆ پێشخستنی باری ژیانی شارستانییەی کوردی کەرکووك بکرێت وەك:

(١) دابەشکردنی زەوییەکانی باکوری رێی کەرکووك و پردێ و راست و چەپی کەناڵەکەی خوار کەرکووك بە سەر جووتیارانی کەرکووکدا، بە تایبەت لە دەوروبەری گوندەکانی دارەمان وحصار و گۆڵدەرە تا دەگاتە تەق تەق ولە خواریشەوە لە مەفرەقی رێی بەغدا – تکریت تا دەگاتە دوز خورماتو بە هەڵکەندنی کەناڵی بچووك بچووك بۆ ئاودان کردنی ئەم زەویانە پاش ناشتنی داری بەبەر لەم دیو لەو

دیویاندا. ئەم بزووتنەوەی چاندنە وا دەکات جووتیارەکانی کوردستان بەرەبەرە باری ئابووری خۆیان چاکبکەنەوە و بۆ عیراقییەکانیش پێویست ناکات هیچیدی تەماتەو سێو لە ئێران و پورتەقال وترێ لە سوریا و لوبنان و گەنم و جۆ لە تورکیا بکرن، بەڵکو بە بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان دەتوانرێت پارەو سەرمایەکانی رابووردووی ئێمە لەم دەوڵەتانەی دەوروبەری عێراق بگەرێنرێتەوە.

(٢) دەست بکرێت بە دروستکردنی مەڵبەندی حەوانەوەی باڵندە و مریشك و ئاژەڵ و ماسی لە دەوروبەری ئەم کەناڵانەدا بە مەرجێك بناغەی پێوەندییە ئابوورییەکان لە دەست کوردی کەرکووکدا بمێنێتەوە.

(٣) کردنەوەی بازارێکی سەردەمانەی مۆدێرن لە(کۆمپلێکسی نوێی کەرکوك)دا بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی کوردی گەرمیان و کوێستان بە دەست کوردەکانی کەرکوك تێدا بفرۆشرێت.

(٤) دروستکردنی پەرلان (پەرتووکخانە) و موزەخانەو پەیکەر ومەزارگەیەك بۆ نێودارانی کوردی کەرکوك لە کۆمپلێکسەکەدا.

(٥) کۆکردنەوەی پسپۆران و کرێکارە کوردەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، کە لەبەر کوردێتیان لەو کۆمپانیایە لە شەستەکانی سەدەی رابوردوودا دەرکران و هەوڵ بدرێت سوود لە پاشەکیان وەربگیرێت و لە بوجێتی کۆمپانیاکە تقاعودیان بۆ ببردرێت، کە بەعسییەکان ئەم بوجیتە بۆ نیو سەدە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە .

(٦) لەبەر چاککردنەوەی باری ئابووری وکۆمەڵایەتی دانیشتووانی کەرکوك پێوەندی بەو خێزانە تورکمانانە بکرێت، کە لە بنەڕەتدا کوردن و چەند دەزگەیەکی رۆشنبیریان بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ دەربارەی مێژووی کورد وچەمگی میللیەت و پێوەندی مرۆڤایەتیان بە باوباپیریانەوە بۆ بکرێتەوە.

(٧) وەك ئەوەی خریستیانانی کەرکووك کە گۆرستانێکی تایبەتی خۆیان هەیە وا پێشنیاز دەکەین کوردەکانیش بە پێی داب و نەریتی کوردەواری و بە دەستنووسی کوردی گۆرستانێکی سەردەمانە بۆ خۆیان دیار بکەن.



(٨) فراوانکردنی کاری ئەرکیۆلۆژی لە کەرکوك و دەوروبەریدا لەگەڵ گۆڕینی نێوە بە تورك کردوو (تتریك) و تەعریبکراوەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ بنەرەتی مێژوویی نێوە کوردییەکانی خۆیان و پاڵپشتیکردنی لەو زانا و پسپۆرانە، کە لەم بوارەدا کار دەکەن.

(٩) دروستکردنی زانکۆیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو وانەو بابەتانە، کە پێوەندیان بە کورد و کوردستانەوە هەیە.

(١٠) کردنەوەی پیشانگەی ئەتنۆگرافی ساڵانەی کورد لە هۆڵێکی رۆشنبیریدا.

لە کۆتاییدا هیواداریین ئەم پێشنیازانە بخرێنە پێش چاوی لێپرسراوانی کورد و دەربەدەرکراوەکانی گەرمیان و مەبەستیشمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بێجگە لە خزمەتێکی پاکی نەتەوەییماندا هیچیی دی نییە.

**دوکتۆر**

**جمال رەشید ئەحمەد**

پسپۆری مێژووی رۆژهەلاتی کۆن

هۆلەندا ٢٠٠٧ز